# خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە دوکتۆر حوسەین خەلیقی



دوکتۆر خەلیقی و خوشکە شانازی هاوژیانی، لە یادی دوکتۆر خەلیقی دا 2014/12/20 ، پێشمەرگەکان

ئێوارەی ڕۆژی شەممە 20.12.2014 لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی یە کوردستانی یەکان و نوێنەری لایەن و ڕێکخراوە سیاسی یەکان کۆڕێکی شایستە بۆ ڕێزلێنان لە بیرمەند و ڕۆشنبیری کورد دوکتۆر حوسێن خەلیقی لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێزلێنان لە د. خەلیقی بەڕێوە چو. لە کۆڕەکە دا لە لایەن بە شێک لە بەشداربوانەوە وتار، بیرەوەری، هەڵسەنگاندنی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکادمیکی د. خەلیقی هەڵسەنگێندرا. پەیامێکی زۆر لە ئێران، کوردستان و ئوروپا بۆ ئەو مەبەستە هاتبو کە لە بەر نەبوونی کات ئیمکانی خوێندنەوەیان نەبو. هەروەها چەندین چەپکە گوڵ لە لایەن تاک و لایەنەکانەوە پێشکەش بە دوکتۆر و بنەماڵەکەی کرا. بەرنامەی ڕێزلێنانەکە بوە هۆی دڵگەرمی بەشداربوانی کۆڕەکە و کومیتەی بەڕێوەبەری کۆڕەکە سوپاسی ئامادەبوان بە تایبەت ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای دورەوە هاتبون و ئەو کەسانەی کە هاوکارمان بون دەکا. ئێمە لە ڕۆژانی داهاتودا ناوەرۆکی وتار، پەیام و ئاخاوتنەکان بڵاو دەکەینەوە.

ئەوەی خوارەوە ناوی ئەو کەس و لایەنانەیە کە پەیام و چەپکە گوڵیان ناردبو وە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە داهاتوودا ناوەرۆکی پەیامەکان بڵاو ئەکەینەوە.

لە گەڵ ڕێزی کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێزلێنان لە د. حوسەین خەلیقی

- کاک بابا عەلی مێهرپەروەر - کەسایەتی سیاسی و کادری دێرینی ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات

- کاک سارم خان سادق وەزیری - کەسایەتی دیاری شاری سنە و شایەد حاڵی سەردەمی کۆماری کوردستان

- کاک ئەمیر قازی - کەسایەتی نەتەوەیی و سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

- کاک سدیق بابایی - کەسایەتی سیاسی و نوسەر

- ماموستا مەزهەری خالیقی، هونەرمەندی ناوداری کورد و بەرپرسی ئەنیستیتۆی کەلەپوری کورد لە سلێمانی

- خانمی سیمین چایچی - نوسەر و هەڵبەست وانی شاری سنە

- کاک جەلال مەلەکشا - شاعیری مەزن و ناسراوی شاری سنە

- دوکتور عەبدوڵڵا ئەبریشەمی - نوسەر و کەسایەتی سیاسی و زاوای قازی موحەممەد، دانیشتووی تاران

- دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ - پڕۆفسۆری زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی

- دوکتور جەلال جەلالی زادە - نوێنەری پێشووی شآری سنە لە مەجلیسی ئێران و چالاکی بواری فەرهەنگی و دانیشتووی تاران

- دوکتور ڕەحیم فەرهمەند - کەسایەتی سیاسی و سەرۆکی بەرەی یەکگرتووی کورد

- دوکتور تاهیر حیکمەت - خوێندکاری زانکۆی تەورێز لە سەردەمی مامۆستایەتی د. خەلیقی و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان

- کاک ڕەحیم موحەممەد زادە - خوێندکاری زانکۆی تەورێز و خوێندکاری د.خەلیقی

- کاک تاهیر عەلیار - خوێندکاری زانکۆی تەورێز لە سەردەمی مامۆستایەتی د.خەلیقی

- کاک یوسف ئەردەڵان - کەسایەتی سیاسی شاری سنە و دانیشتووی وڵاتی فەڕانسە

- کاک برایم فەڕشی ـ نوسەر، شانۆنووس و هەڵگری فیلمێکی دیکۆمێنتی لە د. خەلیقی و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان

- کاک ڕەحیم ڕە شیدی ـ ڕۆژنامە نووس و چالاکی سیاسی دانیشتووی ئەمریکا

- کاک ڕەشید حەیدەری / کەسایەتی سیاسی

پەیامی لایەنەکان:

- کومیتەی زمان و پەروەردەی کۆما جڤاکێن کوردستان ک.ج.ک لە قەندیل

- ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نەرویژ

پارتی سەربەخۆیی کوردستان-

- کومیتەی نورویژی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران

- کومیتەی نورویژی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان

- پارتی دیموکراتی کوردستان / لیژنەی ناوچەی نەرویژ

- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان / کۆمیتەی نەرویژ

- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

- پارتی سەربەستی کوردستان / کۆمیتەی نەرویژ

- پارتی سەربەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

www.peshmergekan.com

سەرجەم وتار و پەیامەکان

وتاری دەستپێکی کۆڕەکە لە لایەن هادی سۆفی زادە:

ئامادە بوانی بەڕێز، خوشک و برایانی بەڕێز، ئەمشەو خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە کۆڕێکی ئاوا بە شکۆ کە بۆ خاوەن شکۆی نەتەوەکەمان کاک دوکتور حوسەینی خەلیقی ئامادە کراوە قسە ئەکەم. قسە لە سەر مەڕجەعێکی میللی، مەسلَحێکی میللی، موخلسێکی میللی وە سەرمایەیەکی میللی. بەم بۆنەیەوە لە لایەن خۆم و تێکڕای دۆستانم لە کومیتەی ئامادە کاری کۆڕەکە سلاوو سوپاس و پێ زانینی خۆمانتان بۆ بەشداری لەم کۆڕەدا ئاڕاستە دەکەین

ئەمەوێ قسەکانم بە قسەیەک لە سەر ئەنیشتەین کە کاتی خۆی لە جێگایەکدا خوێندومەتەوە کە دەڵێ، ئەنیشتەین کەسێک بوە کە سەرەڕای زانستێک کە لێی بەهرەمەند بوە مرۆڤێکی سادە زیست و خاکی بوە. دۆستانی ئەنیشتێن بەردەوام گازندەی ئەکەن کە بۆ بە خۆیا ڕاناگات و جلوبەرگی جوان ناپۆشێ، هەر جار ئەنیشتەین دەڵێت، چ پێویست دەکا جل و بەرگی جوان لە بەر بکەم، هەمو خەڵک من ئەناسن و ئەزانن من کێم. وا ڕێ ئەکەوێت کە ئەنیشتەین سەفەری وڵاتێکی دیکە ئەکا و دۆستەکانی پێی ئەڵێن ئیستا کە ئەڕۆیی بۆ وڵاتێکی دیکە جل و بەرگی جوان لە بەر بکە. لە وڵامدا ئەڵێت، چ پێویست دەکا جلو بەرگی جوان لە بەر بکەم، من ئەچم بۆ وڵاتێک کە لەوێ کەس من ناناسێت. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم قسە ئەوەیە کە خەلیقی لە هەر جل و بەرگێکدا بێت بۆ خەڵکەکەی ناسراوەو پێویستی بە ناساندن نیە وە مەبەستی ئەم کۆڕەی ئێمەش نە ناساندنی دوکتور خەلیقی، نە کیشی شەخسییەتی دوکتور خەلیقی وە نە موجامەلەی بەڕێزیانە. بەڵکو هەر وەک لە ناوی کۆڕەکەدا دیارە، تەنیا ڕێزو وەفایەکە بۆ تەمەنێک هەوڵ و ماندوبوونی بەڕێزیان لە پێناو نەتەوەکەیاندا. هەر چەند لێم ڕوونە کە ئەم کۆڕەی ئێمە ناتوانێ یەک لە سەدی مافی د. خەلیقی ئەدا بکات. بۆیە داوا لە کاک دوکتور خەلیقی دەکەم کە بە دڵ فرەوانییەوە لە کەم و کوڕییەکانمان ببورێت .

سەعاتێک پێش ئیستا پەیامی شیرینی کاک سارم خان سادق وەزیرم ئە خوێندەوە کە بۆ کۆڕەکەمانی ناردوە و دوایی بە ئاگاداریتان ئەگات. نوسیویەتی: " خەلیقی ئەو دارە بە بەهرەیە کە لە پڕ بەهرەیی خۆی سەری ناوەتە سەر عەرز " بەڵام لای من خەلیقی وەک دارێکی هەزار ڕیشە وایە کە هەزار و یەک پەل و پۆی لێ بوەتەوەو کۆکردنەوەی ئەو هەمو پەل و پۆیانە نە کاری من، نە کاری کۆڕێکی لەم چەشنەیە. بۆیە من ئەمەوێ هەمو پەل و پۆکان بە جێ بێڵم تەنیا لە سەر تەنەی دارە کە قسە بکەم. بۆ ئەم مەبەستە ئەمەوێ لەم چەند دەقیقەدا کە هەمە، هەمو ئەو پێشگر و پاشگرانە کە بە کاک دوکتور خەلیقی یەوەیە لێ

بکەمەوەو تەنیا لە سەر " ابهت " و کەسیەتی کاک حوسەین خەلیقی قسە بکەم . هەر لێرەوە سوننەت شکەنی ئەکەم و وەک خەلیقی ناوی ئەهێنم.

ئەڵێێن مرۆڤی گەورە هەمیشە لە ویژدانی خۆیدا خۆی لە دەوروبەریانی بە بچوکتر ئەزانێت . من ئەم گەورەییەم لە ذاتی خەلیقی دا بە جوانی بەدی کردوە. بەو مانایە کە خەلیقی سەرەڕای عیلم و زانستێک کە هەیەتی هیچ کات لە سەرەوە خۆی پێناسە نەکردوە، بە واتایەکی دیکە لە سەرەوە بۆ خەڵکی خۆی ناڕوانێ. کاتێک مرۆڤ ژان و ژیانی خەلیقی ئەخوێنێتەوە تێدەگا کە لە ناو ئەو هەمو زەدوبەندی سیاسی و قواعدی تەشکیلاتیدا تەنیا تەکیەگای خەلیقی توێژی خواری کۆمەڵگاکەی بوە. ئەگەر ئەمشەو قەرار بوایە دو مەراسمی لەم چەشنە بۆ خەلیقی ئامادە بکرایە، لە یەکیان کۆمەڵێک دوکتور و ئاکادمسێن و هاوترازی خۆی لەوێ بونایەو لە کۆڕەکەی دیکە ئێمە بوینایە کە بەم فرە ڕەنگی و ( مولٚتی کالێڕ ) کە هەمانە و خەلیقی یان سەرپشک کرادیە کە بۆ کامیان دەچیت، دڵنیام کە خەلیقی بە دەرەجەی یەکەم کۆڕەکەی ئێمەی هەڵئەبژارد .

بۆ ئەم بژاردەیەی خەلیقی زۆر شتی لە دەست داوە، هەر وەک ئەگەر خەلیقی خۆی لە خەڵکەکەی دور بگرتایە، زۆر شتی بە دەست ئەهێنا. خەلیقی ئەگەر لە وڵاتی خۆی بمایەتەوە، هەر لە ناو ساختارە سەقەتەی حاکمییەتی ئێراندا بە لە بەر کردنی کراسێکی یەخە ئاخوندی، لە خراپترین حاڵەتدا وەزیرێک بو، لە خراپترین حاڵەتدا نوێنەری شارەکەی لە مەجلیس دەبو، لە خراپترین حالەتدا مامۆستای زانکۆکەی خۆی ئەمایەوە، لە هەرە خراپترین حاڵەتدا ماڵێک و ماشینێکی ئەبو وە ژیانی ئاسایی خۆی ئەکرد، بەڵام خەلیقی لە جیاتی ئەوانە شانی دایە ژێر باری گرانی کوردایەتی و لاپەڕەیەکی زێڕینی بە مێژووی پڕ لە سەروەری نەتەوەکەی زیاد کرد .

لە مێژووی نە زۆر دووری بیرمەندان و زانایانی گەلی کورد دەبینین کە نوخبەگانی کورد بە دو ڕێگەدا هەنگاویان ناوە. ڕێگەی یەکەم ئەوەیە کە خەلیقی هەنگاوی ناوەو و خزمەتی بە نەتەوەی خۆی کردوە بەڵام زانایانی ڕێگەی دووهەم تواناییەکانی خۆیان خستوەتە خزمەت فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەی داگیرکەر، ئەگەر نمونە بهێنمەوە ئەتوانم ناوی هەر دو مەرحوم موحەممەدی قازی و ئیبراهیم خانی یونسی بە نمونە بێنمەوە کە تا دواهەناسەکانی ژیانیان خزمەتیان بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی کرد بەڵآم کاتێک لە تاران مردن مەرگێکی زۆر غەریبانەیان هەبو، مەرگێکی زۆر غرمگینانەیان هەبو. لە تارانی ١٥ میلیۆنیدا کەمتر لە ٥٠ کەس لە سەر جەنازەکانیان حازر بون، بەڵام هەر ئەوانە بە هاتنەوەی جەنازەکانیان بۆ کوردستان دەیان هەزار کەس لە پێشوازی جەنازەکانیان بوون. ئەوە دەرسێکی گەورەیە کە دەبێ هەر مرۆڤی ئاسایی کورد تا هەر بیرمەندێکی کورد بیزانێت. وە ئەگەر قەرار بێت بۆ بیرمەندی نەتەوەیی ئولگوبەرداری بکرێت، لام وایە دەکرێت خەلیقی بە ئولگوی بیرمەندان و خاوەن نەزەرانی نەتەوەکەمان دابندرێت .

خەلیقی  یەک لەو پەنجە ژمێرانەی کوردە کە خاوەنی تەخەسوس و زانستی لە سەر ئیسلام و ئەدیان هەیە. دەزانین دین لە لایەن دوژمنانی کوردەوە وەک کەرەستە بە دژی نەتەوەکەمان بە کار هاتوە و خەلیقی لەم سەنگەرەدا بەرگری لە نەتەوەکەی کردوەو وشیاری بە گەلەکەی بەخشیوە. جگە لە تەخەسوسی خۆی،  خەلیقی لە بواری سیاسییەوە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست، وشیار و بە تەواوی مانا کوردپەرەوە. ئەگەر لە سەر تەوزیح دان لە سەر بواری سیاسی خەلیقی خۆ ببوێرم، ئەمەوێ بە هێنانەوەی دو نمونە مەبەستی خۆم بگەیەنم. چەند ساڵ پێش ئیستا کاتێک کوردێکی لە چێژی کورد بون بێ بەری وەک دوکتور محمد عەلی مێهرئاسا لە هەوڵێکی ناشرین دا ویستی کەسایەتی پێشەوا قازی موحەممەدی ڕەش بکات، لە ناو موددەعیانی ڕێبازی قازی موحەممەد تەنیا دوکتور خەلیقی بو کە بە وڵامی شیاو شەرمەزاری کرد. نمونەیەکی دیکە کاتێک کەسێکی وەک داریوشی همایون سەرۆکی ئەوکاتی حیزبی مەشروتەی ئێران لە دیمانەیەکی تەلەفزوێن ئەیویست بە ئیستفادەی ئەبزاری کە بنەماکانی مافی مرۆڤ ویستی نەتەوەیی ئێمە کەم ڕەنگ بکاتەوە خەلیقی بە زمانێکی سادە پێی وت ئەو مافی مرۆڤە کە ئێوە باسی ئەکەن ، من خۆم کتێبەکەیم تەرجومە کردوەتەوە. دۆستان ئەگەر خەلیقی شەوو شەونخونی بە کتێبێکی واوە نەکێشایە، ئەو حازر جوابییەی نەدەبو کە چێهرەیەکی شوینیستی ئێرانی شەرمەزار بکات. بۆ مرۆڤێکی سیاسی بەر لە سیاسی بوونی وشیاری سیاسی گرنگە. دوکتور خەلیقی ئەو کەسە وشیارەیە کە ئەگەر تەرەفەکەی - چ دۆست چ دوژمن - زمان بکاتەوە ئەو لەوسەرییەوە دێتەوەو ئەزانێ ئەڵێ چی. کاتێک کەسێکی مەعلوم الحالی وەک عیرفان قانعی فەرد ویستی لە ژێر لەوای موساحبەدا بەڵام بۆ مەبەستی چەواشەکارانە لە سەر بیرو ڕامانی د. خەلیقی ئەچێتە لای، خەلیقی لە مەبەستی تێ ئاگا و مەجالی پێ نادات. ئەوە لە کاتێکدا بو کە هەر ئەو فەردە لە چەند ساڵی رابردوودا، زۆر کەسایەتی بە ناوو دەنگی وەک ئەبولحەسەنی بنی سەدر سەروک کۆماری پێشووی ئێڕان، فەرەحی پەهلەوی ژنی شای ئێران، عەباس مەعروفی نوسەری مەعروفی ئێڕانی، کاک سارم خان سادق وەزیری کەسایەتی وەجیهول میللەی گەلی کورد و مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە تێکوشەر و خۆشەویستی نەتەوەکەمانی خستبوە داوی خۆیەوە قسەکانیانی چەواشە دەکرد، بەڵام ویستی ئەو کارەش لە گەڵ خەلیقی بکات بەڵام نەیتوانی. بۆیە ناوی ئەو کەسانەم هێنا، چونکە هەموی ئەوانە کاتی خۆی ڕۆنکردنەوەیان لە سەر چەواشەکارییەکانی قانعی فەرد داوە. ئەوانە تەنیا چەند نمونەیەکن کە من خۆم شاهیدیان بوم .

کاتێک باس لە خەلیقی دەکرێت ناکرێ باسی ژیانی حیزبایەتی بەڕێزیان نەکرێت، لەوانەیە لە جێی خۆێدا نەبێت بەڵام ئەگەر بمەوێ ژیانی حیزبایەتی خەلیقی پێناسە بکەم، مەجبورم خەلیقی بە جەعبە یەکی گەوەرە تەشبیە بکەم کە بتەوێ بیخەیتە ناو جەعبەیەکی بچوکتر لە خۆی، ئەم کارە ئیمکانی نیە مەگەر ئەوەی کە جەعبە گەورەکە بچەمێنیتەوە یا بینوشتێنیتەوە. د. خەلیقی بۆ ئەوی بچێتە ناو جەعبە بچوکە ، خۆی چەماندبوەوە یا نوشتاندبوەوە . بەڵام خەلیقی بە هاتنە دەری لە ژیانی حیزبایەتی خۆی بو بە حیزب، بو بە حیزبێکی کوردستانی. بۆ بە مەڕجەعێکی کوردستانی، بۆ بە مڵکی هەمو گەلی کورد.

لایەنێکی گرنگی ژیانی حیزبایەتی خەلیقی کە کەمتر گرنگی پێ دراوە ئەوە یە کە خەلیقی خەڵکی ناوچەی ئەڕدەلانە، ناوچەیەک کە بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی کوردستان شارنشینی و مەدەنییەت زیاتر جێ کەوتوە. ئەگەر وادابنێین خاڵی لاوازی حیزبی دیموکڕات ئەو حیزبەی کە خەلیقی تیای ئەندام بوە، نەبونی پێگەی پێویستی سیاسی و جەماوەری لە ناوچەی ئەرەدڵان بوە، بە وجوودی خەلیقی ئەو لاوازییە نەک هەر نەئەبیندرا بەڵکو ئەگەر حیزبی دیموکڕات بخەیتە ٢ تای ترازوێەک و ئەڕدەڵان لە لایەک و بەشەکانی یکە لە لایەک، گرانایی کەففەی ترازوەکە بە لای ئەردەڵآن دا ئەشکایەوە. .

بێ گومان هەر کام لە ئێوە زۆر یا کەم شارەزاییتان لە سەر تایبەتمەندییەکانی دیکەی بەڕێزیان هەیە کە من لێی بێ ئاگام. ئیعتراف ئەکەم تا ٢٤ سەعات پێش ئیستا کە ئەو پەیامانەی کە بۆ کۆڕەکەمان هاتوون نەم خوێندبوەو خەلیقیم وەک پێویست نە ناسیبو. بۆیە لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەمو تایبەتمەندی و سفاتە بەرزانەدا بە باشمان زانی کە پەیامی خۆمان بە خەلیقی بدەین کە ڕەنج و ماندوبوونی بەڕێزیان لای ئێمە نرخی هەیە، کوردگوتەنی قەدری زێڕ لای زەڕینگەرە. ئێمە خۆمان وەفادار بە کەسایەتی ئێوە دەبینین چونکە ئێوە بە نەتەوەکەتان وەفادار بوون. ئێمە خاوەندارییەتی لە بەرهەمەکانی ئێوە دەکەین چونکە ئێوە بە بەرهەمەکانتان خاوەندارییەتیتان لە نەتەوەکەتان کردوەو دەیکەن، ئێمە بە وجوودی ئێوە سەرفرازاین چونکە ئێوە بە وجوودی خۆتان میللەتەکەتان سەرفراز کردوە. هەر بۆیە دوکتوری هێژا، دەڵێین سەرفرازت کردین کە دەعوتی ئێمەت بۆ ئەم کۆڕە قبوڵ کرد، بەخێر بێیت سەر سەرو سەرچآوان، هەر بژیت بە شادی و تەندروستی، هەر بژیت بۆ گەل و نەتەوەکەت.

هادی سۆفی زادە

..............................

پەیامی کاک سارم خان سادق وەزیری

کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێزلێنان لە دوکتور حوسەین خەلیقی، خوشکان و برایانی بەڕێز!

زۆر بە داخەوە کە  بە هۆی چونە سەری تەمەن و نەبوونی دەرەتانی سەفەر لەم یادە شیرینەدا بێ بەش ئەبم. ئەم هەوڵەی ئێوە جێگای پێ زانینە و بۆیە  داوای لێبوردن ئەکەم و بە نۆرەی خۆم بەم جۆرە دەینی خۆم ئەدا ئەکەم:

لە پێوەند لە گەڵ ئەدای ڕێزگرتن لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لە گۆشە نیگای جۆراوجۆرەوە لایەنی بەرزی ژیانی هەر کەسایەتیێکی کۆمەڵایەتی بخرێتە بەرچاو. سەرەتای دۆستایەتی من لە گەڵ دوکتور حوسەین خەلیقی بۆ پەنجا ساڵ پێش ئیستا ئەگەڕێتەوە . ئەوکات ئەو لە شاری " ری " مامۆستا بو وە بە بۆنە گەلێکەوە کە خۆیشیان لە بیرەوەرییەکانیاندا نوسیویەتی لە گەڵ من ئاشنا بو. سەبارەت بە کێشەگەلێک کە پێش ئەهات ڕاوێژی لە گەڵ من دەکرد. لە قسەکردنی نێوانماندا تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی ئەوم ناسی. سەرەڕای گەنجی ئەرک و بەرپرسایەتی خۆی بە جوانی دەزانی.

د. خەلیقی مرۆڤێکی خۆ دروستکەر بو، وە بە باوەڕ بە خۆبوون دەیویست قۆناغی خوێندکاری تێپەڕ بکات و بە جیددیەتەوە دەیخوێند. ئاوابو کە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاو گرفتێکی زۆری دەهاتە سەر ڕێگا و سەرئەنجام لە هێڵی زانستی خۆی بەرزترین پلەی زانستی بە دەست هێناو لە کاری مامۆستایەتیدا قۆناغی تەرەقی بڕی و بەرزترین ئاستی مامۆستایەتی بە دەست هێنا. بەڵام سەرەڕای ئەو هەمو پێشکەوتنانە لە دۆستایەتییدا پابەند مایەوەو لە خۆ بایی نەبو. هەروەها سەرفراز و " متواضع " مایەوە. وە یەک لە ناوەرۆکی ئەم بەیتە بو: " نهد شاخ پر میوه سربە زمین."

کاتێک خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دژی ڕژیمی دیکتاتۆری و پۆلیسی بەهێز بو وە کوردستان پێشەنگی ئەو خەباتە بو، دوکتور خەلیقی ئاگاهانە و بێ ترس و دڵە ڕاوکێ لە ڕیزی خەباتکاراندا پێگەیەکی گرنگی هەبو و بە هێچ جۆر لە فکری پاراستنی بەرژەوەندی ئیداری خۆیدا نەبو .

بنەماڵەی بەڕێزیان لە یەکەمین بنەماڵەگەلێک بوون کە بۆ بە دەست هێنانی مافی نەتەوەی کورد وە ئازادی و دیموکڕاسی و گەشەی کۆمەڵایەتی شەهیدیان دا. ئەم زامە گڕگانی خەباتی لە دڵی خەلیقیدا بڵێسەدارتر و گەشاوەتر کرد و شەهامەت و لە خۆبوردوویی ئەوی دوقات کرد. لەم پێوەندییەدا بیرەوەرییێک ئەگێڕمەوە: ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری دەیویست حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەر چاو نەگرێت. بە خەیاڵی خۆیان بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕش زۆر شآندی یەک لە دوای یەکی بۆ کوردستان ئەنارد و یەک لەوان ناردنی شاندێک بە سەرۆکایەتی دوکتور ئیسماعیل ئەردەڵان بۆ شاری سنە بو. من بەڵگەی لە

قاودانی  پیلانگێڕی شاندەکەم لە ڕێگای هەمیشە زیندوو عەبدوڵڵا بابان بۆ کوردستان ڕەوانە کرد، دوکتور خەلیقی کەسێک بو کە بە شەهامەت و بوێرییەوە لە مزگەوتی گەورەی شار هەستایە سەر پێ و بەڵگەکانی خوێندەوەو دوکتور ئەردەڵانی شەرمەزار و مەجبور بە ڕاکردنی کرد.

د. خەلیقی نوسەرێکی بە توانا لە زمانی کوردی دایە وە نوسراوەکانی شاهیدی ڕاستی ئیددیعاکەی منە. ئەو یارمەتی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوسەرانی دیکەش داوەو لەم بارەوە دریغی نەکردوە.

بە هۆی کۆچبەر بوونی ئیجباری من بۆ دەرەوەی وڵات لە یەک دابڕاین و من ئاگاداری خەباتی حیزبایەتی ئەو نەمام. جێگەی خۆیەتی لێکۆڵەرەوانی گەنج لە بارەی قۆناغی ژیانی سیاسی دوکتور خەلیقی دەست بە کار ببن و لێکۆڵینەوە بکەن و بە دیققەت و موشکافانە و بێ لایەنانە هەڵوێستی سیاسی ئەو بخەنە بەر باس .

بە کورتی ڕێز و حورمەت بۆ کەسایەتییە زانستی و سیاسی یەکانی  کوردستان ئەرکی هەمو ئۆگرانی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەی کوردە. لە ڕێگای دورەوە دەستی بە گەرمی دەگوشم و چاوی ماچ دەکەم و هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی و بەختەوەری بۆ دەخوازم

سارمەدین سادق وەزیری

دەقی پەیامی بەڕێزیان بە زمانی فارسی

کمیته برگزار کننده ادای احترام به دکتر حسین خلیقی،

خواهران و برادران گرامی، بسیار متاسفم که به جهت کهولت سن و عدم امکان سفر از حضور در مراسمی که برگزار می کنید محرومم. با تقدیر از ابتکار انسانی شما، بدین وسیله عذر تقصیر می خواهم و بسهم خود، هر چند ناچیز بدین وسیله ادای دین می کنم:

درباره ادای احترام به شخصیتهای اجتماعی از زوایای مختلفی باید نکات برجسته زندگی شخصیت اجتماعی مورد مداقه قرار گیرد. ابتدای آشنایی من با دکتر حسین خلیقی به پنجاو چند سال پیش بر می گردد. آن زمان ایشان در شهر ری آموزگار بودند و به مناسبتی که خودشان در خاطراتشان نوشته‌اند با من آشنا شدند و درباره مشکلاتی با من مشورت می کردند، در گفتگوهایی که باهم داشتیم من به خصوصیات اخلاقی ایشان پی بردم. با وجود جوانی به وظایف خانوادگی دل بستگی داشتند و نسبت به زن و فرزند احساس وظیفه می کردند.

دکتر خلیقی انسانی خود ساخته بودند و با اتکا به نفس خویش می خواستند دوران طلبه‌ای را پشت سر بگذارند و باجدیت به تحصیلات خود ادامه دهند، چنین بود که بر سر پای خود استوار ایستاد و مشکلات عدیده‌ای را از سرگذراند و در رشته تخصصی خود واجد عالیترین درجات علمی

شد، و در کار تدریس نیز مراحل ترقی را پیمود و به بالاترین مقام آموزشی نائل گردید. اما در همه حال و با وجود این پیشرفتها در دوستی استوار ماند و دچار غرور نگردید و در عین حال سر افرازی متواضع ماند و یکی از مصادیق واقعی این مصرع بود: نهد شاخ پر میوه سر بر زمین.

وقتی مبارزات سیاسی و اجتماعی علیه رژیم دیکتاتوری و پلیسی اوج گرفت و کوردستان پیشتاز این مبارزات بود، دکتر خلیقی آگاهانه و بدون بیم و هراس در صف مبارزان جایگاه خاصی یافت و مطلقا در فکر موقعیت اداری خود نبود. خانواده وی از نخستین خانوادههایی بود که در راه احقاق ملت کورد و آزاد و دموکراسی و پیشرفت اجتماعی شهید دادند. این داغ آتش فروزان مبارزه را در روح و جان او شعلهورتر ساخت و شهامت و از خودگذشتگی او را دو چندان کرد، در این باره به نقل یک خاطره اکتفا می کنم: رژیم جمهوری اسلامی از همان روزهای نخستین می خواست احزاب و سازمانهای کوردی را ندیده بگیرد و به خیال خود برای فرونشاندن آتش مبارزاتی، هیئتهایی را پشت سر هم به کوردستان می فرستاد، از جمله هیئتی را به ریاست دکتر اسمعیل اردلان روانه سنندج ساخت. من اسناد افشاگرانه درباره رئیس هیئت را بوسیله زنده یاد مهندس عبدالله بابان به کوردستان فرستادم، دکتر خلیقی کسی بود که با شهامت و دلاوری در مسجد جامع به پا خواست و این اسناد را قرائت کرد و دکتر اردلان را ناگزیر به فرار ساخت.

دکتر خلیقی نویسندهای چیره دست به زبان کوردی است و نوشتههای او گواه صادق این مدعاست، او به چاپ و انتشار آثار نویندگان دیگر کمک می کرد و در این باره نیز از ایفای وظیفه دریغ نداشت.

به علت مسافرت اجباری من به خارج از کشور ارتباط ما قطع شد و من دیگر در جریان مبارزاتی حزبی او نبودم. جا دارد پژوهندگان جوان درباره رویدادهای زندگی سیاسی دکتر خلیقی به تحقیق بپردازند و با دقت و موشکافی و بی طرفی مواضع سیاسی او را مورد بحث قرار دهند.

خلاصه کلام اینکه ادای احترام به این شخصیت علمی و سیاسی کوردستان وظیفه همه علاقهمندان به جنبش ترقی خواهانه ملت کورد است. از راه دور دستش را به گرمی می فشارم و رویش را می بوسم و برایش طول عمر همراه با سلامتی و آرامش خاطر مسئلت دارم.

صارم الدین صادق وزیری

..........................

پەیامی کاک مەزهەر خالەقی:

بەڕێزان، ئەندامانی کومیتەی ڕێزلێنان لە دوکتور حوسەین خەلیقی و سەرجەم بەشداران:

ڕێزلێنان و بایەخ دان بە بەها فەرهەنگیەکان، نیشانەی شارستانییەت و بیرمەندی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەکە. ڕابردوو ئەمڕۆی دوکتور حوسەین خەلیقی پڕە لە خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی کە جێگای پێ زانین و ڕێزلێنانە.

دەست خۆشی بۆ ئێوەو پیرۆزبایی لە کاک دوکتور خەلیقی

مەزهەر خالەقی

.....................................

پەیامی کاک باباعەلی مێهرپەروەر:

بەرێزان ئەندامانی کومیتەی بەرێوەبەری کۆڕی رێزگرتن لە کاک دوکتور خەلیقی!

بەشدارانی هێژا و زێدە ئازیز!

زۆرم پێ خۆش بوو کە لەو کۆڕە بێخەوش و بێ ریادا لە تەنیشت و لەگەڵتان بوایەتم. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی ئەو مەجالەم بۆ نەرەخسا و لە دیدار و شادبوونەوە بە بینینی روخسارتان کە زیندووکەرەوەی بیرەوەرییە خۆشەکانی سەردەمی هاوخەباتیمان لە بەستێنێکی پڕ لە سەروەریدا بوو، بێبەش بووم .

ئێوە لێرەدا بەمەبەستی رێزگرتن لە پێشینەی خەبات و تێکۆشانی مرۆڤێک کۆ بوونەتەوە کە هەر وەک خۆی لە پێشەکی کتێبی جیهانی سووفیدا نووسیویەتی" بۆ کەسێک کە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە گوندێکی بچووکی کوردستان [رۆژهەڵات] بەناوی "ماسان" خۆی گەیاندە سەر کورسی زانکۆ" بەڵێ ئەو گوندنشینەی تامەزرۆی زانست و زانیاری بەدوای وەرگرتنی دوکتوراکەی، بەکۆڵەبارێکی زانستی فەلسەفی، کۆمەڵایەتیەوە گەرایەوە نێو جەرگەی ژیان و قوڵی خزمەت بە گەلە بەشخوراوەکەی هەڵماڵی. تا ئەو کاتەی کە دەرەتان و مەجاڵی هەبوو وەک مامۆستای زانکۆ لاوانی تامەزرۆی زانستی بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە و بوون بە دینامۆی بزووتنی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بەرەو ژیانێکی باشتر، پەروەردە دەکرد. ئەو کاتانەش کە بەهۆی گۆڕانی دەوران دەرکی زانکۆی بەروودا گاڵە درا، چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی بۆ بەرگری لەگەلی راپەریوی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کردەشان .

بە بێ موجاملە و پێداهەڵگوتن ئەو بەرێزە لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە وتارە خەڵک ئاشناکەی کە پشتی بە خەرمانێک شارەزایی لە سەر داب و نەریت و کەلتووری کوردەواری بەستبوو کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە راستای وشیارکردنەوەی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا هەبوو. بۆ نموونە کاریگەری وتەکانی کاک دوکتور خەلیقی وەک نوێنەری حیزبێکی پێشەنگ لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیدا واتا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو ئاپۆرای خەڵکی تاسەر ئیسقان تووڕەی ئاوارەکانی رۆژهەڵات، دەربەدەرکراو لەلایەن ریژیمی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی و دەورەدراو بە تێلدڕۆی ریژیمی ئەنفالچی بەعس لەبیابانی پڕ تەپوتۆزی رومادی لە بیر ناچێتەوە. ئەوە ئەو مرۆڤە شارەزای بواری کۆمەڵایەتیە بوو کە ئەو خەڵکە چەوساوەی بە ژیان هیوادار و بۆ سووربوون لە خەبات و خۆراگریدا هان دەدا ومەرهەمی دەخستە سەر دڵە پڕئازارەکانیان. پێموایە یەکێک لە هۆکاری ئۆگری خەڵکی کەمپی ئاوارەکانی رومادی بۆ حیزبی دیموکرات بەهۆی نەخش و کاریگەیەکانی ناوبراوە بوو. من ئەوکارانەی کاک دوکتورم بە کەمتر لە خەرمانی پڕ پیتی نووسراوەکانی چ وەک وتاری سیاسی بۆ رۆژنامەی کوردستان و رادیۆی پڕ گوێگەری ئەوکاتی دەنگی کوردستانی ئێران و چ وەک وەرگێران و نووسینی زۆر کتێبی بەنرخ و پڕبەها و... بەکەمتر نەزانیوە .

یەکێک لەو تایبەتمەندیە باشانە کە من لە بەرێز کاک دوکتور خەلیقیدا بەدیم کردوە ماندوو نەناسییەتی لە درێژەدان بەهەوڵەکانی لە راستای ئەو ئامانجە بەرزەی کە رزگاری گەلەکەی لە ژێر دەستی و چەوسانەوەدا بووە، جا بەهەر شێوەیەک بۆی لوا بێ، چ وەک مامۆستای زانکۆ، چ وەک پێشمەرگەی شاخ، چ وەک نووسەر و وەرگێر، یان وەک بەشداربوویەکی چالاک لە کۆر و سیمیناری جۆراوجۆردا .

راستە هەر مرۆڤێک شێوەی ژیان و چالاکیەکانی، سەرەرای هەموو کەند و کۆسپێکی سەررێی بە دڵخوازی خۆی هەڵ دەبژێرێ و درێژەی پێدەدا و تێچووی دەرئەنجامەکانی خەباتی بە فیداکاری و لەخۆبردوویی دەدا، بۆ ئەوەی ناکات کە چاوەروان بێ چەپڵەی بۆ لێ بدەن، بەڵکوو ئەو مرۆڤانە ئەرکی ویژدانیی خۆیان بەجێ گەیاندوە و بەرپرسایەتی خۆیان لە ئاست گەلەکەیاندا بەرێوە بردوە. بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵێک خەڵکی ویژدان زیندوو رێز لە فیداکاری وەها کەسانێک دەگرن هەم لە خۆیدا کارێکی پڕ بەهایە و هەم ماندوویی و شەکەتی لە لەشی رێبوارانی رێی خەبات وەدەر دەنێ و دەیانحەسێنێتەوە. ئەو کارەی ئێوە بەشدارانی هێژای ئەم کۆڕە، چما ئاوێنەیەکە کە خەباتکارێکی وەک کاک دوکتور خەلیقی ئیمرۆ دەتوانێ بەرهەمی هەوڵەکانی خۆی بە مۆری تەییدی بەرێزتانەوە لەودا ببینێ و چەند خۆشە کە شۆڕشگێرێک بتوانێ بزەی رەزامەنی خەڵک دەرحەق بە رابردووی بە چاوی خۆی ببینێ.

هەر چەند تێبکۆشم، دەزانم ناتوانم بەمثقاڵ وەسفی پڕ بەپێستی ماندوویەتی و ئازاری رۆژێک لە خەباتی شۆڕشگێرێک بخەمە بەرچاو و بینەخشێنم، چوونکوو ئەو جەخارانە کە تووشی شۆڕشگێرێک دەبن و ناچارە، شان بداتە بەری، مەگەر هەر خەباتکارێکی ژن و منداڵ بە یەخسیربراو و توندکراو لە چاڵە رەشەکانی زیندانی ریژیمە دیکتاتور و چنگ بەخوێنەکان،

هەستی پێ بکات. بۆیە زیاتر لەوە کاتتان ناگرم و سوپاسی هەمووتان بۆ ئەو حەقناسیتانە و پیرۆزباییش لە برا و هاورێی بەرێز و خۆشەویستی رۆژەکانی خۆشی و ناخۆشی دەورانی پێشمەرگایەتی و دواتری خۆم کاک دوکتور خەلیقی دەکەم بۆ وەرگرتنی میداڵیای بەرزی، بزی رەزامەندی خەڵکی بێ شیلە وپیلە و بێخەوش و بێ ریا.

براتان علی مهرپرور

**2014-12-20**

......................

پەیامی کاک جەلال مەلەکشا:

زۆر پێ خۆشحاڵم کە ئەمرۆ بۆ کەسایەتی گەورەی سیاسی و مامۆستای هێژای فەرهەنگی و عیلمی و ئەدەبی وەک جەنابی مامۆستا حوسێن خەلیقی ئەم کۆڕە ساز کراوە و رۆڵە بە ئەمەگەکانی کورد لە تاراوگە و هەندەران پێزانین و رێز و سپاسی خۆیان بەرانبەر بەو مامۆستایە دەردەبڕن. مامۆستایەکی خۆبەخش و فیداکار کە لە پێناوی ئازادی گەلەکەیدا هەموو ماڵ و سامان و ژیانی خۆێ داناوە و بە جێگای ژیانێکی ئەمن و ئەمان خۆشگوزەران، ژینی ئاوارەگی و دەربەدەری هەڵبژاردووە.

مامۆستای هێژای گەلەکەمان جەنابی دوکتور خەلیقی زۆربەی ساڵەکانی ژیانی خۆی وەک خەباتکار و تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەر لە پێناو ئازادی و ڕزگاری کورد داناوە.

من وەک خاوەن قەڵەمێکی بچووک و خزمەتگوزاری گەلی کورد پڕ بە دڵ پێزانینی خۆم سەبارەت بە مامۆستاێ هێژا ڕادەگەیەنم و قەدردانی لێ ئەکەم و بەرزی دەنرخێنم.

هەروها سپاسی بەرێوەبەرانی ئەم کۆڕە ئەکەم.

ئازادی و سەربەستی بۆ کوردستان و تەمەن درێژی بۆ مامۆستا دوکتور خەلیقی.

سنە ١٧-١٢-٢٠١٤

جەلال مەڵەکشا

......................

پەیامی کاک ئەمیر قازی:

بۆ بە ڕێز کومێتە ی ڕێزلێنان لە ڕێزدار دوکتور خە لیقی

سڵاوێکی دۆستان و پڕ لە ڕێز و سپاس، کە لە بیرتان بووم و بۆرێوڕەسمی ڕێزگرتن لە جەنابی

دوکتور خە لیقی، لێتانگێڕاومەوە بە داخەوەم کە بە هۆی گرفتاریی پێشهاتی میواندارییی لە ڕۆژی دیاری کراو بۆ ڕێوڕەسمەکە، بۆم نەگونجا لە خزمەتدابم ، ناچار بەم کورتە پەیامەوە داواکاری بە شداری و عوزرلێ قبووڵکردنم.

دۆستان، بە ش بە حاڵی خۆم دە بێ لە پێشدا لە ئێوەی بەڕێز سپاسگوزار بم و دەستخۆشی لە یەک یەکی ئێوە  ئەندامانی کومێتەی ڕێزلێنان بکەم کە بە تەنگ پێزانین و ڕێزگرتنەوە بوون لە مامۆستا و لە کەسایەتی نیشتیمانیی خۆ وڵاتی و خۆیی.

ئارەزوومەندم مروی دڵسۆزی لە چەشنی ئێوە لە کۆمەڵگە ی کوردەواریدا، زۆر و هەر لە زۆربووندا بن تا ئەم نەرێتە جوان و پڕ بە پێستانە بەردەوام و ڕاوەستا بێ.

پاشان، وەک شێخی سەعدی مامۆستا و کۆمەڵناسی مەزن دەفە رموێ، عەتر ئەو عەترەیە کە خۆی بۆ بدا نە ئەوەی کە عەتتار بڵێ. کە وابوو کەسایەتی دوکتور خەلیقیش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا،  دەنگ و ڕەنگ و شەقڵی خۆی هەیە،  بە بێ ئەوەی پێویستی بە پە سند و ناساندنی ئێرو ئەوێ هەبێ. دوکتور خەلیقی، کەسایە تێکی خەباتکار، تێکۆشەرێکی نیشتیمانپەروە روگەل خۆشەویست، ئەندامێکی بە ئەمەگ و خۆڕاگر لە ئاست گەل و نیشتیمانەکەی، مرۆیەکی خاوەنزانست وخاوەن فەرهەنگ کە جێگە و پێگە ی لە کوردە واریدا، دیارو بەرچاوە.

 لێرە و لەم پێناوە دا منیش وەک هەموان، داواکاری تەمەنی درێژم بۆ بەرێزیان و چاوەڕوانی دەوامکاریم هەیە لە پێناو ڕزگاریی یە کجاری کوردو کوردستاندا.

بە سپاسی دووبارەوە

ئە میر قازی

2014.12.20

..............................

**پەیامی خانم سیمین چایچی**

**ئازیزانی کومیتەی بەڕێوبەري ريزلێنان لە کەسايەتيە سياسي و فەرهەنگيەکان**

وێڕای سوپاس و دەست خۆشی بۆ بەرێوەبردنی ئەو ئەرکە نەتەوەییە لە مەڕ یادکردنەوەی کەسایەتیە دیارەکانی کورد.

سەري رێز دادەنوێنم بۆ خۆشەويست دوکتور حوسێن خەليقي و تێکۆشەراني ڕێگاي خەباتي فەرهەنگی و سیاسی گەلەکەمان. بە هیوای بەردەوامی لەو کارە بە نرخە و سەرکەوتنتان لە بواری پێزانین و ڕێزگرتن لە مرۆڤە گەورەکان.

بەو هیوایە لەمەو بە دوا لە ژێر خاکا بە دوای بلیمەت و زانای کورددا نەگەڕێین و تا لە ژیاندان بیان بینین

خوشتانمان دەوێی

سنە - سیمین چایچی

......................

**پەیامی بەڕێز دوکتور عەبدوڵڵا ئەبریشەمی:**

**بۆ بەڕێزان کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێزلێنان لە دوکتور حوسەین خەلیقی**

**سڵاوو ڕیز بۆ هەموو لایەک. بەر لە هەر قسەیەک زۆر خۆشحالم کە دەبینم هاووڵاتیانی کورد لە دوور وڵاتان وا بە یەکەوە ماندوون و ئاگایان لێک هەیە. بە ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر. ئەوەش کورتە وتارێک، ئەگەر بکرێ وەک "پەیام"ی داواکراو لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری، بۆ ئەو مەراسیمە دابندرێ :**

**-ئاشنا بوونم لە گەڵ بەڕێز دوکتور حوسەین خەلیقی؛ وەک لە بیرم بێ، یەکەم جار کە لە مەهاباد بە دانیشتن و چاوپێکەوتن دەگەڵ بەڕێزیان ئاشنا بووم. ماوەیەک دوای شۆڕشی 1357 بوو کە دوکتورخەلیقی وێرای گەنجێکی مەهابادی هاتە لام. وا دیاربوو کە بەڕێزیان، تا ڕادەیەک لە ژێر کارتێکردنی روانگەی ئەو لایەنانە سەبارەت بە من بوو کە وەک جیابیر چاویان لێدەکردم، ئەوانەی کە لە قسە و لۆژیک تێدەمان و پەنا بۆ تۆمەت لێدان بە جیابیر دەبرد. بەڕێزیان پێی کوتم: ئەتۆش "بیکوردێنە"؟**

-بەڵام لە هاوینی ساڵی 1359 کە دیسان بە قسەکردن چاوم پێی کەوت، بە ڕوانگەیەکی دڵسۆزانە کوتی: وادیارە ئەوجار ئەتۆش دەبێ بۆ دەرەوە دەگەڵمان بکەوی! پرسیم بۆ؟ بەڕێزیان کوتیان: ئەو نامەیەی لە وەزیری ناوخۆ نووسیوتە، پیویستە دەرباز بی! مەبەستەتەکەش بەو چەشنە بوو کە وەزیری ناوخۆ(کشور)، لە بەرانبەر نامەیەکی سەرئاواڵەی من بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت، لەبارەی بارودۆخی کوردستان و ستەمێکی کە تا ئێستا لەکورد کراوە، وەزیری ناوخۆ، کە یەکێک لە مەلا هەرە قسەو دەست ڕۆیوەکانی بەرەی ڕادیکالی دەسەلات بوو، وەلامێکی زۆر توندی دابوومەوە* ئەو ویستبووی بە حیزبەکان رابگەیەنم کە دەوڵەت تا ئەوان لەناو نەبا، دەست هەڵناگرێ!

-ئەمنیش بۆ ئاگاداری هەمووو لایەک، کۆپی نامەکەم بڵاو کردەوە، لە حیزبەکان و خەڵکم داواکرد کە بەدڵی خۆیان وەلام بدەنەوە. نووسیبووشم کە ئەمنیش دوای 15 رۆژ، وەلامی خۆمیان بۆ دەنێرمەوە. ئەوکارەشم کردو کۆپی وەلامەکەشم لە شار بڵاو کردەوە.(1) لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دادەنێم؛ لە دوورەوە بۆ دڵسۆزی ئەوکاتی بەڕێز دوکتور خەلیقی سوپاسیان لێبکەم. ئەو ڕاستی دەکوت: دواتر، بەسەرهاتە داڕێژراوەکان کە تا قەستی کوشتنم درێژەی هەبوو. لەو بارەوە دەکرێ بڵێم وێدەچێ بەشێک لە رووداوەکان پەیوەندیان بەو نامەوە هەبوو بێ، بەڵام بەو حاڵەش قەت لەوە پاشگەز نەبوومەوە کە بیرو ڕای خۆم دەرببڕم یان بۆ بەرەو تاراوگە نە ڕۆیشتووم؟ هەرچۆنێک بێ، مانەوە لە ولاتم پتر بەدڵ کەوتووە. ئەگەرچی زۆرم سەدەمە دیوە، بەوحاڵەش خۆشحاڵم کە لە ولات و ناو خەڵک ماومەوە. ئەوەش کاکڵی پەیام :

- ئاوڕێک لە بارودۆخی ئیستاو ڕابردووی گەلی کورد و بندەست مانەوەی؛ با ئەو مەبەستەش بەو پرسیارە دەستپێبکرێ: جیاوازی کوردو ئەو گەلانەی خاوەن دەوڵەتی تایبەت بەخۆیانن و بەسەر کورداندازاڵن چییە و لە چی دایە؟ کە ئەو چەمکەش کێشەی کورد و زۆربەی تاراوە بوونەکان دەگرێتەوە. وەک دەبینین پاوانخوازانی هاوسێ، کوردان وەک بێگانەو بندەستی "کۆلۆنیالی ناوخۆیی" چاو لێدەکەن. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی ئەو چەمکە بە رابردوو، لەو کورتەباسەدا، سێ بابەت ئاماژەی پێکراوە:

-1 زانیارێک لەمەڕ دەوڵەت و جۆراوجۆرەکانی، بەڵام نەک لە قالبی ئەوڕۆییدا کە دیارە، بەڵکوو لە قالبی سەرەتایی و ڕابردووی خۆی دا کە نادیارە 2- هیرشی تورکان و بەدەسەلات گەیشتنیان لە ڕۆژهەلاتی ناوین کە تا ئەوڕۆ بەردەوامە 3- ئاست و هەڵویستی کوردان بە تایبەت لە 500 ساڵی ڕابردوو تا ئەوڕۆ .

-1ناسیاوێک لەمەڕ پێکهاتەی دەوڵەت(State)؛ بنەمای پێکهاتنی دەوڵەت* بە بارودۆخی فەرهەنگی گەل و ولاتەکەی (کە ئابووریش دەگرێتەوە) بەستراوەتەوە. مەڵبەندی سەرەتایی دامەزراندنی ئەو پێکهاتەیە و شارستانەتیش (وەک تا ئێستا دۆزراوەتەوە)، ڕۆژهەلاتی ناوینە کە نیشتمانی گەلی کوردیش دەگرێتەوە. بنەمای مادی و ئابووری پێکهاتەی دەوڵەت، لە بەرهەمی "پاشەکەوتکراوی دانیشتوانی ناوچەیەکی جەغزپێدراو" پێکهاتوە. هەربۆیەش دەوڵەت لەسەرەتادا

به پێی ئاسەوارە دۆزراوەکان، وەک پێکهاتەیەکی هاوبەشی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە بوە کە حکوومەت و دەوڵەتی لێدامەزراوە، نەک وەک دواتر کە دەوڵەت کرابە دەزگای دابینکردنی بەرژەوەندی چین و توێژیکی کۆمەڵگای وڵاتەکە .

لێکۆڵینەوەی ئاسەوارەکان نیشانیان داوە لە سەرەتادا ئەو پێکهاتەیە بە شێوەی "دەوڵەت-شار" بوە کە دوو تایبەتمەندی هەبوە: 1- دەوڵەت لە خزمەت خەڵکی ناوچەەی خۆی دابوە 2- بە "ڕا" و "ڕاوێژ"ی نوێنەرانی خەڵکی ولاتە کە بەڕێوەچوە. بەگوێرەی ئاسەوارە دۆزراوەکان، لەم وڵاتانەدا زمانێک و ئایینێک باو بوە.

-دواتر بارودۆخ بۆ دامەزراندنی حکوومەتی بەرینی کیشوەری (Territorial State)پێکهاتوە (لە چەشنی شاهەنشاهی و ئیمپراتوری). ئەو شیوەیە بۆ بەرینکردنەوەی بازرگانی و تێکەڵاوبوونی فەرهەنگەکان پێشکەوتوانە بوە، بەڵام بەرینکردنەوەی مەودای دەسەڵات و حکوومەت، ڕێبازێکیش بوە بۆ داگیرکردنی وڵاتان کە لە لایەن فرەخوازانەوە کەلکی لێوەرگیراوە و دواتر بۆتە هۆی بە دیلگرتنی خەڵکی ئاسایی و دەست بەسەر داگرتنی سامانی وڵات و گشت دانیشتوان و خەڵکی ئاسایی و ژن و منداڵ... بەکورتی دەکرێ بڵێین: ئەو سیستێمە لە لایەک بۆتە هۆی پەیوەندی وڵاتان و گەلان و فەرهەنگەکان و پێشکەوتنی بازرگانی؛ لەلایەکیش کراوەتە زیندانی گەلان .

-لەسەدەی 20 بیری دەوڵەت نەتەوە(Nation State)ی ڕۆژئاوایی، پەلی هاویشتە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە وڵاتەکان لە سەر بنەمای فرەگەلی بەڕێوەدەچوون(وەک دەوڵەتی عوسمانی و "ممالک محروسە" لە ئیران). بە دامەزرانی دەولەت- نەتەوە(ی تایبەت بەگەلێکی ناو وڵات)، ئازادی زمان و فەرهەنگ لە ولات هەڵگیراو دەوڵەت- نەتەوە کەوتە قالبی دەوڵەتی تیرەیی/ قەبیلەیی (Tribal State).یانی ئەو گۆرانکاریە بوو بە هۆی پەیدابوونی دەوڵەت- نەتەوەی بەرچاویەنگی تایبەت بە سێ گەلی تورک و عەرەب و فارس و پێشێل بوونی مافی گەلانی دی کە کوردیش یەکێک لەوانە .

-2هێرشی تورکان و بەدەسەڵات گەیشتنیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین؛ بەڵگە مێژوو ییەکان2 نیشان دەدەن تورکان خەڵکی ئاسیای میانە بوون، دوای هیرشی موسوڵمانان کە بەری داکشانی تورکان بۆ ئێران و کوردستان ئاواڵە کرابوویەوە، تا هێرشی بە لێشاوی تورکان لە سەدەی 11ز. دیسانیش هاتنی تورکان بۆ ئەو ناوەندە زۆر کەم بوو. ئەوە کۆچ و هیرشی بەلێشاویی تورکانی بە "غوز" ناسراو بوو کە تورکی کرد بە خاوەن دەسەڵاتی یەکەم لە رۆژهەڵاتی ناوین. ئەوەش جێی ڕامانە: تورکانی غوز- کە لە وڵاتی خۆیان کۆچەربوون (هەمان سەرچاوە2)، توانیان دوو ئیمپراتوری زۆر بەرین (سەلجوقی و عوسمانی) دامەزرینن کە عوسمانی تاسەدەی 20 بەردەوام بوو. دوای عوسمانیش ئەتاتورک هات. ئێستاش تاقمێک لەتورکانی نیشتەجێی ئازربایجان، دروشمی وەدەرنانی کوردانیان لە ئازربایجان بەرز کردۆتەوە، لەحاڵێک دا :

-بەر لە هێرشی بەلێشاوی تورکان (لەسەدەی11ز.)، ئازربایجان بەدەست کوردانەوەبوو، پتری دانیشتووانیشی کورد بوون، ئەوانی دیش تورک نەبوون. کوردان لە ئاردەوێل، تەورێز، مەراغە،

ورمی و... پادسا و حاکم بوون.کاتێک تورکانی گوز هیرشیان هێنا، سەرەتا حاکمانی کورد وەک پەنابەر وەریان گرتن، بەڵام تورکان دەگەڵ کوردان بەشەڕهاتن. "قطران تبریزی" 3 شاعیری بە ناوبانگ، لە قەسیدەکانی دا کە لەوەسفی پادشایانی کورد لە ئازربایجان کوتوویەتی، ئاماژەی بەو شەڕانە کردووە. لیرەدا وێنەیەک لە شێعرەکان دەخرێتە بەرچاو:

چە ارزد غدر با دولت، چە ارزد مکر با دانش_ اگر چە کارترکان هست غداری و مکاری. 4

هەڵبەت لەو ماوە درێژە دا کە تورکان بەسەر وڵات دا زاڵ بوون، کوردان لە زۆر ناوچان دەسەڵاتی ناوخۆیان راگرتبوو، لە ناوخۆشیاندا توانیویانە زمان و فەرهەنگی کوردەواری ڕابگرن؛ ئەو دەم ئێران و عوسمانی، دەوڵەت- کیشوەری بوون کە ئەو سیستیمە لە سەرەتاوە دانراوەیەکی (plural) فرەگەلی و فرە ئاینی بوە، بەڵام دوای شەڕی جیهانی یەکەم(سەدەی20)، بە تێکچوونی عوسمانی، مستەفاکەمال(ئەتاتورک)، دەوڵەتی تایبەت بەگەلی تورکی لە وڵاتێک دامەزراند کە ئێستاش فرە نەتەوەییە. کەماڵێکان تا ئەو دوایانە حاشایان لە بوونی کورد لە وڵاتێک دەکرد کە نیشتمانی مێژوویی کوردە و تورکان وەک داگیرکەر هاتوونە ئەم وڵاتە و لەسەرەتاوە خۆیان بە خاوەنی ئەم وڵاتە داناوە. کاتێک رەزاشاش دەوڵەتی نوێی لە ئیران دامەزراند، ئەویش دەیەویست گشت گەلانی ئێران بکاتە فارس، بەڵام بۆی نەگونجا. وەک دەبینین ئەو چەشنە دەوڵەتانە، لەسەر بیری هەمان دەوڵەتی تیرەیی (Tribal State) سەردەم تێپەڕیون کە نێوی مۆدێرنیان لەسەر خۆیان داناوە3- ئاست و هەڵویستی کوردان بە تایبەت لە 500 ساڵی ڕابردوو؛ گەورەکانی کوردان بە پێچەوانەی تورک و فارس، لە فیکری دامەزراندنی دەسەڵاتی بەرینی کیشوەری نەبوون. ئەوان بە حکوومەتی ناوچەیی رازی بوون. هەر بۆیەش وڵاتی کوردەواری ماوەیەک دوای زاڵ بوونی موسوڵمانان، تا سەدە 19 لە هەر کات دا خاوەنی دەیان میرنشینی لێک جیابووە، بەڵام میرنشینەکان کە نەیانتوانیوە یان لەو هەڵوێستە بە دوور بوون کە یەکبگرن و دەسەڵاتیکی تۆکمەی بەهێز پێک بێنن تا بتوانن لە بەرانبەر هیرشی دەوروبەریان خۆڕابگرن، بەڵام تورک و فارس بە پێچەوانەی کوردان بە درێژایی مێژوو، خوازیاری بەرینکردنەوەی مەودای فەرمانڕەوایی خۆیان بوون، لە دەرفەتدا بە نیوی جهانگشایی و... هێرشیان بردۆتە سەر وڵاتانی دەوروبەرو داگیریان کردوون.

-لە سەرەتای سەدەی 16ز. دوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی، نیشتمانی مێژووی کوردانیان کرد بە گۆرەپانی شەڕی ناوخۆیان کە تا سەدەی 20 شەرەکانیان درێژەی هەبوو (لە ئاخریکانی سەدەی 20یش، هێرشی سەددام بۆ سەر ئیران، بە درێژەی ئەو شەڕانە داندراوە). لەو ماوەیەدا سەفەوی و عوسمانی لەبەر شەڕفرۆشی و شەڕخوازی، دەرفەتیان بە کورد نەداوە لە بەرهەمی کشت و کاڵێکی درێژخایەن و ئاوەدانی وڵات کەلک وەربگرن و ماڵ و حاڵێکی وێچوویان هەبێ. کوردان لەو شەڕانەدا جگە لەوەی لێکدا لێکدا تاڵان کراون و بۆ شەڕی ئێران و عوسمانی رەپاڵدراون، بەشێوەیەکی سیستماتیکیش چەوسێندراونەوە. بە نمونە ئەگەر لە سەدەی 16ز. شاتەماسبی سەفەوی فەرمانی دا بە درێژایی 6 ڕۆژ ڕێگا لە مەڵبەندی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بەشی زۆری ئازربایجانی ئێستای دەگرتەوە، بەرەو ڕۆژئاوا خاپوور بکرێ تا لەشکری عوسمانی لە

بەر نەبوونی بژیو نەتوانێ هێرش بێنێتەتە سەر ئێران، بەڵام ئەوجار هێزی بە نێو ئیسلامی عوسمانی، مەیدانی شەڕەکانی داکشاندە لای باشووری کوردستان. بە نموونەو شایەدی ئەو روانگەیە، بڕوانینە قسەی ئەبووبەکری موسەننیف، کە لە نزیک مەریوان ژیاوە، لەو بارەوە چ دەڵێ:

در آن دم کاین معانی ڕوی بنمود_ زهجرت نهصد و هشتاد و نه بود

زمان پر فتن، عهد پر آشوب_ نه دانش مطلب و نی علم مطلوب

توگویی هر دم از چرخ مقوس _ غم و اندوه باریدی به هرکس

خصوصا'بنده را در کوهساری _ دهی بود از ولایت بر کناری

گهی از ظالمان اهل اسلام _ بەغارت می شدی هر صبح و هرشام

گهی از جور مأمور قزلباش _ نهان می گشتم اندر شعب هر تاش

در این آشفتگی و تیرەحالی، _ محیطی دیدم از تألیف خالی)4(

-کرانەوەی جەبهەی شەڕ لە ڕۆژهەڵات(لە ناو خاکی کوردستان) لە سەرتای سەدەی 16ز. لە بەرژەوەندی ئەوروپا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی قورسایی سپای خۆی لەوێ ڕا بۆ لای ڕۆژهەڵات گێرایەوە. بەو چەشنە بە ئەوروپایەکانی ڕۆژئاوا مۆڵەت درا کە بەخۆیاندا بینەوە، لە ئاکام دا رینێسانس (Renaissances) وەڕێ کەوت. لێرەدایە کە بەڕاشکاوی دەکرێ بڵێین جیهانی ئەوڕۆ کە لەو پێشکەوتنانە کەلک وەردەگرێ، پێویستە بەو ڕاستییە بزانرێ کە خەرج و باجی ئەو پێشکەوتنە، بە خوێن و گیان و ماڵی کورد دراوە، بەڵام ئەو راستییە لەبەرچاوان ونە و زۆر بەجێیە چالاکانی سیاسی گەلی کورد ئەو چەمکانە لە جیهانی ئەوڕۆدا بە بەرینی ڕوون و بڵاو بکەنەوە .

-کوردو پەیدابوونی هەستی کوردایەتی: ئەبوبەکری موسەنیف کە لە ئاخریکانی سەدەی 16ز. وەک نووسەرو خاوەن بیرێکی بەرزی کورد لە چەند هەڵبەست دا بارودۆخی ئەو سەردەمی گۆشەیەک لە کوردستانی بە ئێمە ڕاگەیاندوە، چ ئاماژەیەکی بە کورد نەکردوە، بەڵام ئەو ڕووداوانە هەستی تاکی کوردیان ڕاچڵەکاندوە، بەنموونە، چەند ساڵ دوای موسەننیف، ئەوجار میرشەرەفخانی بتلیسی کتێبی مێژووی کوردستانی دەرخست، کە بەڕاشکاوی دەکرێ بڵێین سەرەتای بزاڤی کوردایەتییە. سەرەنجام، لە ئاخریکانی سەدەی 17 ئەحمەدی خانی، لە 35 هەلبەستی سەرتای "مەم و زین" زۆر ژیرانە رەوانناسی گەورەکانی کۆمەڵگای کوردەواری گەلاڵە داوەو قامکی لەسەر ئەو هۆیانە داناوە کە کوردیان کردۆتە بندەستی تورک و عەرەب و عەجەم (لە کوردەواریدا ئیرانی شیعە بە عەجەم ناو براوە). گشت ئەو چەمکانە درێژەی گوورانی کوردایەتی لە کۆمەڵگای کوردەواری دەر دەخەن و ئەو پرسیارە زەق بۆتەوە: ئەرێ بۆ لەو دنیا بەریندا کورد لە دەوڵت بێ بەشە؟ خانی 320 ساڵ لەمەوبەر لە هەڵبەستەکانی خۆیدا بەرلەوەی

دیمەنی بیری نوێی نەتەوەخوازی لە ڕۆژئاوا دیاری کرابێ، ئەو لەسەر پێویست بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆی کورد دواوە :

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا _ کورمانج د دەوڵەتا دنێ دا

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم _ بیلجوملە ژ بۆچی بوونە مەحکووم؟...

گەر دی هەبوویامە ئیتفاقەک_ ڤێکڕا بکرا مە ئینقیادەک

ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی _ هەمیان ژ مە ڕا دکر غولامی

تەکمیل دەکرمە دین و دەوڵەت_ تەحسیل دەکرمە عیلم و حیکمەت 5

بەو حاڵەش، داگیرکەرانی مافی گەلی کورد لەو 500 ساڵە دا، کوردیان بە ڕیگرو تاڵانکەرو مرۆڤکوژ و... ناساندوە و لە مێژووی گەلاڵەدراو بە ویستی خۆیان تۆماریان کردووە، لە حاڵێکدا بۆخۆیان بە شێوەیەکی سیستێماتیک و دەوڵەتی(ڕەسمی!) کوردیان کوشتوە، کوردستانیان وێران و تاڵان کردوە.

بەکورتی: وەک ئەبوبەکری موسەننیف دەڵێ: لە بەر شەڕی داسەپاو (کە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادا بووە)، ماڵی کورد وێرانکراوە، خەڵکی ئاسایی کوژراوە و لە ناوچوون، بە نووسەر و خاوەن بیرانی کورد، دەرفەتی خوویندن و متالاو دانان(تألیف) نەدراوە، بەڵام لەسایەی ئەو شەڕانەی خراوەتە ناو کوردستان، بە ئەوروپایان مۆڵەت دراوە هێندێک بحەسێنەوەو بەرەوپێش بچن و دنیا لەو پێشکەوتنە کەلکی وەرگرتوە،

کاکڵی پەیام: لێرەدایە کە دەکرێ بڵێین: جیهانی پێشکەوتووی ئەوڕۆ، بە گەلی کورد قەرزدارە! ئەوە ئەرکی چالاکانی سیاسی و حیزبەکان و ڕووناکبیرانی کوردە ئەو بابەتانە بە دنیایە ڕابگەیەنن و پرۆپاگەندەی داگیرکەران دژ بە کورد پووچەل کەنەوە ...

پەڕاوێز

-1بڕوانە وێبلاگ، "نوشتەهای 1353 بەبعد abrishamiabd.blogfa.com"نووسراوەکانی فارسی، لە بەهارو هاوینی 1359

-2یەکێک لەو سەرچاوانە: فاروق سومر / تاریخ غزها(ترکمن ها) بە زمانی تورکی، (ترجمە فارسی)دکتر وهاب ولی/ پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی/ تهران 1390 پیشگفتار

) -3مشاهیر کرد جلد 3 بابا مردۆخ روحانی/ سروش، صص. 19- 27(،

-4مشاهیر کرد / سروش / ج 1 لاپەرێ 21 / و 164

-5مەم و زینی ئەحمەدی خانی/ پەرویز جهانی  انیشارات صلاح الدین ایوبی 1367 لاپەرەی 31 و 32

*ابریشمی عبدالله،کتێبی: مبانی فرهنگی دولّت، چاپی تاران 1370. هەروەها ئەبریشەمی، کتێنی هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد، ناشر آنا تاران 1385 / لەلایتر، دەوڵەت و حکوومەت لە فارسی و لە کوردی دا وەک یەک بەکاردەبردرێن، بەڵام لە زمانی ئەوروپایی لێک جودان government & state :

*نامەی وەزیری ناوخۆ

وزارت کشور

بسمه تعالي

دفتر وزير

2773 / 4 / 1 / 9304

9 / 4 / 1359

مهاباد آقاي دکتر عبدالله ابريشمي

نامه مورخ 19 / 3 / 1359 واصل و ملاحظه شد. جوابا اشعار مي دارد:

خطه کردستان جزئي از خاك لايتجزاي ايران مي باشد، حکومت جمهوري اسلامي ايران با طاغوت و طاغوطيان در جنگ است نه باکرد و ترك و امثالهم، انقلاب عظيم و بي نظير ايران به رهبري امام امت و قائد عظيم الشأن ما حضرت ايت الله العظمي امام خميني ارواحنافداء بوسيله همه مردم پاك و منزه و پابرهنه و معتقد به اسلام اين کشور به نتيجه و سرحد مقصود و کمال رسيده بنابراين، ملاحظه ميکنيد که در نهضت انقلابي مردم ايران چه ترك و چه فارس و چه کرد يك دل و يك صدا بپا خاسته و حکومت جبار و طاغوتي را برافکندند النهايه عوامل امپرياليزم و اعوان و انصار و طاغوتيان دست بردار نبوده و با تحريك و تطميع عده اي مفسد و ماجراجو بناي طغيان و تجاسر و قتل و غارت و سرقت و راهزني و شکنجه و انواع اعمال جنايتکارانه را بنام مردم کرد در خطه آذربايجان و کردستان وحتي کرمانشاه و ايلام گذارده و در مقابل صبر حلم و شکيبايي دولت موقت جمهوري اسلامي ايران هر روز از روز قبل جري تر بطوريکه از غارت شهرها و دهات و يغمابردن اموال و ذخاير ارتشي و مانند آنها خودداري نکرده سهل است بگروگانگيزي افسران و افراد سرباز و پاسدار و ژاندارم و يا مردم عادي پرداخته و برخلاف همه اصول و قواعد انساني اسرارا زجر و شکنجه و پوست کنده و بالاخره به شهادت رسانيده اند که در تاريخ عديم النظير است؟!!

دولت جمهوري اسلامي بشهادت همه مردم اين مرز و بوم و بشهادت همه انسانهاي منصف دنيا در مقابل اينهمه تجاسر و خودسري بازهم به فرستادن هيئتهاي حسن نيت و با استعانت از علماي اعلام از اهل تسنن و يا شيعه و هزاران بخشش و عفو و اغماض و امثال آن از اين اشرار و ياغيان خواست كه دست از شرارت و چپاول و يغماگري بردارند تا مبادا خداي ناكرده در درگيريها با آنها اشخاص معصوم و زنان و اطفال بيگناه مورد صدمه و لطمه واقع شوند.

مقصود و هدف دولت از اين همه گذشت و صبر اين بئده تا اهالي بدبخت و مصيبت ديده كردستان بتوانند بخانه و كاشانه خود رجعت و زندگي عادي را از سرگيرند. متأسفانه تا هم اكنون هم اين دشمنان اب و خاك از سر اهالي مسلمان وطن پرست ايران دست بردار نبوده و اسلحه را بر زمين نگذاشته و بانواع جنايات امنيت را از منطقه سلب نموده اند. و آيا شما بازهم مايليد كه حكومت جمهوري اسلامي دست روي دست گذاشته و ناظر و شاهد اعمال جنايت كارانه عده اي مفسد و دشمنان خدا و مخلوق بئده و بخواست اربابانشان از جمله امريكاي جهانخوار و صدام حسين جاني، كردستان را ميدان تاخت و تاز آنها واقع سازد؟!!

دولت جمهوري اسلامي ايران وظيفه دارد كه

اولا از تماميت ارضي ايران حفاظت و صيانت بعمل آورد،

ثانيا امنيت و اسايش عمومي را تأمين كند و در اين راه همه مردم كشور يكدل و يكصدا بسيج شده اند .

ثالثا دولت نمي تواند تسليم تمايلات سخيف و جنايتكارانه عده اي خائن و شرور و محارب با خدا واقع و جان و مال و ناموس عامه مردم را فداي اميال شيطاني و طاغوتي آنها كند: تأمين امنيت و حراست از همه اهالي خطه كردستان با دولت است و دولت اجازه نمي دهد كساني به نامهاي خلق الساعه اين امنيت را سيب كنند. فلذا سركوب كردن اين متجاسرين، جنگ با كرد نبوده بلكه جنگ با اشرار براي حفظ سلامت كرد هست و لاغير.

علي ايحال هرآينه كه شما با اين افراد شرور و ستيزه جو كه خودرا بنام مردم كرد معرفي ميكنند در تماس هستيد حتماً آنهارا از ادامه اين اعمال بر حذر خواهيد داشت و الا مطمئن باشند دولت برحسب رسالتيكه بر عهده دارد تا قلع و قمع آخرين فرد آنها راحت ننشسته و جان و مال و ناموس اهالي آن خطه را ملعبه هوي و هوس آنها كه هر روز و شب عده اي از مردم خدمتگذاررا با فجيع ترين وضع به شهادت ميرسانند راحت و آسوده نخواهد نشست.

محمد رضا مهدوي كني (مهر و امضا) سرپرست وزارت كشور 9 / 4 /

...............

**پەیامی دوکتور عێزەددین مستەفا ڕەسوڵ:**

**دۆستان و بەڕێزانی بەشدار لە کۆڕی ڕێزلێنان لە دوکتور حوسەین خەلیقی!**

لە گەڵ سڵاوو دەست خۆشی لە ئێوە بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە کە هەستاون بە ئەرکێکی جوان و بە جێ و سوپاس بۆ ئێوەش کە منتان بۆ ئەم یادە لە بیر بوە.

پڕبەدڵ حەزم ئەکرد بەشداری مەراسیمەکەتان بومایە و سەرەڕای ناسازیم تا دوا کاتیش خۆم بۆ بەشداری حازر کردبو، بەڵام باری تەندروستیم لە نیهایەتدا شانسی بەشداری پی نەدام.

دەمێک ساڵە دوکتور خەلیقی دەناسم و شارەزاییم لە سەری هەیە. کەسێکی بە هەیبەت، زانا و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێز و هەروەها ڕۆخسارێکی ئاکادمیکی کۆمەڵگای کوردییە. لەو دەگمەن زانایانەیە کە بە ئاسانی بۆ کۆمەڵگا دروست نابن، مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست، بە شەهامەت و کوردپەروەرە .

ماوەیەکی زۆر خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ناو ڕیزی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێراندا گێڕاوەو قورسایی زۆری بەو حیزبە بەخشیوە .

نوسین و کتێبەکانی ئاستی بەرزی بواری زانستی و نیشتمان پەروەری بەڕێزیان نیشان دەدا لە بواری دین و فەلسەفە دا خاوەن قسەیە. هیوادارم لە مەجالێکی گونجاودا بتوانم لە سەر ژیان و بەرهەمی د. خەلیقی قسە بکەم .

لە دورەوە دەستی د. خەلیقی دەگوشم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئارەزو دەخوازم

براتان ،

عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ

20.12.2014

.................

**پەیامی دوکتور جەلال جەلالی زادە:**

**بەناوی یەزدانی مەزن**

رێزگرتن لە پیاوان و ژنانی زانا و خزمەتگوزاری ئائین، نەتەوەوە مرۆفایەتی ئەرکی سەرشانی هەمو مرۆڤیکە. میژو سەلماندویە هەر نەتەوەیەک رێزی لە کەڵە پیاوانی خو ی گرتبێ قەت لە بەین ناچێ و لە ڕەوڕەوەی مێژو لە بیر ناچێتەوە. ئەگەر ئەمرۆ ئێوە لە یادێکی وادا رێز لە کەسایەتێکی زانا و مەزن کە زۆربەی عومری خۆی بۆ لێکوڵینەوە، فێرکردن و نوسیندا بە سەر بردوە دەگرن، بێ گومان رێز گرتن لە هەموو ئەو کەسانەیە کە لە مێژووی مروڤایەتی گەلەکاندا وەکو ئەستێرەیەکی گەشاوە دەدرەوشێنەوە و ڕونکەرەوەی رێگا بو ئەو مروڤانەن کە پێویستیان بە ڕێنوێنی بو گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکاندایە. زانای گەورەی کورد ماموستا موحەممەد عەلی دەڵی: ناو و یادی ئەو کەسانە کە بو میللەتەکەیان زەحمەتیان کێشاوە هەمیشە زیندو رابگرن، بە نوسین بە گوتار بە بیر هینانەوە یان لە ناو بنەماڵە و کومەڵگادا تا یادیان بمێنێ و هیچ کات لە ناو چینەکانی داهاتودا فەرامۆش نەبن .

بۆیە ئەمرۆ ئەگەر کەسانێک زەحمەتی رێزگرتن لە مامۆستایەک کە لە بنەماڵەیەکی زانا پەروەر و زانستی و ئائینی یە کە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان جێگای رێز وئیحترام بوون، رێز ئەگرن، دڵنیام کە ڕێزیان لە خویان گرتوە. هەر چۆن کە وتویانە زێڕەوان نرخی زێر دەزانێت. بنەماڵەی خەلیقی هەر لە میژەوە لە خزمەتی گەلی چەوساوەی کورددا لە هەر دو بواری ئائین و نەتەوەدا خەباتی بێ وچان و تێکۆشانی بەردەوامیان بووە. خوالێخوشبو ماموستا مەلا حەسەنی خەلیقی باوکی گەورەی دکتور خەلیقی و مامۆستا مەلا ئەحمەد و مەرحومی کاکەحەمە و هەمویان هەر کام بە تەنیائی توانیویانە قوتابیانی هێژا و کارامە بە میللەتەکەیان پێشکەش کەن. گوندی ماسان بنکەیەکی پێگەیاندن و ناوەندێکی پەروەردە بوو بۆ راهێنانی تاقمێکی لێهاتوو و تێگەیشتوو کە بەربەرەکانی لە گەڵ خورافات و کۆنەپەرەستی کردوە و لە هەمان کاتدا خەڵکی فێری گیانی ئازادیخوازی و نیشتمان پەرەستی ئامانجی سەرەکی یان بووە .

من بە نۆرەی خۆم رێز و سپاسم هەیە بو هەموو ئەو کەسانە کە لەم لێژنەیەدا بەشداریان بووە و ئەم ئەرکە گەورەیان ئەنجام داوە. چون بەداخەوە تا ئێستا هەر مردوپەرەست بووین و رێزی زیندوە زاناکان و پسپۆرەکانمان باو نەبووە. بەڵام سپاس بۆ خودا کە رۆژ بە رۆژ گەلەکەمان بە تایبەت چینی لاو و تێگەیشتومان وشیارتر دەبێتەو و رێز و ئیحترامی کەڵە پیاوان و ژنانی بە باشی بەرێوە دەبات. هیوادارم جەنابی مامۆستا دوکتور حوسەین خەلیقی بتوانن لە هەموو بوارەکاندا بە تیکوشان و هەوڵی بێ وچانیان لە پیناو خزمەت بە گەلەکەی سەرکەوتوو بن و سڵامەتی و لەش ساغیان ئاواتە خوازم.

جەلال جەلالی زاد

.........

پەیامی دوکتور ڕەحیم فەرهمەند:

بە ئاواتی وەدی هاتنی خەونەکانمان

سڵاو لە نەتەوەی گەورەی کورد وئێوەی بەشداربوی ئەم کۆڕە

کات و ڕۆژگاریک کە ئێستا کوردی تێدایە زۆر هەستیارە:

- لە لایەکەوە ڕادەی داواکاری نەتەوە بن دەستەکان بەرزتر بونەوە و مانایەکی تەواوتریان گرتۆتە خۆ .

- لە لایەکی تر، ناوەڕۆکی پوچەڵ و دزێوی ئایدئۆلۆژیا و هێزەکانی زاڵ بەسەر ولاتان و گەلان ئاشکرتر ابوە.

- لە لەیەکی تر ڕەوتی دێمۆکڕاسی خوازی و ئیرادەی بە حەق ناسینی داواکاریەکانی نەتەوەکانی وەدواخراو لە جیهان دا هەر ڕۆژ لە گەشەی بەرفراوانتر دایە.

کورد لە وەها بارو دۆخێکا دەژی .

ڕە¬نگبێ کورد چەند جار بارو دۆخی هاوشێوەی بۆ ڕەخسا بێ. بەلام بە هۆی نەبونی ڕێکخراوە، یان کەم بونی مرۆڤی هەڵکەوتوی دەرفەت خولْقێنەر، یان لە دەرفەت کەڵک وەرگر، نەی توانیبێ نە تەنیا ئامانجەکانی بپێکێ، تۆبگرە چەندین هەنگاویش وەدوا کەوتبێ .

بە پێیی ئەم بارو دۆخە هەستیارە کە ئێستا پرسی کوردی تێدا زەق بۆتەوە، نەتەوەکەمان زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی بە سێ شتە :

- یەکەم مرۆڤی زانا و ژیر .

- دوهەم مرۆڤیانێک کەتوانایی کەلک وەرگرتن لە دەرفەتییان هەبێ .

- سێهەم مرۆڤی عەمەلگرا کە لەجیاتی قسە و تیئۆری پەردازی بێ بڕانەوە، بەکردەوە، بۆ کار جێبە جێ کردن قۆڵ هەلماڵێ.

دوکتور خەلیقی یەکێک لەو کەسایەتیانەیە کە بە هێژایی پێی ناوەتە ئەم ڕێبازە.

ئەمانە لە کاتێک دان کە:

- نیزیک بینی و قوڵنەبینی .

- لەجیاتی کردەوە زیاتر قسە کردن.

- لەجیاتی یارمەتی دان، خستنە بەر هێرشی کۆمەڵێک پرسیار بۆ خستنە بەر پرسیار.

- جیادەنگی لە کاتی هاوڕەنگی داواکاریەکانی نەتەوەکەمان.

- نەبونی پێوەندی جیهانی و لابی گەری.

بەربینگی ڕەوتی بەرەوپێشەوە چونی خەباتمانی گرتوە.

لە وەها کات و دەرفەتێکا، ئەرکی ئێمە یارمەتی دانی کەسایەتیەکانمانە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان .

دوکتور خەلیقی هەر ماوە. با تا وەهاکەسانێک ماون، ڕێزیان لێ بنێین ویارمەتی یان بدەین و لەتەجروبەکانیان کەڵک وەرگرین.

بە ڕێزەوە

ڕەحیم فەرەهمەند –بەرەی یەکگرتوی کورد

سەرماوەزی 2714ی کوردی

.........................................

پەیامی دوکتور تاهیر حیکمەت:

وێڕای سڵاو لە بەشدارانی کۆڕی ڕێز گرتن لە کاک دوکتور خەلیقی

چەند جوانە کە لە ژیاندا ڕێز لەو کەسانە بگیرێ کە جێ پەنجەیان لە سەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و هزری کۆمەڵگا دیار بووە، یەکێک لەو کەسانە بەڕێز کاک دوکتور خەلیقییە. من ئەو بەڕێزم ساڵی ١٣٥٥ کە خوێندکاری پزیشکی زانسگای تەورێز بووم، ناسی کە ئەو کات مامۆستای فەلسەفە لەوێ بوو. گەمەی ئیدۆلۆژی و حیزبایەتی ئێمەی لێک دابڕی وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە تەنانەت پاشان دژی یەکتر سەنگەریان گرت. ڕاستگۆکان پاش ئەزموونی ژیان و خەبات تووشی یەکتر بوونەوە. بەڕێز خەلیقی لە گەڵ خۆی و نەتەوەکەی و مرۆڤایەتیدا ئەوەندە ڕاستگۆ بوو کە دەکرێ وەکوو هێمای مرۆڤدۆستی و تەبایی و ئاشتیخوازی ڕێزی لێ بگیرێ. ئەگەر دوکتور خەلیقی لە سەردەمی خوێندکاریمدا مامۆستام نەبوو، لە سەردەمی خەبات و ئەزموون و مرۆڤدۆستیدا بوو بە مامۆستام و مامۆستای زۆر کەسی تریش. من لە ناخی دڵەوە شانازی پێوە دەکەم

تاهیر حیکمەت ، ئاڵمان

..................................

پەیامی کاک سدیق بابایی:

سەرەتا وێرای سڵاو و بەخێرهاتن کردنی ئامادەبوانی هێژا لەم کۆڕە بەنرخەدا . دەست خۆشی لە بەرێوەبەران و ئازیزانێک دەکەم ئەم بەسەرکردنەوە بە نرخەیان بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشەرێکی وەفادار بە ئامانجی گەلەکەمان خستوەتە ڕۆژەڤی کردار .

دۆکتۆر خەلیقی ؛ شۆڕشگێڕێک کە خاوەن و هەڵگری تایبەتمەندی سێ کەسایەتیە !

کەسایەتی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی سیاسی، کەسایەتی ئایینی؛

ئەم کۆمەڵناسە سەرەتای ڕاپەڕین بەدژی ستەمکاری دەوڵەتی شاهنشایی لە ناوەندی خزمەت کردن ( زانکۆی تەورێز) ، هەروەها لە نێو جەماوەری شارەکانی کوردستان بە تایبەت شاری سنە خاوەن دەور و کارگەری بۆ لە قاودانی سیاسەتە چەوت و ملهوڕانەکانی دەسەڵاتی زاڵ بوو بوو.

ترس لە کوژران لە لایەن پیاوانی بێڕەحمی دەسەڵاتی ناوەندی لەو سەردەمەدا ، پاراستنی پلەو پایەی شوغلی و لە دەست دانی داهات و بژێوی بنەماڵە وەک تەنیا سەرچاوەی ژیان نەیان توانی بەربەست بۆ درێژەدان بە ڕێگاییێک بن کە ئەو بە زانا بوون و لە ڕووی باوەڕەوە هەڵی بژاردبوو دەور بگێڕن.

بەڕێز دوکتور حسەین خەلیقی    وەک هەرمرۆڤێک گەلێ خۆ و ڕەوشت وتایبەتمەندی  ئەرێنی و خاڵی کزی خۆی لە تێکۆشانی سیاسی هاوبەشی ئەزموونکراودا  بۆ من  ناسراون .

لەوانە ؛ لێبڕاوی  بۆ ئاوقەد بوونی گرفتە لاوەکیە بەرەوڕووکراوەکانی لە  نێوخۆی جووڵانەوە . نەتەنیا لە لایەن  دەسەڵاتدارانی ئێران  واتە کۆماری ئێسلامی  بەڵکوو لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و حێزبیدا کاک حسەین ئاوقەدی زۆر گرفت و بەربەست دەکرا . هەر چەند ڕێگریەکان کاریگەری خۆیان بە جۆرێک دەنواند  بەڵام  بە لەسەرەخۆیی ، پشوودرێژی یان باوەڕ بە ڕێبازەکەی خۆڕاگری و سینگفراوانی تایبەتی دەنواند.

پسپۆڕی و زاڵ بوون بە سەر مەسەلە پێوەندیدارەکان بە ئایین بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە دەسەڵاتی زاڵ لە ئێران بە ناوی خودا خۆڵقاندبووی دەستی باڵای خەلیقی بۆ بە ناخدا چوونی جەوهەری ناپاک و فریودەرانەی لاینە ئێسلامیەکان  هەروەها لە قاودانیان لە هەردەرێک سەروگەرنی ئەوی لە نێو کۆمەڵگای خۆیدا  بەرزتر ڕاگرتبوو.

تێکەڵاوی سنوورنەناس لە گەڵ پێشمەرگە ، هەڵبژاردنی ژیانی ساکاری پێشمەرگانە بە بێ ڕەچاو کردنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی (مامۆستای زانکۆ) ، خۆێندەواری و لە سەرەوەبوونی تەمەن لە خۆ و خدەباشەکانی دۆکتۆربۆ فێرکاری و دەرس لێ وەرگرتن نرخی خۆیان هەبوو.

پێداگرتن و بەدواداچوون کاتی هاتنە گۆڕی باسوخواستەناسک و پێوەندی دارەکان بە قازانجی گشتی خەڵک و جووڵانەوە لە کەسایەتی دۆکتۆر وەک  خاڵی ئەرێنی  هەر نەبێ لە چەند بواردا ئامازەپێدانی پێویست دەکا .

بە گژداچوونی لاری و ناتەباییەکان  لە ئەگەری ئاوێتەبوون بە هەڵە یا توندو تیژی بە هۆی کەم سرنجدانی هاوڕێیان لە کاتی بڕیاردانیدا .

هەمبەر وەستان بەرانبەر هەرجۆرە تەشەنە کردنی  گرژی لادەرانە لە قازانجی جووڵانەوە . بانگهێشتی هێدی و هێمنانە ی  دڵسۆزانی هاوسەنگەربۆ  لە خۆ نیشاندانی هێمنی زێدەتر بەرانبەر لاینە سیاسیەکان  ، دژبەرانی سیاسی ئەوکاتی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە ـ مجاهدینی خەڵک ) ، وەک پێداگری هەڵوێستی بەرپرسانە بۆ پتر ڕێگەبەستن لە وێکەوتنی زیان لە ڕەوتی خەباتی گەلەکەمانلە خاڵە ئەرێنی و پڕ لە بەرپرسایەتی نیشتمانی ئەو دەژمێردرێن  .

تایبەتمەندی دەگمەنی تری  مامۆستای پێشووی زانکۆ ،  ئایین ناس و کەسایەتی ئایینی ئەم شۆڕشگێڕە  لە ڕیزی شۆڕشگێرانی کورد  ئەوە بوو کە توانی  مەودای خۆی  لە گەڵ کەسایەتی تری  ئایینی کوردستان  بۆ بەربەست کردنی ڕەنگدانەوەی فەرمانە فەوتێنەرە  ئایینیە کان  لە

کردار و هەڵسوکەوتی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئایینی لە نێو جەرگەی سیاسەت و کرداری ڕۆژانەدا بوو. .

دۆکتۆر سەلماندی هەر باوەڕێکی ئایینی دەبێ لە خزمەتی مرۆڤدا بێت نەک ئەوە مرۆ خۆی دەسەمۆی بڕیارە وشک و موجەڕەدە ئایینیەکان بکات تا لەم ڕێگەوە ئایین ببێ بە دەسپێکی بڕیاری تاکڕەوانە و قازانجخوازانەی تاقم ، حیزب یان دەوڵەتێکی جەوسێنەر.

دۆکتۆر لە کرداری ڕۆژانە وسیاسی خۆیدا توانی تێکلاوی پڕ لە هەڵەی زۆرکەسایەتی ئایینی دوورکەوتوو لە ڕێبازی نیشتمانی بە پاساوی ئایینداری و هەلپەرستی لە خۆی دوور بخاتەوە.

لە سەر ئەم بنەما ڕێزدار خەلیقی کەسایەتی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆی وەک تاک و ڕێبەرێکی ئازادیخوازکە ئاسایش و بەختەوەری نەتەوەیی ڕێبازیەتی بپارێزێ و دەسەمۆیی دەسەڵاتی مادی و مەنسەب پەرستی گۆڕ بکات .

پاش تووش بوون بە ژیانی پەریوەیی لەم پێناوەدا ساتێک لە حەولدان بۆ خزمەت بە ئامانجە پیرۆزەکانی ناوەستێ بە نووسین ، وەرگێڕان و بەشداری کردن لە کۆڕو کۆمەڵی سیاسی حەولدەدات ئەوەی لە توانایدایە وەک ئامۆژکاری و دەسڕەنجی ئەزموونی سیاسی سەخاوەتمەندانە پێشکەشی تاسەمەندانی بکات.

هیوای تەمەنی پڕخێرو بەرەکەتی زیاتر بۆ دۆکتۆر خەلێقی تێکۆشەر و مامۆستا ، سپاس بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم کۆڕە و سەرکەوتن بۆ ئامادەبۆان.

سدێق بابایی ـ ئاڵمان

....................................

پەیامی کاک ڕەحیم موحەممەدزادە:

بەڕیزان هاوڕێیانی کۆڕی ڕێزگرتن لە بەڕێز کاک د. خەلیقی.

پێشەکی سوپاس بۆ ئەو هەنگاوە بە جێ و بە وەجەی ئێوە لەمەڕ پێکهێنانی کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای بەرێز کاک د. حوسێن خەلیقی تێکۆشەر و ماندوویی نەناسی بواری زانست و فێر کردن، خەباتکاری ڕێگای کوردایەتی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ.

سوپاس بۆ ئەوەی منیشتان لە بیر بووە و بۆ ئەو ڕێورەسمە بانگتان کردبووم. بەڵام بەداخەوە ئەمن هەر وەک پێشتریش رامگەیاندبوو، بە هۆی بەرنامەیەکی زۆر لە پێشدا دارێژراو ئیمکانی بەشداریی راستەوخۆم لەو بەرنامەیەدا نەبوو و لە شانازی بەشداری راستەوخۆ و حزووریی بێ بەش دەبم و دەزانم لەو بارەوە ناتوانم دەین و قەرزی خۆم سەبارەت بە ماموەستای بەرێزم کاک دوکتور بە جێ بگەیەنم و هەست بە قورسایی زیاتری قەرزێکی ئەخلاقی لەسەر شانەکانم دەکەم .

باش دەزانم کە لەو کۆڕەدا زۆر کەسایەتی هەن کە لە من زیاتر شارەزایان لەسەر کاک دوکتور خەلیقی هەیە و بێگومان ئەو چەند دێڕە نووسراوەیەی من بە تۆزی لێکدانەوەکانی وان ناگا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە من بە تایبەت لە دەورانێکدا شاهیدی راستەوخۆی بەشێک لە جۆامێرییەکانی بەرێزیان بووم، بۆخۆمم پێ کەمایەسییەکی ئەخلاقی و بۆ ئەوم پێ غەدر بوو کە باسیان نەکەم، دیارە ئەمن تەنیا شاهیدی ئەو جۆامێریانە نیم و رەنگە ئەگەر ئەو ڕێوڕەسمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لەو کەش و هەوا ناهەمۆارەی ئێستادا و لە ژێر چاوەدێریی نووکی سەرنێزە و پۆستاڵی داگیر کەراندا گیرابا، و کاروانی قوتابییەکانی جا چ کورد و چ غەیری کوردئیمکانی بەشدارییان لە کۆڕێکی ئەوتۆدا هەبوایە،بەشداران وباسەکان ئەوەند زۆر دەبوون کە کات هەمیشە کورتی دێنا. بەڵام مخابن ئێستا کاک دوکتور لە غوربەت و قوتابییەکانیشی هەرکام پەرتەوازەی گۆشەیەکی ئەو دونیایە و ئەرکیش بۆ چەند کەسی ئاوارەتر .

سەرەتای ئاشنایەتی من لە خزمەت بەرێزیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانێ ١٣٥٤- ١٣٥٥ ی هەتاوی، یانی ساڵەکانی ١٩٧٥-١٩٧٦ زایینی. ئەو کات من خوێندکار بووم لە زانستگای تەورێز و گەنجێکی٢٣-٢٢ ساڵە بووم . ئەو کات بەرێزیان پیاوێکی کامڵ بوو، نازانم تەمەنی چەند بوو( بە تەخمین 65 ساڵ بە گاڵتە) بەڵام بەڕێزیان مامۆستای زانستگا و پلەی دوکتورای هەبوو.

کەش و هەوای ئەو کاتی دانیشگاکانی ئێران بە قەولی فارسان زۆر " ملتهیب" بوو، دیارە ئەو " التهابە" لە دانیشگای تەورێز زۆر پڕ رەنگتر بوو، تەورێز شاری باقرخان، سەتار خان و سەمەدی بێهرەنگی و کۆنە پێتەختی کۆماری جۆانەمەرگی ئازەربایجان بوو. کەش و هەوای زاڵ بەسەر دانیشگای تەورێز دژایەتی لە گەڵ سیستمی حکوومەتی حەمەرەزا شا بوو. زۆربەی خوێندکارەکانی ئەو کات بە هۆ یان بێ هۆ دەبوو خۆیان لە گەڵ ئەو کەش و هەوایە رێک بخەن و بکەونە ناو بازنەی دژبەرانی حکوومەت. کارتێکەریی ئەو کەشە و هەوایە بۆ سەر ئێمەی

خوێندکاری کوردی ئەو کات چەندین قات بوو. هەستکردن بە بێ بەشی گەلی کورد لە  مافە سیاسی و حقوقییەکانی، فەقر و فلاکەتی کۆمەڵایەتی کە رۆژانە بە ئێسک و پێست هەستمان پێدەکرد، پێوەندیی دەسەڵات وجوڵانەوەی کورد لە گەرمێن و بۆنی شکانی ئەو جولانەوەیە و تاوانبار بوونی  حکوومەت و زۆر هۆکاری دیکە.

ئەو کەش و هەوایە وای کرد بوو کە خوێندکارەکان بە تایبەت لە رشتە نەزەرییەکاندا  گرنگی زیاتر بدەن بە خەبات، دەرس و دەور دەکەوتە پلەکانی خوارووتر. جا بۆیە عەلاقە بە خوێندن و چوونە سەر کلاسی دەرس زۆری لە کورتییە دابوو.  زۆر جار هەڵدەکەوت کە مامۆستایەک بۆ ژمارەیەک خوێندکاری کەمتر لە قامکەکانی دەستی دەرسی دەکوت، ئەو لە حاڵێکدا بوو کە بە دەیان کەس  ناوی خۆی نوسیبوو و زۆر جار اماموەستا لە گەڵ ئەو ژمارەکەمەش تووشی دمەقاڵە و کێشە دەبوو .

 ئەو کات لە دانیشگای تەورێز دەگمەن مامۆستا هەبوون کە خوێندکار گوێیان بداتێ ئەگەر لە بیرم مابێ جگە لە د. خەلیقی، پێموابێ  یەک دوو مامۆستای دیکەی وەک د. ئاریانپوور و د. مورتەزەوی کە کۆمەڵناسیی  و ئەدەبیاتیان دەکوت، هەبوون کە جێگای شیاوی مامۆستایەتیان لە نێو خوێندکارەکاندا هەبوو .

 بەڵام کلاسەکانی د. خەلیقی لە چەندین بارەوەتەواو بە پێچەوانەی کلاسی مامۆستاکانی دیکە بوو،  بۆ وێنە ژمارە و جێگای ئەو کەسانەی کە دەرسی وییان هەڵدەگرت خێرا پڕ دەبۆوە و جێگا نەدەما. ئەو جار کلاسی دەرسی د. خەلیقی هەر جمەی دەهات، ئەگەر پەنجا کەس جێگای دەست کەوتبا هەمیشە بە سێ قات خوێندکار بەشدار دەبوون و جگە لە سەندەڵی کلاسەکان سەر عەرد و رێرەوی نێوان سەندەڵییەکانیش پڕ دەبوون لە خوێندکار.کلاس حاڵەتی کلاسی لە دەست دەدا و وەک کۆبوونەوەیەکی گەورەی سیاسی لێدەهات. سەراپای بەشداران  نوقم وماتی گوێدان و بەقەولێک، مێش وزەی نەدەهات. دەرس وتنی بەرێزیان دەستی پێدەکرد و  لە پاشان بە موناقشە و بەڵگە و کۆمینتار هێنانەوەی دوکتور درێژەی پێدەدرا .

مامۆستایەکی بە جورئەت و غیرەت کە زۆر جاران قسەکانی لە کلاسدا بۆنی خوێنیان لێدەهات و قەتم لە بیر ناچێ، لە ئەوپەڕی دەسەڵاتی ساواکدا ئەو لە کلاسدا دەیکوت شۆڕش دەبێ "سوور بێ نەک سپی"!و خوێندکارەکانی نوقمی دەریای بیر کردنەوە دەکرد. کاتێک دەرس کۆتایی دەهات و خوێندکار کلاسی دەرسیان چۆل دەکرد بە مێشکدا نەدەهات کە چۆن ئەو حەشیمەتە لەو کلاسەدا جێگایان بۆتەوە و ئەوە لە حالێکدا بوو کە کلاسی مامۆستاکانی دیکە خێریان پێ دەشیا .

لەو کلاسانەدا بوو کە ئەمن لە گەڵ بەرێزیان وەک قوتابی ئاشنا بووم و لەمەو پاش وجوودی بوو بە مایەی هیوا و هومێدی ئێمە و شوێنی کاری بوو بە پەناگا و مەکۆی خوێندکارە کوردەکان  .

رۆژێکیان لە نیزیک دانشکدەی ئەدەبیات خۆپێشاندان هەبوو( ساڵەکەم لە بیر نییە) منیش وەک هەمیشە تێکەڵ بە دەریای خۆپێشاندەران بووم، لە پڕ پۆلیس هێرشیان کردو و لە بەد شانسی من

بە تەنیا مامەوە و پۆلیس منیان هەڵبری و منیش جێگا نەبوو بە ناچار رووم لە دانیشکەدەی ئەدەبیات کردو رام کرد بۆ نهۆمی دوو و لە گۆشەیەک خۆم مات کرد. هەر ئەوەندەم دیت پۆلیسەکان بە پێچەوانەی یاسای دانیشگا هاتنە نێو دانیشکەدە و هاتنە نهۆمی دوو. ئەمن دەمزانی دەگیرێم و بە پەلە خۆم لە هۆدەی کاری کاک دوکتور هاویشتو پرسیاری کرد چ بووە؟ کوتم پۆلیس بە دوامەوەیە. کوتی دانیشە و پاش چەند لەحزە پۆلیسەکان بەر دەرگای هۆدەکەی ویان گرت و داوای منیان کرد. کوتی لێی بگەرێن و کوتیان نا دەیبەین. کوتی ئەمن دەلێم لێی بگەڕێن. کوتیان قەبووڵ ناکەین و دەیبەین، وەک ئێستام لە بیرە کوتی ئەگەر پیاون دێنە ژوور و بزانن" قلمهاتوون را میشکنم یا نە" پۆلیسەکان ئەگەر ئەو بەرهەڵستکارییەیان دیت نەیان وێرا بێنە ژوور و پاش ماوەیەک راوەستان بە ناچار رۆیشتن و منیش پاش ماوەیەکی زۆر کە دیتم مەترسی نەماوە رەفعی زەحمەت و خەتەرم کرد. بۆ گرتنی هەڵوێستی ئەوتۆ پێویستە مرۆڤ زەمان، بەرپرسایەتی و بەرژەوەندییەکانی شەخسی و مەترسییەکانی بێنێتە بەرچاو و قەزاوەتی لەسەر بکا.

کاک دوکتور زۆر تایبەتمەندی شازی دیکەی وەک تێکەڵاوی برایانە و رەفیقانەی لە گەڵ زۆربەی خوێندکارەکان بە تایبەت کوردەکان هەبوو و زۆر خاکەڕایانە هەڵس و کەوتی لە گەڵ دەکردن و ئەو رەفتارە وای کردبوو کە زۆربەی خوێندکارەکان وەک هاوڕاز و جێگای متمانە پشتی پێ بەستن، جگە لە هەموو ئەوانە بوێری دوکتور لە بەیانی بۆچوونەکانیدا جێگای سرنج و لە راستیدا فەخری قوتابیە کوردەکان بوو. ئەو لە بەیانی نەزەراتی خۆی لە دانیشگادا قەت نانی بە کەس بەقەرز نەدا و لە دەربڕینی بۆچوونەکانیدا بە بێ لەنەزەر گرتنی بەرژەوەندی شەخسی، بێ پەردە و بێ پارێز لە مەیدان دابوو. ئەو خسلەتە بوێرانەی بۆ خوێندکارەکان ببوو بە مەکتەب و هەموو بە چاوی رێز و حورمەت وەک ماموەستا، براگەورە ، جێگای متمانە چاویان لێدەکرد. ئەو جێگا متمانەیە وایکرد کە لە سەروبەری رووخانی رێژیمی پاشایەتیدا بە بێ قسە و نەزەری

د. خەلیقی کارێک لە زانستگای تەورێز بەڕێوەنەدەچوو و بەرێزیان لەسەر متمانەی خوێندکار و کادری زانستیی ئەو زانستگایە بوو بە جێگای باوەڕترین مۆرەی کاربەڕێوەبەری ئەو زانستگایە .

خۆ ناکرێ باسی دانیشگا، قوتابی، ئازایەتی و بوێری ئەو سەروبەندە بکرێ بەڵام باس لە رۆڵ و نەقش و کاریگەری کاک دوکتور لە خۆپێشاندانەکان بە تایبەت لە شارە کوردییەکان نەکەین. لەو بەشەدا تەنیا ئەوەندە دەلێم کە ئەگەر مرۆڤەکانیش باسی نەکەن بەڵام مێژوو زوڵم لە خۆی ناکا و بە شانازییەوە ئەو خەباتە لە لاپەڕەکانی خۆیدا سەبت دەکا .

هەرچەند دەزانم کاک د. خەلیقی برێک درەنگ هاتە نێو کاروانی تێکۆشەرانی دیموکرات، بەڵام شاهیدێکی مێژوویی دیکەم لە لایە کە حەق نییە ئاماژەی پێ نەکەم. هاوینی پاش هەوەڵین هێرشی حکوومەتی تازەی کۆماری ئیسلامی من بۆ هێندێک کار گەڕابوومەوە تەورێز و رۆژێک میوانی کاک دوکتور بووم کە هەواڵی گەڕانەوەی بەرێز کاک جەلیل گادانی لە تارانەوە بۆ مەهابادی بە دەست گەیشتبوو. ئەو رۆژەیان کاک دوکتور ژانی کردبوو کە چۆن کاک جەلیل لە

تارانەوە بە ڕێگای تەورێز بە سەلامەتی دەربازی مەهاباد بکا. کەش و هەوای ئەمنییەتی بە رادەیەک مەترسیدار بوو کە لە دار و دیواری وڵات وەحشەت دەباری، بچووکترین گومانی پاسدار دەبوو بە مایەی بەبادانی سەرو ژیان. بەڵام سەرتاسەری ئەورۆژە دوکتور حەجمینی نەبوو، چەندین پلانی داڕشت هەتا بەرێز کاک جەلیل رزگار بکا. درەنگانێکی ئێوارێ هەواڵی بۆ هات کە کاک جەلیل بە سەلامەتی دەربازی مەهاباد بووە.

بێگومان جۆامێرییەکانی ئەو کاتی د. خەلیقی زۆر لەوە زیاترن، بەڵام هەم مێشکی ژەنگ لێدراوی من کەمی لە بیرن و هەمیش باسی زۆرتر بە فیرۆدانی کاتە بۆیە من لەو بەشەیاندا کۆتایی بەمبەشە لە باسەکەم دێنم.

لە پاش ئەو ڕووداوانە و تا ئەو کاتە کە لە پاییزی ١٣٥٨ی هەتاوی بە یەکجاری ببم بە پێشمەرگە یەک دوو جاری دیکە بە خزمەت کاک دوکتور گەیشتم و هەر جارێ دونیایەک باسی سیاسی و... دەکران، ئیتر ئەو کات خەت و نیشانی حیزبە سیاسییەکانی کوردی بەتەواوی دەرکەوتبوو و زۆربەی ئەو کەسانەی بڕیاری خەباتیان دابوو، خەتی خۆیان روون کردبۆوە و منیش بۆ پێشمەرگایەتی لە ریزەکانی حیزبدا بڕیارم دابوو .

من بووم بە پێشمەرگە و بێ خەبەر لە کاک دوکتور. بۆ ئاگادار بوون لە وەزعی کاک دوکتور لە زۆربەیهاوڕێیانی جنوبم دەپرسی، پێموایە ئاخرییەکانی ساڵی ١٣٦٢ و یان هەوەڵەکانی ١٣٦٣ هەتاوی بیستم کە بەرێزیان لەوە زیاتر نەیتوانیوە ئەگەر بە مەسڵەحەتیش بێ، لە پێشمەرگەکانی سەنگەری خەبات دوور بێ و بۆیە هاتبووە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە جنووبی کوردستان و بە شێوەی خۆی خەریکی خەبات و رۆشنگەریی کۆمەڵانی خەڵک بوو. هەتاچوونی هیئەتێکی دەفتەری سیاسی بۆ جنووب کە کاک دوکتور لە گەڵ ئەوان تەشریفی هێنا بۆ ناوەندی حیزب و بۆ جارێکی دیکە بە دیداری شاد بووینەوە.

دیارە کاک دوکتوریش وەک هەموو مرۆڤێک لە هەموو قوناخەکانی ژیانیدا، چ ئەو کات مامۆستای دانیشگا بوو و چ ئەو کاتەی شۆڕشگێڕێکی مەیدانی خەبات بوو و چ ئێستا، بێ بەری لە هەڵە و کەم و کووڕیی نەبووە و نییە ، بەڵام ناتوانم بە هۆی گلەیی،کاریگەری و جێ پەنجەی بەرێزیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ کوردایەتی نادیدە بگرم. کاک دوکتور بە چاوپۆشی لە هەموو پلە و پایەی زانستگایی وەک مامۆستایەک ساڵیانێکی زۆر وەک پێشمەرگە بە کۆڵیک نەهامەتی و گیروگرفتی شەخسی و سیاسی لە هەل و مەرجە دژوارەکاندا کەشکۆڵ لە کۆڵ خزمەتی بیری کوردایەتی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دیموکڕاتی کرد .

لە هەموو شتێک گرینگتر ماندوویی نەناسی بەرێزیانە، لە نووسینی چەندەها پەرتووکی بەنرخی عیلمی، فەلسەفی و بیرەوەرییەکانی.ڕەنگە بۆ کەساتێکی وەک کاک دوکتور، کە لە بنەڕەتدا بە ئەدەبیات و پەروەدەی ئیسلامی باڵای کێشاوە هەروا ئاسان نەبێ ئەویش لە هەل و مەرجێکدا کە

ئیسلامگەرایی بناژوو و توندڕەو قولە بە رەخنەگرانیان دەکەن، پڕداتە قەڵەم و باس لە ناتەبایی ئائین و دیموکراسی بکا و ماموەستایانە جەڕاحی ئەو ناسۆرە بکا و کۆمەڵانی ئائیندار وشیار کاتەوە. شەقڵی بنەمای بە هێزی عیلمی و ئیستدلالی بە پێز و جورئەتی فەردی ڕازێنەرەوی بە بەشی هەرەزۆری نوسراوەکانی بەڕێزیانن. بێگومان ژومارە و قەبارەی کتێبەکانی بەڕێزیان لە گەڵ ئیمکاناتی مادی و هەبوونی کاتی بەڕێزیان یەک ناگرێتەوە، بۆیە دەبی بڵێین کە مایەدانانی بەڕێزیان لەو بارەشەوە جێگای سوپاس و بوون بە سەرمەشق بۆ جیلەکانی داهاتووی گەلەکەمانە .

بێگومان تێکۆشان، ماندوویی نەناسی، شەهامەت و لەخۆبووردوویی و زۆر خسلەتی بەرزی دیکە، بەڕێزیان وەک مرۆڤێکی ماندگار و جێگای ڕێز لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەناوی بەرزی دەهێڵێتەوە .

تەمەنی درێژ، قالبی ساغ و وزەی زیاتر بۆ بەڕێزیان ئاواتمە.

رحیم محمدزادە

**20ی دیسامبری 2014**

..............................

پەیامی کاک تاهیر عەلیار:

کۆڕێک کە بۆ رێز گرتن وتەجلیل لە ئوستاد دوکتور حوسێنی خەلیقی

حازرینی بەرێزی مەجلیس، سەلامتان عەرزدەکەم . لە کۆڕێکی گەرم و پیرۆزدا لە دەوری یەک کۆبووینەوە، کۆڕێک کە بۆ رێز گرتن وتەجلیل لە ئوستاد دوکتور حوسێنی خەلیقی پێک هاتوە. فازل و دانشمەندێکی بە ناوبانگ ، مامۆستایەکی خاوەن جێ و رێی زانکۆ ، تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەر و سیاسیکارێکی داهێنەر و خاوەن بیر و بەر لە هەر شتێک کەسایەتیە کی ئینسان و ئینساندۆست کە هەموو ژیانی خۆی لە داکۆکی کردن لە مافی ئینسان وپێک هێنانی کۆمەلگایەکی ئینسانی و دادگەر دا بردەسەر. ئاشنایەتی من لە گەل ئەو کەسایەتیە دانشمەندە نزیک بە چڵ ساڵ دەخایەنی. ساڵی 1353 ئەمن وەک گەنجێکی 19 ساڵەی خوێندکاری زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە دانشکەدەی عولوومی ئینسانیی دانشگای تەورێز نێوم نووسی. ئەوکات ئوستادخەلیقی لەو دانشکەدەیەدا رەییسی دپارتمانی فەلسەفەبوو لە دەورەی شەوانەدا و لە دەورەی رۆژانەشدا کورسی ئوستادیی فەلسەفەی ئیشراقی بۆ خۆی تەرخان کردبوو .

دانشگای تەورێز یادگاری کۆماری میللی ئازەربایجانە و لە زەمانی باش وەزیریی پێشەوەریدا تەئسیس کراوە . هەوەڵین رەییسی ئەودانشگایە دوکتور جهانشاهلوئەفشار موعاونی پێشەوەری بوو. خوێندکارێکی زۆری کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەلاتی کوردستان رووی تێدەکردو ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری کورد تێدابوو .لە کلاسەکەی ئێمە پینج نەفەر، کوردبووین و هەر لە رۆژەکانی هەوەڵەوە دەستمان کرد بە پرسین بزانین کوردی دیکەی ناسیاو کێی لێ یە. دوایە بۆمان دەرکەوت ئەو خوێندکارە کوردانەی لە ئێمە ئەرشەدتر بوون ئەوانیش گەرابوون بزانن خوێندکاری تازە کێ هاتوە و لەو گەرانەدا بوو چاوم بە کاک عومەر ساکار و دوکتور سەوجە کەوت و دوای ئاشنابوون دەگەڵ یەکتر ئەوەی لازم بوو لە سەر هەموو شتێک زانیاریم وەرگرت و لە نێو قساندا دوکتور سەوجە پرسی , چاوت بە دوکتور خەلیقی کەوتوە ، کوتم نەخێر . ئیدی باسەکەی هێنا سەر ئەو ئوستادە کوردانەی کە لە دانشکەدەی عولوومی ئینسانی دەرسیان دەگوت وەکوو ئوستاد دوکتور خەلیقی و ئوستاد تورجانی زادە و ئوستاد فەتاحیی قازی . هەوەڵین ناسیاویم سەبارەت بە ئوستاد خەلیقی لە وێرا دەستی پێکرد. بە داخەوە دوکتور سەوجە دوای گۆڕانی رژیم ، لە شاری مهابادبەدەستی کۆماری ئیسلامی ئیعدام کرا، یادی بە خێر .

هەر لەورۆژانەدا لە ویترینی چاپەمەنیەکانی دانشکەدەی ئەدەبیات دا چاوم بە کتێبێک کەوت بە نێوی (رازآفرینش) کە نووسەرەکەی ئوستاد خەلیقی بوو ئیدی هەستم کرد دیتنی بۆم بۆتە وەزیفە و رۆژێك دیتم لە ساختمانەکەی دیکەی دانشکەدەی ئەدەبیات کۆمەڵێک خوێندکار لە دەوری ئوستادێک کۆبوونەوە و بە گەرمی خەریکی وتووێژن . بە شێوەی قسەکردنی ئوستادەکە دا زانیم تورک زمان نیە. پرسیارم کرد، کوتیان دوکتور خەلیقیە . پیاوێکی خۆش پۆشی تەمەن دەوری چڵ ساڵ ، ئارام و لە سەرە خۆ و هەتا بڵێی خۆشەویست و جێگای ئیحترامی هاوکار و خوێندکار. بەداخەوە بە هۆی جیاوازی رشتەی خوێندنەوە قەت ئەو بەختەوەریەم نەبوو

راستەوخۆ لە سەر کەلاسی دەرسی دانیشم بەڵام دەیان جار کە ئاوا خوێندکار لە بەر دەرکی ژوورەکەی لە دەوری کۆ دەبوونەوە ئەمنیش رادەوەستام و کەسبی فەیزم دەکرد . وای لێهاتبوو هەر , پۆلیکم خوێندکار دیبا کە لە دەوری ئوستادێک کۆ بوونەوە دەمزانی ئوستاد خەلیقیە و مەجالم با دەچووم رادەوەستام و گوێم دەدایە. لە سەرەخۆ و مەردمدار بوو. ئیستدلال و کەلامێکی بە هێزی هەبوو و هەمیشە شتی تازەی پێ بوو. لێی ماندوو نەدەبووی. ئەو کات ناموڵایماتی رۆژگار ئێستا بەردەرکەی پێ نەگرتبوو و شەڕی پێ نەفرۆشتبوو کە وەڕەز و عاجزی بکا. تەنیا ئوستادێک بوو کە ئاوا بە ئاشکرا دەگەڵ خوێندکار تێکەڵ دەبوو و بێجگە لە دەرس لە ژیانی کۆمەڵایەتیش دا هاو راز و جێی باوەریان بوو .

کادری ئاموزشیی دانشکەدەی ئەدبیات ئەوکات هەمووی ئازەربایجانی بوو و بەدەگمەن ئوستادی غەیرە تورکی تێدابوو . ئوستادی زاناو ئەدیبی گەورەی وەکوو دوکتور مەنووچیهر مورتەزەوی ،کۆمەڵناسی وەکوو ئاریانپوور، زمانناسی وەکوو دوکتور بەهمەن سەرکاراتی وعەرەبی زانی وەکوو قازی تەباتەبایی و دەیان سیمای فەرهەنگیی هاوتەرازی ئەوانەی تێدابوو کە لە سەراسەری ئێران دا کەم وێنە بوون ئێمەی خوێندکاری کوردیش شانازیمان بەو سێ ئوستادەکوردەی خۆمان(تورجانیزادە، خەلیقی، فەتاحیی قازی) دەکرد کە لە نێو ئەو کادرە ئاموزشیەدا جێگای خۆیان هەبوو و هەستمان دەکرد بە هۆی ئەوانەوە سەرێکمان لە نێو سەران دایە.

ئوستاد ئەحمەدی تورجانیزادە خاوەنی پێشینەی گەشی سیاسەت و کوردایەتی بوو . لە ژێرچاوەدێری سمایلاغای سمکۆدا و بە یاریدەی براگەورەکەی خۆی ئوستاد محەمەدی تورجانیزادە و تێکۆشەری خاوەن جێ و رێ عەبدولرەزاق بەدرخان هەوەڵین کۆڕی فەرهەنگیی کوردیی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە نێوی (گێهاندن) تەئسیس کرد و گۆواری رۆژی کورد شەوی عەجەمیان لە شاری ورمێ بڵاو کردەوە . ئوستاد محەمەد تورجانیزادە سەردەبیری ئەو گۆوارە بوو و ئوستاد ئەحمەدی تورجانیزادە ی برای لە و کارەدا یاریدەدەری بوو. ئوستاد ئەحمەدی تورجانیزادە پیر و بەساڵداچوو بوو ، بازنشست ببوو ، تەنیا بۆ سمیناری ئەدەبی و زمانەوانیی گرینگ دەهاتە دانشگا و کاتێکیش دەهات هێندەی رێز لێ دەگیرا کە چەندین ئوستاد دەچوونە بن پیلیەوە و لە پلیکانان وەسەریان دەخست. زۆربەی ئوستادەکان لە تەوزیح دانی مەسایلی گرینگی زمانی عەرەبی و فارسی یا زۆر بابەتی فکری و فەلسەفیدا ئیستنادیان بە بۆچوونی ئوستادتورجانیزادە دەکرد .

ئوستاد قادری فەتاحیی قازی دەرسێکی دەکوتەوە بە نێوی (بررسی یکی از گویش های ایرانی) کە ئەڵبەتە زمانی کوردی بوو . ئەمن خوێندن و نووسینی کوردی لە مەحزەری ئەو جەنابە فێر بووم و لە زانست و توانابیەکەی کەلکم وەرگرت. ئوستاد فەتاحیی قازی شێوەی نووسینی کوردی هەم بە پیتی لاتین و هەم بە پیتی عەرەبی دەرس دەکوتەوە و لە پیتی لاتین دا ئەو چوار پیتەی دەوڵەتی تورکیە قەدەغەی کردبوو ئەو بەکاری دێنا و چ لە نووسین و چ لە خوێندنەوەو تەلەفوز دا شێوەکەی ئەو رەوانتر و خۆشتر لەو شێوەیەبوو کە ئێستا لە خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی

بە پیتی لاتینی بە کار دەهێندرێ. زۆری پەرۆشی زمانی کوردی بوو . دەیفەرموو میکانیزاسیون دەمار لە رۆژگاری زمانی کوردی دەردێنێ چونکە ئێمە ی کورد کۆمەلگایەکین بە هەزاران ساڵ ئاژەڵداری و کشت و کاڵمان کردوە و زمانەکەمان پرە لە وشەی ئەو شێوەکارەو کولتور مان پرە لە ئاسەواری ئەونەوعە ژیانە و ئێستا کە هەموو شت خەریکە میکانیزە دەبێ کێ هەیە خۆی لەو شانە بە ساحەب کا . ئیدی بەکارناهێندرێن و کاڵ دەبنەوە و دوای ماوەیەک لە بیر دەچنەوە. بۆ هەرکام لەو خوێندکارەکوردانەی دەرسەکەی ئەویان دەخوێند ئەرکێکی دیاری کردبوو کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن ، بۆ وێنە بۆ منی دیاری کردبوو لەسەر چاندنی گەنم لە دەستپێکەوە لە کێڵانی زەویەکەوە و چاندنی گەنمەکە و ئاودان و رەپستەبوون و فەریکە بوون و....هەتا دەکرێ بە نان و دێتە سەر سفرە هەمووی کۆبکەمەوە و وشەکانی رەدیف کەم و پێشکەشی کەم و کاتێک کارەکەم ئەنجامدا و هەمووی پەسند کرد، لە سەر ئەوەی ناوی ئەو باڵندەیەی کە هەمیشە لە کاتی جووت کردن بە دوای جووتەکەوەیە و لە کێڵگەکە چینە دەکا و ئەمن سەرنجم نەدابوە ئەوە و نێویم نە زانیبوو، نمرەی نەدامێ و هەتا نێوی باڵندەکەم بۆ نەهێنا لێی قوبووڵ نەکردم. دەیکوت ئەگەر خوێندکاری کورد بەتایبەت ئەوانەی خوێندکاری رشتەی زمانن هەوڵی زیندووڕاگرتنی زمانی کوردی نەدەن ئەی کێ دەبێ ئەو کارە بکا؟

ئوستاددوکتور خەلیقی لە بەینی ئەو سێ ئوستادەدا بەرچاوتر بوو چونکە تورجانیزادە پیر ببوو و ئیدی دەرسی نەدەکوتەوە و نەدەبیندرا . ئوستاد فەتاحیی قازیش واخەریکی لێکۆڵینەوەو دەرس بوو خۆی بە هیچ شتێکی دیکەوە ماندوو نەدەکرد و لە سەر کلاسی دەرس نەبا نەتدەدی . گۆشەگیر بوو . تێکەڵی جەماعەت نەدەبوو. بەڵام ئوستاد خەلیقی بێجگەلە حوزوور لە کلاسی دەرس لە هەموو کۆڕێکی فەرهەنگی و تێکۆشانێکی فکری و جموجۆڵی دانشگادا دەبیندرا و لەو بارانەوە نموونە بوو. لە تەدریسی فەلسەفەی ئیشڕاقیش دا تاقانە بوو . تەنیا ئەو بوو کە دەیتوانی ئەو فەلسەفەیە تەوزیح دا و خوێندکاری بۆ پەرورده بکا .

فەلسەفەی ئیشڕاق لە لایەن شێخ شەهابەدین یەحیا سوهرەوەردیەوە دامەزراوە و تێئوریزە و فورمووله کراوە. ناو براو لە ئاوایی سوهرەوەردی زەنجان ساڵی**549** ی کۆچی **1155**ی میلادی هاتۆتە سەر دنیا و ساڵی **588** لە تەمەنی سی وهەشت ساڵیدا بە فیتنە گەری و نەخشەی موتەشەرعینی زەمان و بە دەستووری سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی لە شاری حەڵەب کوژراوە . حەمدوڵا مستوفی لە تاریخی گوزیدەدا دەڵێ : خەڵکی سوهرەوەرد بە زاراوەیەکی نزیک لە زمانی پەهلەوی قسە دەکەن و بۆخۆم لە دوکتور خەلیقیم بیستوە کە دەیفەرموو سوهرەوەردی کورد بوە. شەمسەدینی شارەزوریش کە شەرحی حاڵی شهابەدین سوهرەوەردیی لە کتێبی (نزهەت الارواح و روضە ت الافراح) دا نووسیوە، ئیشارە بە کورد بوونی سوهرەوەردی دەکا .

شێخ شەهابەدین یەحیا سوهرەوەردی لە مەراغە لە لای فەخرەدینی جیلی دەرسی خوێندوە و دوایی چۆتە ئیسفەهان و لە مەحزەری زەهیرەدینی قاری دا درێژەی بە خوێندن داوە و هاوکەلاسی فەخری رازی بوە کە لە دوژمنایەتی فەلسەفەدا بە ناوبانگە. دوایە دەستی بە گەڕان بە هەموو ئێراندا کردوە و پاشان چۆتە ئاناتولی و شامات و لە شاری حەڵەب، زاهیرشا کوڕی

سەلاحەدینی ئەیوبی بە رێزەوە لە بن باڵی خۆی گرتوە وخۆشی ویستوە. سوهرەوەردی لە حەڵەب لە دەرباری زاهیرشادا ماوەتەوە و فە لسەفەی ئیشراقی خۆی لەوێ تەدوین کردوە. بۆخۆی نێوی ئیشراقی بۆ فەلسەفەکەی هەڵبژاردوە کە بە مانای درەوشانەوە و هەڵهاتنی رۆژە . نەزەراتی ئیفلاتوون، ئەرەستو، نەوئیفلاتوونیان، زەردەشت و هەرمسی لێک گرێداوە و فەلسەفەیەکی دامەزراندوە کە باوەڕی بە عەقڵ هەیە بەڵام بە تەنیا مەرجەعی شناختی نازانێ بەڵکوو کەشف و شهود و ئیشراق بە شەریفترین و بڵیندپایەترین قوناغی شناخت دادەنێ. دەتوانین بڵێین فەلسەفەی ئیشراق لە سەر دوو پایەی زەوق و ئیستدلال داندراوە. سوهرەوەردی دەڵێ : بوون(هستی) غەیری نوور شتێکی دیکە نیە و هەرچی لە جیهان هەیە و دوایە بە وجود دێ نوورە . بەشێک لە نوور رەقیق و بەشێکی غەلیزە . بەشێکی زەراتی لێک بڵاو(پراکندە) و بەشێکی پێکەوە لکاو(متراکم) ە . نووری بە هێز و لاواز تیشک دەخەنە سەر یەک تر و ئینسانیش تابعی ئەو قاعیدەیەیە و نور دەپرژێنێتە سەر نوورەکانی دیکە، کە وابوو (فیاض) ە

سوهرەوەردی نێوی نورولئەنواری لە سەر ئەو وجودشناسیە داناوە کە بۆ خۆی باوەڕی پێیەتی و دەڵێ: حەقیقەتی ئیلاهی کە دەرەجەی گەورەیی و نوورانی بوونی چاو کوێر دەکا ناکرێ بە هۆی هیچ ئامراز و دیاردەیەکی دیکەوەغەیری نوور تەوزیح بدرێ . نوورولئەنوار یا نووری موتڵەق هەمان وجودی موتڵەقە و هەموو بوونەوەرێک بوونی خۆیان لەوڕا کەسب کردوە و بوون (هستی) شتێک غەیری دەرەجاتی جوراوجوری روشنی و تاریکی نیە ، بۆیە سیلسیلە مەڕاتبی بوونەوەرەکان پەیوەندیان بە میزانی نزیکی و دووریان لەنوورولئەنوارەوەیە ، یانی میزانی دەرەجەی ئیشراق و نوورێک کە لە نوورولئەنوارەوە پێیان دەگا. خودا بە نوورولئەنوار و سەرچاوەی نوورانیەتی بوونەوەرەکانی دیکە دەزانێ .

سوهرەوەردی پێی وایە لانکەی فەلسەفە تەنیا یونان و دنیای رۆژاوا نیە بەڵکو تەمەدونی ئارياییش خاوەنی بۆچوونی فەلسەفی خۆیەتی و تەواوی ئەو باوەڕانەی لە جیهان بینی میترایی و ئایینی مەزدیەسناداهەیە باری فەلسەفی خۆی هەیە. بۆیە سیماکانی ئەو ئایینانە بەرجەستە دەکاتەوە وەکوو جاماسب و بزورگ میهر و کەیخوسرەو کە سپاسالاری چاکانە(خوبان) و دانیش و مەعرفەتێکی کە هەیەتی قودسیە نەک ئەوەی بە دەستی هێنابێ ، سوهرەوەردی بە زیندووکەرەوەی عرفانی ئاریایی و خوڵقێنەری حیکمەتی خوسرەوانی دەناسرێ. لە فەلسەفەی سوهرەوەردیدا ئیستدلال دەگەڵ ئیشراق ئاوێتە کراوە و غایەتی فەلسەفەش نەجاتی نەفس لە زیندانی تاریکیی هەوا و هەوەس دەزانێ.

ئەو فیلسوفە بەناوبانگە خاوەنی کۆمەڵێک کتێب و رەسالاتە کە لە سەد بەرهەم تێدەپەڕێ و لەلایەن پروفسور هانری کربن فەرانسەویەوە کۆ کراونەتەوە. نەزەراتیی فەلسەفیی سوهرەوەردی لە پاش خۆی لە بەرهەمەکانی فەلسەفیی مەلاسەدرای شیرازی دا تاو توێ کراوە و پەرەی پێدراوە .

سوهرەوەردی لە فیلسوفان و عارفانی وەحدەتی وجودە و پێی وایە(بوون) هەستی لە مەنشەئێکی واحیدەوەسەرچاوەی گرتوە و ئینسان دوای تێپەڕ کردنی ژیانی ناسووتی دەگەڵ ئەو مەنشەئە لاهوتیە تێکەڵ دەبێتەوە و ئەو پرۆسەیەی لە بەرهەمەکانی دا بە زمانی رەمز و تەمسیل بەیان کردوە. بۆ وێنە لە رەسالەی (عقل سرخ ) دا کە داستانی بازێکە قوناغی جوراوجوری فڕین دەبڕێ تا دەگاتە مەنزڵی مەقسوود ، مەنزووری ئەوەیە عەقڵ دەبێ بگاتە قوناغی عیشق بۆوەی سوور بێتەوە و بدرەوشێتەوە وەکوو ئاسنێک کە لە کوورەی ئاوری دەنێی دوای ماوەیەک لە رەشایی پاک دەبێتەوە و زولال دەبێ و سوور هەلدەگەڕێ . بۆ گەیاندنی ئەو مەتڵەبە رەمزیە تەمسیلی سەرنج راکێش دێنێتەوە وەکوو درەوشانەوەی تیشکی رۆژ لە سەر زرێی ئەسفەندیار لە مەیدانی شەڕ دا کە هیچ چاوێک توانای نیە لێی وردبێتەوە چونکە وا لە نورولئەنوار نزیکە کە لە راستی دا بەشێک لەو جەوهەرەیە و هیچ چەکێک نای بڕێ و هیچ هێزێک دەروەستی نایا. دەزانین کە ئەسفەندیار شوالیەی دینی زەڕدەشتیە و لە ئەوێستادا نێوی(سپەنتودات) یانی (داده مقدس) ە تەواوی شانامەش هەر بە رەمز و تەمسیل نووسراوە و فیردەوسی بۆخۆی دەڵێ :

تو این را دروغ و فسانه مدان بە یکسان روش در زمانه مدان

ازو هرچه اندر خورد با خرد وگر بر ره رمز معنی برد

بەکار هێنانی رەمز و تەمسیل بۆ بەیانی مەقسوود و مەنزوور لە لایەن فیلسوفان و عارفان و ....لەبەر ئەوە بوە نەزەراتیان دەگەڵ فکری زاڵ بە سەر کومەلگادا دژایەتی هەبوە و دەگەل بیری ئیسلامیی رۆژدا یەکی نەگرتۆتەوە و مەجبوور بوون لە و قالبەدا و بە وشەی تایبەت بەیانی کەن . زۆربەیان لە لایەن قشرییون و موتەشەرعینی زمانەدا فتوایان لە سەردراوە ومەهدوورولدەم کراون. بۆ وێنە مەنسووری هەلاج و عەینولقوزاتی هەمەدانی و ... حافز لە بارەی مەنسووری هەلاجەوە دەڵێ:

گفت آن یار کزو گشت سر دار بلند جرمش این بود کە اسرار هویدا میکرد

هەروەها ئەو فیلسووف و عارفانە ئەغلەب بۆ بەیانی مەقسوودیان پەلەوەرێکی وەک باز یا سیمورغ یا هەر باڵندەیەکی دیکە بە کار دێنن، چونکە پەلەوەر لە فەزادایە ، هیچ سنوورێکی بۆ دانەندراوە و هەرچەندی توانای هەیە دەتوانێ لە بێ نیهایەت دا بای باڵی بدا و هەڵفڕێ و مەبەستیان ئەوەیە ئینسانێک کە دەیەوێ لە عەرش دا دەگەڵ مەقسوود پەیوەندی هەبێ دەبێ بێ سنوور پاک و مونەزهە بێ جا دەتوانێ باڵ لێ بدا و تێیدا هەڵفرێ. ئەو چەند بەیتە لە مەولانا ئاوێنە ی ئەو مەنزوورەیە:

مرغ باغ ملکوتم نیم از عالم خاک دو سە روزی قفسی ساختەاند از بدنم

ای خوش آنروز کە پرواز کنم تا بر دوست بە هوای سر کویش پر و بالی بزنم

جان کە ازعالم علوی است، یقین میدانم رخت خود باز برآنم کە همانجا فکنم

کیست در گوش که او میشنود آوازم          یا کدام است ، سخن مینهد اندر دهنم

کیست دردیده که از دیده برون مینگرد          یا چه جانست نگویی که منش پیرهنم

تا به تحقیق مرا منزل و ره ننمایی          یکدم آرام نگیرم نفسی دم نزنم

یا لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ :

هر نفس آواز عشق میرسد از چپ و راست          ما به فلک میرویم عزم تماشا کراست

ما به فلک بوده‌ایم یار ملک بوده‌ایم          باز همانجا رویم جمله که آن شهر ماست

خود ز فلک برتریم وزملک افزونتریم          زین دو چرا نگذریم منزل ما کبریاست

گوهرپاک از کجا ، عالم خاک ازکجا          برچه فرودآمدید بار کنید این چه جاست

خلق چو مرغابیان زاده ز دریای جان          کی کند اینجا مقام مرغ کزآن بحر خاست

بلکه به دریا دریم جمله دراو حاضریم          ورنه زدریای دل موچ پیاپی چراست

آمد موج الست کشتی قالب ببست          باز چو کشتی شکست نوبت وصل و لقاست

سوهرەوەردی بە شێخی شەهید ناسراوە . لە بەیانی نەزەراتی خۆی دا بێ ئیحتیات بوو و پەردەپۆشی نەدەکرد، زیرەک و بیرمەند و عالم بوو کە دەبوە هۆی ئێرەیی دژبەران، فیلسوف بوو کە دەبوە هۆی دوژمنایەتی عولەمای قیشری و کوتیان ئەو قسانەی دەیکا بەرخیلافی ئوسوولی دینە ودەگەڵ شەرایعی ئاسمانی یەک ناگرێتەوە. تاوانی ئیلحاد و ئیرتداد و دژایەتی دینیان پێوە بەست و عولەمای حەڵەب خوێنیان مەباح کرد . زاهیرشا داکۆکی لێ کرد و پاراستی بەڵام شتەکەیان گەیاندە سوڵتان سەلاحەدین و ئەویش کە تازە سەلیبیەکانی تێکشکاندبوو و فاتمیانی میسری لە دەسەڵات خستبوو بۆ راگرتنی ئەو جیهانەی فەتحی کردبوو ئیحتیاجی بە پشتیوانی عولەمای دین بوو بۆیە زاهیرشای لە فشار نا و ناچاری کرد سوهرەوەردی بخاتە زیندانەوە و ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی فکر و ئەندێشە لە زیندان دا لە برسان مرد. مەزارەکەی لە مزگەوتی سوهرەوەردییەی شاری حەڵەب و زیارەتگای پەیرەوەکانیەتی .

ئوستاد دوکتور خەلیقی لە بارەی تەسەلوت بە سەر ئەو فەلسەفەیەدا و تەشریحی عیلمیی ئەو بینشە قووڵە بە نێو بانگ بوو و کەلاسی دەرسیی هەمیشە لە خوێندکار جمەی دەهات و جێ وەبەر نەدەکەوت .

لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی دوکتور خەلیقی هاورێیی و هاودڵی دەگەڵ خەباتی ناسراوی خوێندکاری بوو. لێرە مەجبوورم هێندێک تەوزیح بدەم کە مەبەستم لە خەباتی ناسراو چیە؟ جونبشی خوێندکاری وەکوو جموجۆڵی دژ بە دیکتاتورِی لە دانشگاکانی ئێراندا بۆ خەڵک ناسراو بوو . ناوەرۆکێکی دێموکراتیک و پێشکەوتووی هەبوو و جێی خۆی کردبۆوە . بۆ وێنە شازدەی ئازەر

بۆ خاس و عام روون بوو , چیه . لەو رۆژەدا خوێندکار نەدەچوە سەر کەلاس و جاری وابوو خۆ پێشاندان و ئەوەش هەبوو. یا مانگرتنی سەراسەریی دانشگاکانی ئێران لە دژی دروست بوونی حزبی رەستاخیز وئەو فشارەی خستیانە سەر ئوستاد و خوێندکار کە نێوی خۆیان لەو حزبەدا بنووسن هەمووی خەباتی ناسراوی خوێندکاری بوو کە هەدەفمەند و رێکخراو بوو و لە دەروونی خودی ئەو جونبشەوە هەڵدەقوڵی. سەر بە هیچ رێکخراو یا بیروکەی فکری تایبەتی نەبوو ، شتێکی سیرفەن خوێندکاری و ئازادیخوازانە بوو. باش هیدایەت دەکرا و بە رێبازیکی دروست دا دەچوە پێشێ و ئیعتمادی خوێندکار و کۆمەڵانی خەڵکی بە دەست هێنابوو . رێزیکی هەبوو. دوکتور خەلیقی لە سیما ناسراوەکانی پشتیوانیی ئەو جونبشە لە دانشگای تەورێز بوو.

لەوسالانەی ئاخردا کە خەبات جەماوەری تر بوو حەرەکاتی خوێندکاری ئەو نەزمەی لە دەست دا و ئیفراتی گەریی بێ ئوسوول لە هێندێک بواردا ئەو نیهزەتەی تووشی کوسپ کرد. هێندیک خوێندکار کە زیاتر لە فکری خۆ نواندن و نیشاندانی خۆیاندا بوون حەرەکاتی فەردیی غەڵەتیان هەبوو کە زۆر جار دوودڵی و تەفرەقەی دروست دەکرد. کارێکیان دەکرد بگیرێن و نێو دەرکەن، ئیدی زۆر بیریان نەدەکردەوە کە کارەکەی دەیکەن دروستە یانا؟ بۆوێنە گەرووهی زەربەتیان دروست کردبوو و لەو کچ و کورە خوێندکارانەیان دەدا کە پێکەوە رادەوەستان یان پێکەوە دادەنیشتن یان ئێواران پێکەوە ژوانیان هەبوو. دەیانکوت خوێندکار نابێ رەفتاری تاغووتی هەبێ ، لە حاڵێکدا ئەو خوێندکارانە ساڵ ها بوو پێکەوە لە دانشگادا ئازاد بوون و ئەو ئازادیەش شتێک بوو کە موحیتی دانشگا ئەوەی ئیجاب دەکرد و پێوەندی بە تاغووتەوە نەبوو و بۆ گەیشتن بەو ئازادیە خەباتێکی بێ وچان کرابوو. یا جاری وابوو عیدەیەک بە بەهانەی ئەوەی ئەو مریشکانەی لە سێلف سەرویسی دانشگا لێندراون ئیسرائیلین, دەیانکوت دەبێ مان بگرین و نەچینە سێلف سێرویس یا دەتدیت لە سەر کەلاسی دەرس لە پڕ دەرگای کەلاس دەکراوە و کەسێک لە پشت دەرکەوە دەیکوت کەلاس تەعتیلە و کاتێک دەهاتیە دەرێ کەست نەدەدی و تەماشات دەکرد کەلاسەکانی دیکە هەمووی دایرن و پیاو هەستی دەکرد بوتە ئالەتی دەستی کەسێکی بێ بەند و بار. ئەو حەرەکاتە دوودڵی و تەفرەقەی دروست کرد و بەداخەوە هەر ئەوتیپە خوێندکارە کاتێک شۆڕش سەرکەوت و حکوومەت گۆڕا و شووڕای دانشگا هەڵبژێردرا دەسەڵاتی ئەو شووڕایەیان بەدەستەوە گرت و بوونە رێگاخۆشکەری تەسفیەی خوێندکارو ئوستادی رووناک بیر و خەبات کار و سەری زۆر کەسیان بە فەتەرات دا و وەباڵی ناحەقیان زۆرکێشا . بەنێوی قەهری ئینقلابی ، خیرە سەرییانکردە باو . بەو ئیستدلالە کە شۆڕش قەواعیدی خۆی هەیە جێگایان بە مەنتیق بە تەواوی لێژ کرد. نموونەیەک لە کاری ئەوشووڕایە ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە دوای نەورۆزی خوێناوی سنە لە دانشگای تەورێز پێکیان هێنا و هەموو شتیان تەحریف کرد و پێچەوانە ی راستیەکانیان بۆ خەڵکەکە باس کرد . ئوستادخەلیقیی خوشەویست ئازایانە وەدرۆی خستنەوە و بە گژیان داهات . لە کتێبی بیرەوەریەکانیدابۆخۆی بە وردەکاریەوە باسی ئەوکۆبوونەوەیەی کردوەو ئەمنیش لەو کەسانەی لەوێ بوون بۆیان گیراومەوە .

نموونەیەکی دیکە لە کاری ئەوشووڕایەم بۆخۆم دیت. کاتێک کە دوکتور سەرکاڕاتی کۆمەڵێک خوێندکاری کۆ کردەوە و داوای دەکرد پشتیوانی بکەن بۆ وەی دوکتور مەنووچهری مورتەزەوی ببێتەوە رەییسی دانشگا (ناوبراولە دەورانی سەرۆک وەزیری شەیف ئیمامی دا بوو بە رەییسی دانشگا و لە کاتی خۆپێشاندانی خوێندکاران لە دانشگادا پێش رووخانی رژیمی پەهلەوی لە سەر ئەوەی رەییسی گاردی دانشگا ، سەگورد جەوادی ، دەستووری تیرەندازی دا و دوو خوێندکار کووژران ، لە ریاسەتی دانشگا ئیستعفای دا) ئەندامانی ئەو بەناو شووڕایە دەستیان کرد بە قسان و بێ بەڵگە و سەرچاوە هەرچی تاوانی کە هەر لە خۆیان دەوەشاوە خستیانە پاڵ دوکتور مورتەزەویەوە وکێشەیەکی گەورەیان سازکرد . زۆربەی خوێندکارەکان لێیان وەدەنگ هاتن و خستیاننە ژێر پرسیارەوە و کوتیان  لەو دوومانگەی رابردوودا شەش ئوستاد لەو دانشگایە براونە دەرێ و ئیعدام کراون ، دوو لەو ئوستادانە دوکتور رەبانی و دوکتور سەمندەریان لە خۆش نێوترینەکانی ئەو دانشگایە بوون و تاوانیان تەنیا بەهایی بوون بوە . ئێوەی شووڕا هەڵویست تان لە سەر ئەو دەستدرێژیە بۆ ساحەتی دانشگا چیە ؟ ولاّمێکی وایان پێ نەبوو لە هیچ خوڕگە بازارێک بتەوێ بە شاییەک بیکڕی. گەردانەندەی پشتی پەردەی ئەوشووڕایە کەسانێکی وەکوو رەجایی خوراسانی بوون کە پێشتر لە رشتەی زمانی ئینگلیسی لە دانشکەدەی ئەدەبیات دەرسی دەکوتەوە و ژوورەکەی هەر لەو کوریدۆرەدا بوو کە ئوستاد خەلیقیشی لێ بوو ، ئێستا ببوە داردەستی دەزگای حاکم . پۆستی نوێنەرایەتی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکانیان دایە. لە کاتی دزینی باڵتۆ لە فروشگایەکی نیویورک گیرا و سکاندالێکی نێو نەتەوەیی بەرپاکرد .

دوکتور خەلیقی لە کاتی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی کوردستان بە تایبەت کە وردە وردە دەرس نەما و دانشگا بەرەو تەعتیلی رۆیشت یەکێک لە تێکۆشەرانی بە هەستی نێو جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو. دەگەڵ هاوکارێکی دیکەی کە بەداخەوە نێوەکەیم لە بیر نەماوە بە شارەکانی کوردستان دا دەگەڕا و لە مزگەوتەکان لە کۆبوونەوەکانی خەڵک دا قسەی دەکرد و گەرما و تینێکی بەو کۆبوونەوانە دەدا. کاک برایمی فەرشی بیرەوەری خۆشی لەو کۆبوونەوانەی دوکتور خەلیقی لە شاری بۆکان هەیە . بۆخۆشم دوای شەری سێ مانگە لە مهاباد لە متینگێکی ئەگەر هەلە نەکەم بیست و پێنجی گەلاویژ  دا گوێم لە قسە و باسەکانی بوە .

دوای ماوەیەک لێک هەڵبڕان ئوستاد دوکتور خەلیقیم لە نێو خەڵک و پێشمەرگەی کوردستان دا زیاەرت کردەوە. بەهاری ساڵی **1360** ئەرکێکی حزبیم لە کومیتەی حزب لە شارستانی سنە بۆ دیاری کرا و لە گەڵ شەهید عەبدوڵای بەهرامی چووینە ئاوایی تەوریوەر . زانیم کە ئوستاد لەوێیە و لەگەڵ کاک ئەمیر پاشاخانی لەژوورێکی چکۆلەدا لەباڵەخانەی سەر دوکانی ناو ئاواییەکەدا دەژی . لە خۆشیان شاییم لە دڵدا دەگەڕا و حوزووری ئەوم وەک رێنوێن و غەنیمەتێک دەهاتە بەرچاو بەڵام دیتم قسە و باس هەیە . بەعزە کەسێک بە دوژمنی حزب و لایەنگری لایەنی دیکە و خۆ پەسند و...ی دەناسێنن . ئەو ئوستادەی ئەمن ئازادئەندیشیم و گەورەییم پێوە دیبوو و ئامادەبووم کەوشی لە پێ کەم ئی واهەبوو پێی لە کەوشی کردبوو و کاتێک کوتم ئەمن دیناسم و جۆرێکی دیکەم دیوە ، لە لای هێندیک دۆست  بە قسەیەکی دڵ پەسند

وەرنەگیرا. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو قسە و قسەڵۆکانە بە ڕەدەکانی سەرەوەی حزبیش ڕاگەیەندراوە و بە داخەوە لە پێک هێنانی فەزای دڕدۆنگی دا بێ کارکردیش نەبوە و لە کتێبی بیرەوەریەکانی ئوستادیش دا بە شێوەی جوراوجۆر شوێنی دیارە .

کاتێک لە تەوریوەر بە خزمەتی گەیشتم دیتم سەرەڕای ئەو ژیانە چکۆڵەی هەیەتی مێشێکی لێ میوان نیە و شای بە سەپان ناگرێ. داوام لێکرد کاک ئەمیری پاشاخانیمان بۆ ئاشت کاتەوە. فەرمووی ئەی بۆخۆتان کەستان نیە قسەی لەگەڵ بکا؟ کوتم بەڵێ هەمانە ئوستاد ، هیوادارم وات نەکردبێ لە بەر دارێک دارستانەکە نەبینی. کاک ئەمیری بۆ ئاشت کردینەوە و بە گەڕانەوەی ئەو کومیتەکەمان بە هێز تربوو. ئینسانێکی شەریف ، موحتەڕەم و ئازادیخواز بوو. یادی بەخێر. پاش ماوەیەک کومیتەکەمان بڕیاریدا گۆوارێکی مانگانە بە نێوی ئابیدەر بڵاو کەینەوە. پرسم بە ئوستاد کرد، کوتی باسی چی تێدا دەنووسن ؟ عەرزم کرد باسی تێکۆشانی حزبی دێموکرات لە ناوچەی سنە و لە قاودانی کردەوەکانی ڕژیم لەو ناوچەیە. فەرمووی جا کاری چاک پرسی دەوێ؟ بڕۆن بیکەن ، ئەمنیش تان دەگەڵم. ئەوەندەی من لەوێ بووم چەند شومارەیەکی ئابیدەرمان بڵاو کردەوە . کاک ئەمیر پاشاخانی ، کاک ساسان پەڕتەوی، کاک عەزیز لەحیمی، کاک جەمیل میرکانی لە بنیاد نەران و هەڵسووڕێنەرانی بوون. کاک ساسان وەک بەرپرسی ئینتشاڕات سەردەبیری بوو . کاری تکنیکی و تایپەکەی لە ژێر نووری چرای فانۆس و شەو و شەونخونیدا هەمووی کاک جەمیل میرکانی دەیکرە. پاش ماوەیەک گێرەشێوێنی پەیکار لە ناوچەی کامیاران شەڕی لێ ساز بوو . خوێن ڕژابوو و دەبا هەرچی زووتر دایمرکێنینەوە بەڵام چۆن ؟ دیسان چووم و دەستەوداوێنی ئوستاد بوومەوە . وەزعەکەم بۆ تەوزیح دا و پێم کوت ئەوە دەگەڵ کاک بابەشێخی ناسری خۆمان ئامادە کردوە دەگەڵ جەنابت بین و ئەو کێشەیە دامرکێنین. بێ سێ و دوو کوتی بە سەرچاو و لە ئارام کردنەوەی وەزعەکەدا هەرچی لە دەستی هات کردی.

زۆری پێ نەچوو ئەمن لە شوێنی دیکە ئەرکی حزبیم بۆ دیاریکرا و دیسان لە ئوستاد دوور کەوتمەوە و پاش زیاتر لە ساڵێک لە ئالان دیتمەوە کە دەگەڵ دەستەی نووسەرانی رادیو کوردستان و ئنتشاراتی حزبی دێموکڕات کاری دەکردو دوایی لە کومیتەی ناوەندی حزبدا و لە کومسیونی کۆمەڵایەتیدا.

یەک لەو کارە گرینگانەی کومیسیونی کۆمەڵایەتی حزبی دێموکڕات کردی ئامادەکردنی مامۆستای شۆڕش و کردنەوەی مەدرەسەکان لە دێهات ، ئامادەکردنی کتێبیی دەرسیی و... بوو . دوکتور خەلیقی لە سیما ناسراوەکانی ئامادەکاریی و وەڕێخستنی ئەو پرۆژەیە بوو .

لە کومیتەی ناوەندی حزبدا و لە هەر ئورگانێکی ئەو زاتە بەرێزە کاری تێدادەکرد نەزەرات ، هەڵوێست و بۆچوونەکانی سەرنج ڕاکێش و داهێنەرانە بوو ، ئەوەش جاری وابوو ئێرەیی هێندێک هاوسەنگەری دەبزواند و لێی دەکەوتنە بڕوبیانوو. تووشی گێچەڵی تەشکیلاتیی دەبوو. یەک لە

نموونەکانی ئەو گێچەڵەم لە کونگرەی حەوت دی. هێندیک بڕووبیانوی پێ گیرا وشەرت و شرووتی بۆ دیاریکرا بۆ وەی لە لیستی پەسندکراودابێ . پیاوانە رەدی کردەوە و روو بە کونگرە کوتی :

حەقی ئەساسنامەیی منە خۆم کاندید کەم و لە سەر ئەو حەقەم هیچ معامەلەیەک ناکەم . پێم خۆش نیە لە لیستی کەس دابم و خۆم لە هەموو لیستێک دەرداوێم . ئەگەر کۆنگرەبە بە شایستە م دەزانێ ئەوە هەڵم بژێرێ و ئەگەر نەزەری جۆرێکی دیکەیە ، بێ منەت بێ. کونگرە بە رێزەوە هەڵی بژارد و ئوستاد لەوێ نیشانی دا، نا کوتن پیاوی خۆی دەوێ. لە سوئێد کەمی دەبینم ،پێم خۆش بوو ئیمکانم بایە لەو ئەنستیتۆ چکۆڵەی ئیدارەی دەکا لە تەنیشت دەستیەوە میزێکم بایە ولە کاری لیکۆڵینەوە و تەحقیق دا لە رێنوێنیەکانی کەڵکم وەرگرتبا .

داوای سەربەرزی و توولی عومری بۆ دەکەم.

تایر عەلیار 14.12.20

..............................

پەیامی کاک یوسف ئەردەڵان:

کۆمیتەی بەنرخی ڕێز لێنان لە دوکتۆر حۆسێن خەلیقی

ویڕای سڵاو و ڕێز، پیرۆزبایتان لێ ئەکەم لەوەی کە ڕێز لە کەسایەتی و بیرەوەری کورد بە حزووری خۆیان ئەگرن. لە سەر داوای ئێوەی بەڕێز فەرموون ئەوە ئەم دێڕانەی بۆ رێزلێنان لە بیرەوەر و ماموستا، دۆکتور حسەین خەلێقی پێشکەش ئەکەم .

بۆ ناسینی بەڕێز دۆکتور خلێقی پەرتۆکە بیرەوەریەکانی باش ترین سەر چاوەیکە کە ئەکرێ بۆ ناسینی ئەو مامۆستایە کەڵکی لێ وەر بگیردرێ .

لە بەشێکی ئەو پەرتۆکە بە درۆستی شوێنەواری نامۆی عشایەری و شێخایەتی لە بیر و لێکدانەوی مروڤی ئەورۆ ی کورد ئەخاتە بەرچاو. لە کۆمەڵ ناس و فەیلەسۆفێکیش هەر ئەوە ڕەچاو ئەکرێ.

لە فەبرواری ساڵی ١٩٨٠زاینی واتە بەفرانباری١٣٥٨لە ئۆستانداری کوردستان لە شاری سنە لەگەڵیان ئاشنا بووم ئەگەر بە غەڵەت نەبم رۆژی ١٠ یان ١١ بەفرانبار بوو پاش سەر کەوتنی مانگرتنی گەورەی شاری سنە لە مەڕ چۆل کردنی باشگای ئەفسران کە پاسدارەکانی تێدا بوون ومەترسیان بۆ ژیانی خەڵک پێک هینابوو. لە ئۆستاندای هەەیئەتێک لە نوێنەرانی مانگرتوەکان و هەوەها کەسایەتیهائیک باوەر پێکراو لە لایەن خەڵکەوە و لە لایەن دەوڵەتەوە ئوستاندار و

ڕەنگە فەرمانداری شاری سنە ، رویشتین بۆ  باشگای ئەفسەران کە لەوێ فرماندەی پادگان سنە لەگەڵ جەمعیک ئەرتەشی یان پاسدار مەحتەلی ئێمە بوون  کە بە نەزارەتی هەیئەتەکە باشگا تەحویلی ئۆستانداری بدرێت، و مۆتمەئین بین چی ترپاسداری تێدا نەماوە.

لە کاتی گەڕان بە دیو و ژوورەکانا کە هەمووی چۆل کرابوون  و دیارە شوێنەواری زور شتیشیان پاک کردبووەوە. بەڵام لە ژۆرێک دا کە لەوێ دەچوو کە دیوی ئەشکنجە بوە، شوێنەواری خوێن کە فرەیش کۆن نەبوو لەسەر دیوارە مابوەوە، دوکتوڕ خلێقی ڕوی کردە فەرماندەی پادگان کە ئەو دەم سەرهەنگێک بوو، وتی ئەمە خوێنە؟(این خونە؟)  سەرهەنگەکە بە حالەتێکی بێ ئەدەبانەوە وتی خوێنێ دایکمە!(خون مادرمە). دوکتۆر خلیقی زور بەنەرمی کوتی مەگەر دایکت خوێنی بوو؟(مگر مادرت خون داشت؟)، کابرای سەرهنگ بینی کە دەبێ وسکوت بێ، و ئیتر ئەو شوێنەمان بەجێ هێشتبوو. هەر ئەم دوو سێ وشە و ئەم حازر جوابی جەناب دوکتۆر خلێقیە بە باشی نیشاندەری خۆلق و خۆی بێ ئەدەبی و بێ حۆرمەتی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئیسلامی  لە لایێکەوە و بەرسفتی مۆناسبی خەڵک لە کوردستان نیشان ئەدات .

زیدەتر وەختتان ناگرم و بە ڕێز و حۆرمەت بۆ هەموو ئازادیخوازان و بیرمەندانە کە ژیانیان لەمەڕ ڕوونکردنەوی تاریخ و بەسەرهاتی گەلی کورد داناوە وماموستا دوکتۆر خەلێقیش بیرەوەێکی بەر چاوی ئەم بوارەیە  پەیامەکەم کۆتای دینم          .

پاریس  2014/12/16

یوسف ئەردەلان

..........................

پەیامی کاک برایم فەڕشی:

بۆ بەڕێزان دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆڕی ڕێزگرتن لە دوکتور حوسێن خەلیقی،

بۆ بەڕێزانی بەشدار لە کۆڕی ڕێزگرتن،

بۆ بەڕێز دوکتور حوسێن خەلیقی،

ڕێز گرتن لە مرۆڤ، گەر فەرهەنگی ڕۆژانە و بیروتێگەیشتنی تاک و کۆی ناو کۆمەڵگا بێ، هێمای بەختەوەرییە!

من حەزم لەوە نییە بە سەر کەس و کەسان و تەنانەت بە سەر خەڵک و میللەتدا هەڵبڵێم، بەڵام حەز دەکەم ئاوینە لە بەرانبەر کار و بەرهەم و بیروهزری بیرمەندان، هۆزان و هونەرمەندان، ڕێڕەوانی ڕێگای ئازادی و بەختەوەری ئینسان، ڕابگرم. چەند جار لە گەڵ دوکتور حوسێن ڕووبەڕوو بووم، کە لە سێ وێنەدا دەینوێنم:

وێنەی یەکەم: هاوین و پاییزی ساڵی ۱۹۷۸/۱۳۵۷ جم و جۆڵی سیاسی/فکریی لە گچکە شاری بۆکان، بە گەرمی لە ئارادا بوو. ڕێپێوان، مانگرتن، سێمینار، کۆڕی شیعر، شانۆ، کۆبوونەوەی سیاسی ناو ماڵان ،جەلەسەکانی کانوونی موعەلیمان، کانوونی خوێندکاران ، ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی و لەوانەش زیاتر کۆبوونەوەی خەڵکی ناو شار لە مزگەوتی گەورە، فەزایەکی کەم وێنەی پێک هێنابوو .

لەو شارە، مزگەوت دوای نوێژی شێوان،  دەبووە مەدرەسەی فەلسەفە و باسی تئۆرێک. مێوانی یەکێک لەو شەوانە دوکتور حسین خەلقی و هەواڵێکی لە زانستگای تەورێز بوون. ئەو شەوە ئاغای خەلیقی بە زمانی خۆماڵی لە ماڵی خودا، باسی لە فەلسەفە کرد و پرسیار و پرسیارکردنی هێنایە ناو مزگەوت .

وێنەی دووهەم: نەورۆزی ساڵی ۱۹۹٤ لە شوێنێک بە ناوی کۆیە، لە مەقەڕی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گەڵ یەک ڕووبەڕوو بووینەوە. کە درانگانی شەو بووینە میوانی، ژوورەکەی پڕکرد لە پرسیار! بەرەبەیانی ڕۆژی دوایە من و هاوڕێی کۆچکردوو، دوکتور فیروزی فەڕوخی، بردە ناو هەزاران شەهیدەوە کە هەر کام پرسیارێک بوون!

وێنەی سێهەم: چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری بەرلین، لە کۆنفرانسی زمانی کوردی، لە گەڵ یەک ڕووبەڕوو بووین. بە تاقی تەنیا بوو، باوەشێک کتێبی پڕ لە پرسیاری لە کۆڵی نابوو. نازانم چەندی لێوەرگیرا و چەندی گەڕانەوە ماڵەکەی خۆی! داخوا پاش تێپەڕینی ۳٦ ساڵ، ژمارەی پرسیارەکانی بە چەند گەیشتبن؟ داخوا ئەم ئێوارەیە چ پرسیارێک بێنێتە گۆڕێ!

دوکتور حوسێن خەلیقی، مرۆڤێکی زیندووە، لەبەر ئەوەی پرسیار دەخوڵقێنێ، هیوادارم هەر دەم زیندوو بمێنێ!

برایم فەڕشی

درانگە پاییزی کۆڵن

.................................

پەیامی کاک هیوا گوڵموحەممەدی:

بۆ یادی کاک دوکتۆر خەلیقی

هەل و مەرجێکی تایبەت بو، گوندە بچوکەکی ئێمە تەنیا لە خەمی بەر و بومی سروشت و باران بارینی بەهار و بەفر بارینی زستانا بون. هێندی خەمی ئەوەشیان هەبوو کە شەڕی پێشمەرگە و حکومەت ئاستەنگی بۆ پێداویستیەکانیان، ئەو پێداویستیانەی لە شارەوە دەهاتن دروست بکات.

دەسەڵاتی پاشایەتی کۆتایێ پێهاتبو و ڕێژیمی ئیسلامی هاتبوە سەر حوکم. ئەو گوندە بچکولەیەی ئێمە هیچ کاریگەری بەسەر ئەم هاتن و چونەوە نەبوو. تەنیا یەک شتیان بەلاوە گرینگ بو و ئەوەش ترسی پاسگایان بەسەرەوە نەمابو، ئاخر ئەو سەردەمە پاسگا لە گوندەکانا نوێنەر و نوێنەگەی دەسەڵات و حکومەت و شا بو.

نازانم کامە مانگی پاییز بو، دوانیوەڕوو "بلە بارخۆش" کردیە سەر بانەکەی خۆیانا کە لە چەقلی گوندەکەمان هەڵکەوتوە، ئەوجارەیان مەبەستی بانگ دان نەبوو کە ڕۆژانە چوار جار بە حەق و ناحەق ئەو دەنگە ناخۆشەی بە ناو گوندا بڵاو ئەکردەوە، بەڵکو بۆ ئەوە بو کە داوا لە خەڵک بکات گەورە و بچوکی پیاوانی ئاوای کۆبنەوە کەسێک هاتوە و قسەتان بۆ ئەکات و ناوی دوکتور خالەقیس.

بەڵێ لەو کات و سەردەمە ئاستەم و بەو هەموو ئاستەنگیەوە لە ناوچەکە و مەڵبەندەکەی ئێمە دا هەبوو، گوندە بچوکەکی ئێمە میوانێکی گەورەی هاتبوو. کەسێک هاتبوو بۆ سەردانمان کە تا ئەو کاتە کەسێکی وا روی تێمان نەکردبو و حیسابی هەبونی بۆ نەکردبوین و تەنانەت لەوانەیە هیچکام لەوانەی خۆیان بە گەورە ئەزانی هەر نەشیان زانیبا گوندە بچوکەکی ئێمە بەشێکە لەم جیهانە پان و بەرین و ئاڵۆزکاوە.

لەو کۆرە دا کە خەڵکی گوندە بچوکەکمان تێدا بەشدار بون و پیاویکی جوانچاک، عەینەک لە چاو، سمێڵ ڕەشی لوتباریک و دەست سپی لەسەرە خۆ قسەی بۆ ئەکردن من زۆر لە گوندەکەشمان

بچوکتر بوم لە تەمەنا. نازانم ئەو گوندەی ئێمە لە کەیەوە ژیانی مروڤەکان تێدا لە سەرەتا و کوتاییدایە، لەوانەیە لە 3000 ساڵ تێپەڕ بکات  و ئەمەش لە ئاسەوارە کۆنەکانەوە بە باشی دیار دەکەوێ کەچی من تەنیا 13 ساڵم خۆلابویەوە سەریەک.

من کە خوێندکار بوم و لە شارا ئەمخوێند و بە هۆی تێکچونی بارودوخەکە و خۆلیای منالآنەی خۆمەوە بۆ ژیان لە گوندا و لەبەر ئەوەی لە شارا هەستم بە ون بون ئەکرد گەرابومەوە گوند. قسەی میوانە خوێنشیرین و ئێسک سوکەکە تێنەدەگشتم، بەڵام وەک هاو گوندیەکانی دیکەم لە دڵی خۆما دوعام ئەکرد قەت تەواوی نەکات و هەروا بەردەوام بێت، چونکە لە ناخی خۆما هەستم بە بونی خۆم ئەکرد، هەستم ئەکرد کەسێکی زانا منی بە ژمارەیەک حیساب کردوە و ڕیگەم ئەداتێ گوێ لە قسەکانی بگرم و ناپرسی کێ، کێیە و کێ چکارەیە و کێ تەمەنی چەندە، بەڵکو لە پشت چاویلکەکانیەوە یەکە، یەکەی بەشدار بوان ئەبینی و قسەکەی بۆ هەموانە.

ئیستاش کە ئیستایە لەو گوندەی ئێمە دا هاوتەمەنەکانی من و ئەوانەی بەشداری ئەو کۆرە جوانکیلە خۆماڵیە پڕ لە هەست و سۆزە بون، بۆ نەوەکانی نۆێی ئەگێڕنەوە کە، ئەو ساڵە دوکتور خالەقی هاتە ئێرە و باسی خۆدموختاری بۆمان کرد و قورعانیشی لەبەر بو و قسەکانی فرە خۆەش بون.

ئەم گەردەلولەی ناوی ژیانە خێراتر لەوەی ئێمە لێی تێدەگەین لە لرفە و هاژە و لوشدانایە، من بە ساڵێک گەورەتر بوم و هەر ئەو یەکساڵەش بو کە زور شتی گوڕیبو.

خۆمپارە شەستێکی بێ گولەمان هەبوو لە هێزی بیستونی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانا، ناوچەکەمان لە سەر جادەی کامیاران مەریوان گیرابویەوە و ئێمەش پاشەکشەمان کردبوە دیوی گاوەرۆدا. ئەو خۆمپارەیەیان بار کرد و وتیان بیبە بۆ گوندی سیویە یان مێرگەسار و تەسلیمی کاک شاپۆر فیروزی بکە. ئەمە حوکمی کاک سالار بو، کاک سالار فەرماندەیەکی ئازای هێزی بێستون بو  و کاک شاپۆر فیروزی فەرماندەی هیزی بێستون بو کە بەداخەوە هەردوکیان شەهید بون، کاک سالار لە شەڕ دژی داگیرکەرانا شهید بو و کاک شاپۆر بە شێوەیەکی گوماناوی تێرور کرا.

کاتێک گەیشتمە گوندی مێرگەسار، ڕینمای کرام بۆ ماڵی کاک حەمەی میزائەلی، لەوماڵەدا چەند کەسێک دانیشتبون وەک دوکتورحسەین خەلیقی، کاک شاپور فیروزی، دوکتور ئەورەحمان، فەرامەرز باجەڵانی و...

ئەمجارەیان دیمەنی کاک دوکتورم بە شێوەیەکی دیکە هاتە بەرچاو، دەستێکی بە ملیەوە هەڵواسرا بو بەڵام  گوتە بێژی مەجیلسەکە بو. ئەمجارەش دیسان گەورەیی خۆی نواند و منی بە نەدیتو حیسان نەکرد و کاتێک جارێکتر چایان بە مەجلیسەکەدا گێڕا کاک دوکتور وتی، چا بدەنە ئەو پێشمەرگەیە کە لە ڕێگای دورەوە هاتوە ئێمە هیچمان نەکردوە. دیسان ئەم قسەیەی کاک دوکتور کەسایەتیەکی دیکەی پێدام و هەستم بە بونی خۆم کرد.

سالٚ وەرچەرخايەوە و كاك دوكتور بەرەوە بنكەی ناوەندی حيزب كەوتە ڕێ و ئێمەش لە ناوچەی خۆماناماينەوە و شەڕ بەردەوام بو و دوژمن بەردەوام ناوچەكانی داگير ئەكرد و ئێمەش لە پەشەكشەدابوين. هاوينی سالٚی دواتر لە لايەن فەرماندەی هێزی بيستونەوە ناردرام بۆ دەورەی پێشمەرگايەتی كە ئەوكاتە بنكەی پەروەردەی حێزب لە ناوچەی ئالانی سەردەشت بو.

ئێمە لە نێزيک گوندی مەزناوێ و مەزرێ بوين، ئەگەر ناوی گەندەكان بە هەلٚە بلٚيم بمبورن چونكە سالآنێكی زور تێپەڕيوە و ئيستا ئيتر مێشكی منيش تەنيا لە گونديكا قەتيس نەماوە و بوەتە مەكۆی ئازارە گەورەكان.

لەوكاتە دا وتيان كاک دوكتور لە نەخۆشخانەيە و عەمەلياتی دەستی بۆ كراوە، ئێمەش ئيزنمان لە ماموستای فێرگە واتە ماموستا چەكۆ خۆاست و چوين بۆ ديداری كاک دوكتور و سێ پێشمەرگەی ديكەی هێزی بيستون.

ئەمجارە ئيتر جياوازتر لە جاران كاک دوكتور لە ئامێزی گرتين، زور مێهرەبان بو لەگەلٚمانا و هەوالٚی كاک شاپور و هێزی بيستونی لێمان پرسی. لە ڕاستيدا كاک دوكتور خەليقی قەدر و قيمەتێكی زوری لێمان نا و بە دلٚيكی پڕ لە هێوا و خوشەويستيەوە گەراينەوە فێرگە.

ديسای سالٚ وەرچەخايەوە و من ئيتر لە هێزی بيستونا نەمابوم و چوبومە ناوەندی ئاژوان. لەو ناوەندەدا بڕيار درا چەند كەس بنێرن بۆ دەورەی پەروەردەی كادری و يەكێک لەو كەسانە من بوم.

ئەوانەی ماموستای پەروەردەكە بون بريتی بون لە كاک دوكتور قاسملو، كاک دوكتور سەعيد، كاک دوكتور خەليقی، مەلا حەسەن رستگار و چەند كەسيتر كە ئێستا بە باشی لە بيرم نەماون.

كاک دوكتور خەليقی دەرسی فەلسەفەی پێمان ئەوتەوە، وانەكانی زيندوو بون، بەشداران بە ئەلاقەوە گوێيان لێدەگرت و كاک دوكتوريش زور بە ڕێزەوە ڕيگەی ئەدا بەشداران قسە لەسەر بابەتەكان بكەن و ئەتوانم بلٚێم كەش و هەوايەكی ديموكراتيک و خومالٚيانە بەسەر كەلاسەكەدا زالٚ بو.

دوای دەورەی پەروەردەی سياسی، چومە بنكەی دەفتەری سياسی بۆ فێربونی بەكار هێنانی بيسمی مەودا دور كە پێيان ئەوت بيسمی راكالٚ و لەمپەڕو ئەوپەڕی ڕۆژهەلآتی كوردستانەوە روژانە بە بێسيمانە پێوەندی بە ناوەندی حيزبەوە دەگيردرا.

شەوی يەكەم لە چادريک دا مامەوە كە پێيان ئەوت ميوانخانە، ديارە هەموو ئەو كەسانەی لەو دولٚەدا بون لە كاک دوكتور قاسملو و دوكتور سەعيد و دوكتور خاليقيەوە تا سادەترين ئەندام لە يەک چێشتخانە دا نانيان ئەخوارد و ئيتر ئەوەش وايكردبو كە روژانە ئەو بەڕيزانە ببينين.

رۆژی دوایی گەیشتم بە بنکەی ناوەندی، نانی ئێوارەمان ئەخوارد، کاک دوکتور خەلیقی لەسەر سەرمان راوەستا بو، ویستم بە نیشانەی ڕیزگرتن هەستمە سەر پێ، نەیهێشت و فەرموی نانەکەت بخۆ و دواتر وەرە بۆ لای ئێمە.

کاتێک چومە دیوەکەی کاک دوکتور کە ئەو کاتە کاک جەلال قوربانی پارێزەرە یان ئوسکورتیێ کاک دوکتور بو لەوی بون. کاک جەلال لەگەڵ دایکما خاڵۆزا و پۆرزان و ئێمەش پێیان ئەڵین لالە و من پێم ئەوت لالە جەلال، بەداخەوە ساڵی 2012 بە نەخوشی کۆچی دوای کرد. ئەو ماڵە تەنیا جێگەی چەند کەسێک دەبویەوە و لە راستیدا تەرخان کرا بو بۆ کاک دوکتور خۆی و لالە جەلال، بەڵام کاک دوکتور لەوپەڕی نەفس بەرزی و دڵسۆزی و گەورەیەوە فەرموی، ئیتر پێویست ناکات بچیتە چادری میوانخانە بخەوێ، لە لای ئێمە بمێنەوە و ئەوە دوو بەتانی زیادیمان هەیە بۆ تۆ و ئەگەر میوانی دیکە هات ئەوا تۆ بەتانیەکی بدەرێ.

ئەگەر ئێستا ئەو هەڵۆیست و کار و کردەوانەی کاک دوکتور خەلیقی هەڵسەنگێنم ئەوا دەبێ بچم و دەیان کتێبی کۆمەڵناسی، فەلسەفە و کەسایەتی ناسی بخۆێنمەوە و ئینجا بگەمە ئەنجام، بەڵام هەر وەک رێزگرتنێک لە کاک دوکتور ئەتوانم ئەوەندە بڵێم کە بەڕاستی سادە، خۆماڵیانە، دڵسۆزانە و گەورەیی بو کاتێک نە لە باری تەمەن و نە لەباری پلەی حیزبی و کۆمەڵایەتیەوە لێک نیزک بوین حیسابی برایەکی بچوکی بۆ من کرد و لە ماڵە سادە و ساکار و بچوکەیا بە دڵێکی گەورە و بە دڵسوزیەکی گەرەوە جێگات بۆ کردمەوە.

بێگومان تەنیا مانەوە لە لای کاک دوکتور نەبو کە ببوە هۆکاری ئەوەی مروڤ هەست بە ئاسودەیێ بکات، بەڵکو قسە خۆش و بەردەوامەکانی کاک دوکتور بون هانیان ئەداین بیر بکەینەوە و چاو و گۆێمان بکەینەوە و حیسان بۆ کەسایەتی خۆمان بکەین.

لە بیرمە جارێک قسەمان ئەکرد، من وتم ئەوە حیزب ئەزانێ و هەرچی حیزب بیڵی هەر ئەوەیە. کاک دوکتور بە شێوەی تایبەتی خۆی و بە هێمنی فەرموی، مەگەر حیزب چیە؟ حیزب من و توین و من و تۆ مروڤین و هەموو ئەو شتانەی مروڤەکان ئەیڵین و ئەیکەن راست نیە، کەوا بو دەبێ بەر لەوەی شتێک ئەکەی بیری لێ بکەیتەوە، دەنا فەرقی مروڤ و بزن نامێنێ.

قسەکەی و ئاموژگاریەکەی سەرەتا لێم قورس و گران ئەهات و فێر نەبوبین ئەندامانی پایەبەرزی حیزبەکەمان وا ببینین و فێرمان بکات کە ئیمەش بەشێک لەو قەوارەیەین پێی ئەڵێن حێزب.

نامەوێ ئەو شتانەی سەبارەت بە کاک دوکتور وتران و ئەوترین دووبارە بکەمەوە، تەنیا ئەمەوێ ئاماژە بەیەک شت بکەم و بەلامەوە گرینگە و لە جێگەی خۆیدا ئەزانم بۆ باسکردن.

پرۆفیسۆر مارشاڵ ماکلوهان تێئوریەکی هەیە، دەڵی، مروڤەکان بە هەر داهێنانێک و هەڵۆێستیک بەشێک لە خۆیان ئەبڕنەوە.

بە بڕوای من خۆبڕینەوەی کاک دوکتور خەلیقی ئەوە بو کە بڕیاری دا ببێتە ئەندامی حیزبیکی سیاسی.

کەسایەتی کاک دوکتور کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی، زانستی و پەروەدرەێیە. بەر لەوەی ببیتە ئەندام لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانا، هەم حیزبی دیموکرات، هەم کۆمەڵە، چریکەکان، خەبات و تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی بەعسی ئێراقیش حیسیبیان بۆ دەکرد و گوێیان لێدەگرت و لە هەڵۆیستەکانی ئەترسان. چونەکە کاک دوکتور روی لە هەر گوند و ناوچەیەک بکردایە سەرەنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا، مروڤێکی زانا لە ژیانی رۆژانە، کۆمەڵایەتی و ئاینیدا بو.

بەڵام کاتێک بو بە حیزبی خۆی لە قاڵب دا و ئیتر لە حیزبیشا جارێکیتر لە قاڵب درایەوە و بەمجۆرە ئەو ئەرکە گرینگەی لەسەر شانی بۆ، بەربەست کرایەوە و تەنانەت لە قاڵبدانەکەشدا هەوڵی داتاشینی ئەدرا و درا.

من بەش بە حاڵی خۆم شانازی بە هەموو ئەو چرکانەوە ئەکەم لەگەڵ کاک دوکتور خەلیقی دا بەسەرم بردوە و هەموو کات خۆم بە قوتابی ئەزانم و شانازی بە هەموو زەحمەتەکانیەوە ئەکەم. من تەنیا کەس نیم کەوا بیر بکەمەوە و بێگومان کاک دوکتوریش تەنیا لە هەمبەر منا وا نەبوە، بەڵکو مروڤێکە سروشتێکی سادەی هەیە.

ئەوانەی کاری حیزبی ئەکەن کەسانێکن بە فرت و فێڵ و حیساب بۆ هەموو هەنگاوەکانیان ئەکەن و تەنانەت بڕوا بەکەس ناکەن و بە تاکتێک و تکنیکی جیاواز و تایبەت مروڤەکان ئەخەنە بن کاریگەری خۆیان و هەموو کات هەوڵ ئەدەن ئەوانیتر بە بچکو و نەزان و گەمژە حیساب بکەن و خۆیان بە پێشڕەو و خاوەنبیر و گرینگ و مەترسی لەسەر ئەزانن.

بەڵام کاک دوکتور بە پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیانەوە  هەموو کات ڕیک بۆ شتەکان ئەچێ و هەر کەسە هان ئەدات کە خۆی بێت و بەردەوام بانگەشەی راستیەکان ئەکات.

هەر چۆنێک باسی بکەین و هەر رەخنەیەکمان لە کاک دوکتور هەبێ و چەندە بە بەژن و باڵایدا هەڵبڵێین، لە یەک راستی ناگوڕێ و ئەوەش ئەوەیە کەسایەتی کاک دوکتور خەلیقی کەسایەتیەکی سروشتی و تێکڵاوە لە مروڤایەتی و بەها ئێخلاقی و فەلسەفیەکان. هەتا ئێمە ئەم کەسایەتیە شی بکەینەوە وەک داربەڕو ریشەی زیاتری لێدەبێتەوە و وەک دەریا قوڵتر  و وەک چیاکان سەرکێشتر و وەک پێدەشتەکان بەرفراوانتر ئەبێتەوە.

لە کۆتایێدا ئەڵیم، ئەی مروڤ، ئەی تێکۆشەر، ئەی خاوەن پێگەی بەرزی زانست، تۆ گەورەی، جێگای رێزی، ژیانی تۆ وانەیە و وانەکان هەمووکات هەروا لەگەڵ ژیانا ئەوترێنەوە، کەواتە تۆ هەموو کات لەگەڵ ژیانی کوردەواریدا ئەوترێتەوە.

بەڵام چیبکەم و چی بڵیم کە ئێمە هێشتا خاوەن هیچ کیانێکی ئازاد نین و ئازادیمان وەک پێویست نەچێشتوە و ناتوانین خاوەنداری لە خۆمان لە بەشێکی گرینگی خۆمان بکەین و هێشتا هەروا دەنگی پێنوسی گورانی پایەبەرزە و بەرگوێمان ئەکەوێ و بە توڕیەوە ئەڵێ

بەڵی دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخەندا

سپاس و ڕیز

هیوا گوڵ محەمەدی

...........

پەیامی کاک ڕەحیم ڕەشیدی:

بەرێز کۆمیتەی بەرێوەبەری رێزگرتن لە کەسایەتی زانستی کورد دوکتۆر حوسێن خەلێقی

پاش سڵاوو رێز

پێشەکی لە ناخی دڵەوە سوپاسی دەعوەتەکەتان دەکەم و سڵاوو رێزی بێ کۆتایی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

ئەوەی راستی بێ ئەم هەنگاوەی ئێوە بۆ رێزگرتن لە کەسایەتییەکی تێکۆشەرو ماندوویی نەناسی وەکوو دوکتۆر خەلێقی، لەم ساتوکاتەداو بە ئامادە بوونی ناوبراو، دیاردەیەکی باش و دڵخۆشکەرە؛ درێژەدانی ئەم رەوتە کە بۆ خۆشمان دەزانین تاکوو ئێستا لە نێو نەتەوەکەمان دا زۆر کەم کراوە، دەکرێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ کەمکردنەوەی باندۆری ئەو بەشە لە کولتووری کوردەواری کە تەنیا پاش مردن، کەسایەتییەکانی خۆمانمان بیر دەکەوێتەوە، وەکوو دەڵێن: "کورد مردوو پەرستین."

ڕوون و ئاشکرایە کە کار و تێکۆشانی دوکتۆر خەلێقی، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ساڵی ۱۹۷۹ ی زایینی، بەرانبەر بە ۱۳۵۷ی هەتاوی، وەکوو پێشمەرگە و ئەندامی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیارو بەرچاوترە.

بە تایبەتی کە بەرێزیان وەکوو کەسێکی ئاکادیمی و لە پلەی مامۆستای وانەبێژی فەلسەفە لە زانکۆدا، پەیوەست بە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری پێشمەرگایەتی بوەو بە کردەوە بیرو زانستی خۆی خستۆتە خزمەت پەروەردەو ڕاهێنانی پێشمەرگەکان. خەلێقی بۆ گەشەو پێشکەوتنی کورد و کوردستان لە هیچ هەنگاوو کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە نەپڕینگاوەتەوە، ئەو بەرچاو ڕوونانەو بە دوور لە خزم خزمێنە و نێوچەگەری؛ ریزەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات هەڵبژاردوە، ئەگەر وانەبا ئەوە دەبوایە سەنگەرێکی دیکەی بۆ حیزبایەتی هەڵبژاردبا !

هەر ئەمەشە کە مرۆڤە شۆرشگێر و دەرووەستەکان لە خەڵکی دیکە جیا دەکاتەوە، بە چەشنێک کە پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی ئەم جۆرە کەسانە لە نێو کۆمەڵ دا بەرز و بەرێزتر رادەگیرێ و ژیان و سەربردەیان دەبێتە برگەیەکی زێرینی مێژوو بە چەشنێک کە نەوە دوای نەوە، شانازیان پێوە دەکات و بە چاوی ستایشەوە لێی دەڕوانن و لە برگە جیاجیاکانی بەسەرهاتەکەیان، وانەی مرۆڤ دۆستی و نیشتمان ویستی فێر دەبن.

وەکوو هەموو لایەک دەزانیین، ژیانی بە ناچاری تاراوگە بۆ دوکتۆر خەلێقی، لە پاش دەییەکانی نەوەدی زایینی بە دواوەو گیرسانەوەی لە وڵاتێکی وەکوو سوید، ئەم هەلومەرجە نوێ و نامۆیە، هەرگیز نەیتوانیوە تەموو مژ بخاتە سەر هەوڵ و خەباتی کاک دوکتۆر خەلێقی، ئەو ژیان لە غەریبی دا کردە مەیدانی تێکۆشان، ئیدی ئاوارەیی دەستەوەستان بوو لەوەی دوکتۆر خەلێقی بترنجێنێتە سوچێکی بەرتەسکەوەو پەراوێزی بخات، بەڵکە بەرێزیان لەو ماوەدا، لە رێگای بەرنامەی تەلەویزیۆنی، کۆڕ و سیمینار، نووسین، وەرگێران و وەشانی دەیان بەرهەمی بەپێژ، وەکوو کەسایەتییەکی دیار و شوێندانەری کوردستانی ماوەتەوە...

لێرەدا پێم خۆشە ئەوە راستییە دەرببرم کە ساڵی ٢٠٠٦، پاش کرانەوەی دەنگ و رەنگی تیشک تی ڤی، لە پاریس، وەکوو ئەندامی بەرێوەبەری تەلەویزیۆنەکە، هەوڵێکی زۆرم دا کە بەرێزیان لە پلەی کەسایەتییەکی دێموکرات و ئازادیخواز و شارەزایەکی دەگمەنی دین و گەردوون ناسی، دەرفەت و دەرەتانی پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی زانستی - ئایینی بۆ برەخسێندرێ، تاکوو ئەم زاتە پڕ لە زانستە، بۆ نیشاندانی راستەرێی ژیان لە کۆمەڵی کوردەواری دا، پتر و ساناتر بیر و ئەندێشەی بایەخداری شۆڕکاتەوە نێو کۆمەڵگای کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانم بێ ئاکام بو کە لێردا جێگای باس کردنی هۆکارەکانی نیە....

ئێستاش زۆر ڕاشکاوانە ئەوە دوپات دەکەمەوە، کە کورد وەکوو پێویست نەیتوانیوە لە زانست و توانای بەرێز خەلێقی بۆ پاشەکشە کردن بە ئیسلامی سیاسیی کەڵک وەربگرێ .

ئاشکرایە، ئیسلامی سیاسیی وەکوو رەوتێکی دەمارگرژ و هەلپەرەست، لە ئێستا و پاش دەییەکانی داهاتووش، بە چەشنی مۆتەکەیەکی پڕ لە نەگبەتی بە هاسانی بەرۆکی وڵاتەکەمان بەرنادات، بەڵکە لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا، تاکوو دێت وزەو بەرهەمی ئینسانی کوردەواری بە پانەوە بە

فیرۆ دەدات، بە بێ ئەوەی ئێمە وەکوو سەوداسەرانی ئازادی و کۆمەڵگای کراوەو لایەنگرانی بەرانبەری ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵ دا، هەنگاوی شێلگیرانە بهاوێژین و دەست بە شۆڕشێکی مەزن و بەرینی کولتووری و رۆشنگەری بکەین و لەم بازنەدا لە خەرمانەی هز و بیری دوکتۆر خەلێقییەکان بە قازانجی گەشەی بیری مرۆڤ تەوەرانە، تاک سەروەری و نەتەوەخوازی دێموکراتیک کەڵک وەربگرین....

بەرێزان!

بەداخێکی زۆرەوە کە بە هۆی بەرنامەی لەوەپێش دارێژراو، نەمتوانی لەم کۆڕی رێزگرتنەدا لەگەڵتان بەشدار بم، مخابن کە ناکرێ لەم دەرفەتە زێرینەدا، لە کۆگای زانست و زانیاری ئێوە فێر بم.

لە دڵەوە، ئاواتی تەمەن درێژی بۆ جەنابی مامۆستا خەلێقی دەخوازم و هیوام وایە کە هەردەم بۆ خزمەتی پتر بە کورد و کوردستان لەشیان ساخ، قەڵەمەکەیان بەبڕشت بێ و بە رێزەوە چەپکە گوڵی وەفا لە بەرۆکیان دەدەم.

خۆشەویستان، هەرچەندە بە لەش لێتان دوورم، لێ بە دڵ لەگەڵتانم و ئاواتی کۆبوونەوەیەکی پڕبەرهەم و تەژی لە دەسکەوتان بۆ داوا دەکەم.

ئیزن دەخوازم، لە رێگای ئەم پەیامە کورتەوە، وێرای دەست خۆشی دوبارە لەم مشوورخۆرییەی ئێوە، داوای لێبوردنم لە هەمبەر ئامادە نەبوونم قبووڵ بکەن .

لەگەڵ سڵاوو رێزی زۆرم دا

برا و دڵسۆزتان

رەحیم رەشیدی

واشنگتن

٢٠ی دێسامبری

.........................................

پەیامی کاک ڕەشید حەیدەری:

پەیامێکی کورت بۆ مرۆڤێکی مەزن

بەشدارانی هێژا، سڵاوتان لێ بێت!

پێشەکی دەستخۆشیتان لێدەکەم، کە ئەمڕۆ، ڕێز لە مرۆڤێکی تێکۆشەری نەتەوەکەمان دەگرن، کە بەشێکی بەرچاو لە کات و ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کردووە. هەر لەو کاتەدا، دووبارە دەستخۆشیتان لێ دەکەم، کە ئەم کۆڕی ڕێزلێنانەتان نەریتشکێنانەیە و بە حوزوور و بوونی خودی کاک دوکتور حوسەینی خەلێقی لە کۆڕەکەدا، بەڕێوە دەچێت.

بەڕێزان!

پێگەی هەر مرۆڤێک لە کۆمەڵگەدا، بەرهەمی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنەکانی ئەو مرۆڤەیە. دەسکەوتی ئەو ڕێگایانەیە، کە لە ژیانیدا دەیانگرێتە بەر. ئێمە لە دنیای سنووردارێتی و "مەحدوودییەت"ەکاندا دەژین. بەو مانایە، کە هەموو شتێک لە ژیاندا، سنووردارە. هەر لەو کاتەدا، هەموو شتێک بە کاتەوە گرێدراوە، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی بەرتەسک و کورتە .

هەلوومەرجێکی بەرتەسکی وا کە مرۆڤی تێدا دەژێ، ڕێگایەک زیاتری لە بەردەمدا بۆ ناهێڵێتەوە: ئەو دەبێ چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ، چ وەک کەسایەتیی خاوەن ژیانی ئاسایی و چ وەک شۆڕشگێڕ و خزمەتکاری گەل، لەنێوان بژارە و ڕێگا لێکجیاکانی بەردەمی خۆیدا، هەڵبژاردن بکا. بەم پێیە، مرۆڤ ناتوانێ لە یەک کاتدا ئوستادی زانستگە بێ و هەر لەو کاتەدا، لە شۆڕشدا بێ و لەم گوند بۆ ئەو گوند و لەم شاخ بۆ ئەو شاخ، بە گژی ستەمی ستەمکاراندا بچێتەوە. ئەو دەبێ لەنێوان دوو بژاردەدا هەڵبژاردن بکات: گرتنەبەری ژیانی ئاسایی و هەڵبژاردنی زانستگە، یان پشت لە قازانج و بەرژەوەندیی تایبەتی و شەخسی کردن و بوون بە دەنگی کپکراوی بێمافان و تێکۆشین لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی ئەواندا.

گومان لەوەدا نییە، کە کاک دوکتور خەلێقی، دیاریکردنی ڕێگای چارەنووسسازی خەبات و بەجێهێشتنی پلەی ئوستادیی زانستگەی، بەبێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کەڵک و قازانجی ماددی و مەعنەویی هەرکام لەو دوانە، جێبەجێ نەکردووە. ئەو بە ئاگاییەوە، ڕێگاکەی هەڵبژاردووە و ئەو کۆڕی ڕێزلێنانەیش بەڵگەی ڕاستبوونی هەڵبژاردنەکەیەتی.

لە کۆتاییدا، با بە هەموومانەوە پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دابگرین، کە هەڵبژاردنی گونجاو و بەجێ لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا، لە ئاستی تاکدا، شانازی و سەربەرزیی تاکی لێدەکەوێتەوە و لە ئاستی گشتیشدا، ئازادی و سەربەستیی کۆمەڵگەی کوردستانی بەدواوە دەبێت. هەڵبژاردنی ناڕاستیش، بێ ڕاڕایی و دوودڵی، سەردەکێشێتە لای لاوازی و داتەپین و بزربوونی مرۆڤەکان. لەسەر ئەم بنەمایە، هەڵبژاردنی ئێستای ئێمە داهاتووی

ئێمە و وڵاتەکەمان دیاری دەکا و، بە باش یان خراپ، شوێن لەسەر ڕزگاریی وڵات و ژیانی نەوەکانی داهاتوومان دادەنێ. دەبا، ژیانی کاک دوکتور بکەینە نموونە و بە درێژەدان بە ڕێگاکەی، بەرەو ئامانجە ئینسانییەکانی نەتەوە بندەستەکەمان خێراتر هەنگاو بنێین.

سەرکەوتن بۆ ئێوە،

لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ کاک دوکتور "حوسەین خەلێقی"

ڕەشید حەیدەری

سوید، ستۆکهۆڵم

2014/12/19

...................

بورهان روحانی:
سەرەتا سپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی ئەم کۆڕەیان پێک هێناوە و هیوادارم هەموو کات سەرکەتوو بن.

لەگەڵ ڕێز لە کەسایەتی، خەبات، تێکۆشان، ماندوویەتی، دەرد و ئازار چێشتن، کۆڵنەدان و روشنبیری کاک دوکتور حوسەین خەلیقی دەس بە قسەکانم بکەم.
کاک دوکتور خەلیقی لە بوارەکانی روشنبیری، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و پەروەردەدا روڵیکی چالاک و گرینگی هەبووە و خزمەتێکی بەرچاوی کردوە.

لەوانەیە زیادەڕەویم نەکردبێ ئەگەر بڵێم کە، من یەکێک لەو کەسانەم کە لە نیزیکەوە کاک دوکتور ئەناسم. ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ چەند هۆکار و ئەوانەش بریتین لە پێوەندی بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و دواتر فکری و سیاسی.

بە بێ ڕەبتی نازانم لەم دەرفەتەدا باسی بەڕیزان باپیر و بابی کاک دوکتور خەلیقی بکەم بە حوکمی ئەوەی دوو کەسایەتی ناسراوی ناوچەکانی ئێمەن، وەک ناوچەی سوور و کولیایی، گاوەرۆ و بێلەوار. لەو کات و سەردەمەدا کە کۆمەڵگای ئێمە لە هەموو بوارەکاندا لە تەنگانە دا بوون، بەتایبەت لە بواری خوێندن و پێگەیاندن دا و تەنیا دەرفەت مزگەوتەکان بوون بۆ مەبەستی پێگەیاندن و پەروەردە کردن باپیری کاک دوکتور، مەلا عەبدولخالەق، و دواتر بابی کاک دوکتور، ماموستا حاجی مەلا حەسەن، چاکی هیمەت هەڵدەماڵن و حوجرە دەکەنەوە و قوتابی کورد واتە فەقی وەردەگرن و فێری خوێندن و نوسین و عیلمی سەردەمی خۆیان دەکەن.

دیاره دەبێ ئاماژەیەکی کورت بەوە بکەم کە هەتا سەد  ساڵ لەمەو پاش  گوندی کاشتەر لە ناوچەی بێڵەوار تاقە شوێنی خوێندن بووە بۆ ئەوەی خەڵک یان تامەزرو و خۆازیارانی خوێندن بێنە ئەو گوندە و بخوێنن کە باپیر و بابی کاک دوکتور دوو کەس لەو قوتابیە تامەزرۆیانەی خوێندن و فێر بوون بوون.

بە هۆکاری فراوانکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی و بۆ ئەوەی دیکتاتوری رەزا شا پێگەکانی خۆی سەقامیرتر بکات  هەوڵی ئەوەی ئەدا ئاسەواری ناوەندەکانی پەروەردەی ناوچەیی و سەربەخۆ  نەهێڵی و لە سەر ئەو بنەمایەش ماموستاکانی گوندی کاشتەریان دوور خستەوە بۆ شاری سنە.
ئا لەو قوناخە هەستیار و ئالۆزکاوە دا، باپیر و بابی کاک دوکتور خەلیقی بە شێوەیەکی زانایانە و ئازایانە لە گوندی کۆڵەسارە و ماسان لە ناوچەی بێڵەواری کامیاران قوتابخانەیان کردەوە و هەوڵیان دا کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی خۆیان لە خوێندن بێبەش نەکەن و گەنجانی فێرخۆازیان وەرگرت و وەک فەقێ رایان گرتن و تەنانەت بۆ نموونە مەرجی باوکی کاک دوکتور بۆ فەقیەکانی ئەوە بوو کە دەبێ درێژە بە خوێندن بدەن و بچنە قۆناغی بەرزتری خوێندن.
ئەنجامی کار و پەروەردەی بنەماڵەی خەلیقی کاریگەری بەرچاوی لە پێگەیاندنی چەندین بنەماڵەی ناسیاوی ئەو ناوچەدا هەبووە وەک بنەماڵەی حوسەینیەکان(لۆنی سادات)، کەمانگەریەکان، رۆحانیەکان، مەولانایی. ئەم خزمەت و پەروەردە کردنانەش بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بەردەوامی هەبووە.  بەڵگەم بۆ ئەم قسانەم ئەوەیە کە  دەیان و بگرە زیاتریش لە قوتابیەکان ماموستا  حاجی مەلا حەسەن دواتر بوونە ماموستا و خوێندنی بەرزیان تەواو کرد. کوڕەکانی ماموستای مەرحوم گەیشتنە زانکۆ و بوونە ماموستای زانکۆ و پلەی دوکتورایان وەرگرت کە ئەمڕۆ یەکێکیان لێرە لامانە و ئێمە  باسی کەسایەتی، تێکۆشان و بیر و هزر و ماندویەتیەکانی ئەکەین.

## چۆن کاک دوکتورم ناسی.

دوو خاڵی من و کوڕی خاڵی من لە قوتابخانەی بنەماڵەی کاک دوکتور دا دەرسیان خوێندوە و بونەتە کەسایەتی ناسراوی ئەو ناوچەیە وەکو  مامۆستای ئایینی. هەروەهاش بە هۆی خزمەکانامن هامۆشۆی گوندی ماسانمان ئەکرد، لەم رێگەیەوە ئێمە ناسیاویمان لەگەڵ بنەماڵەی بەرزی خەلیقی دا پەیدا کرد. هەر لەو کات و سەردەمەدا بوو کە باسی ئەوە دەکرا کاک حوسەین خەلیقی لە زانکۆ دایە و دەرس ئەخوێنی و ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی گەورە و ناوازە بوو. لە لایەک ئەندامی بنەماڵەیەکی مەزهەبێ رووی لە زانستی زانکۆ و هاوچەرخ کردوە و لە لایەکی

دیکەوە لە ناوچەی ئێمەدا کەسێکی بە پێشینەێکی سادە و سەرەتایی بگات بە پلە و پایەیی خوێندەواری باڵا.

لەو سەردەمەدا، لەو کۆمەڵگایە دا، لەو ئەقڵ و تێگەیشتن و کولتورەدا مەلا، یان مەلاکان، دەمڕاست و چاوساخی هەموو لایەک بوون و زۆر بوون لەو مەلایانەی بانگەشەیان ئەکرد کە چوونە زانکۆ و قوتابخانە کوفرە و نابێ منداڵەکان، گەنجەکان و فێرخوازان و خۆێندکاران روو لەو شوێنانە بکەن با تووشی گومڕایی نەبن. کەچی مامۆستا حاجی مەلا حەسەن، دژی ئەم ئەقڵە زاڵە هەڵەیە ئەوەستێتەوە و هانی قوتابیەکانی ئەدات بچنە زانکۆ و فێری شتە زانستیەکان ببن. بۆ ئەم مەبەستەش لە بنەماڵەی خۆیەوە و لە منداڵەکانی خۆیەوە دەست پێدەکات.

بە حکومی ئەوەی تەمەن ئیجازەی پێوەندی راستەوخۆی بە من نەئەدا لەگەڵ کاک دوکتور دا ئیمکانم نەبوو لە نێزیکەوە ببینم تا ساڵەکانی ١٣٥٧ و ١٣٥٨ لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتوری پاشایەتی حەمەرەزا شا و سەرکەوتنی شوڕشی گەلانی ئێران.
لە گەرمەی سەرکەوتنی شۆرش دا، شاری سنە یەکێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو کە ببوە ناوەندی روشنبیری و جموجۆڵی شۆرشگێرانە و ئازادیخوازانە و کەسانی خاوەن بیر و تێگەشتو و زانا بە بەردەوامی کۆڕی سیاسی و رۆشنبیریان بۆ خەڵک دەگێڕا کە یەکێک لەو کەسایەتیە ناودار و ئاگادارانە کاک دوکتور حوسەینی خەلیقی بوو. لەو کاتەدا کاک دوکتور چەندین کۆڕی گێرا و کاریگەری باشی هەبوو لەسەر چینە جۆراوجورەکانی کۆمەڵگا کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.
لە شاری سنەدا چەند کەسایەتی دیار و بەرچاو و لە سەر زاران بوون. شەهید سدێقی کەمانگەر و کۆچکراو ئەحمەدی موفتیزادە و بەڕێز دوکتور خەلەقی لەو کەسانە بوو. سەرەڕای ئەوە کە کاک دوکتر و ئەحمەدی موفتیزادە لە بنەماڵەێکی ئاینی بوون بەڵام لە بواری بیر و هزرییەوە جیاوازی بەرچاویان هەبوو. لەو کاتە دا کە هەموو کەس گوێیان لە ئەحمەدی موفتیزادە ئەگرت و تەنانەت بەشێک لە رۆشنبیران و چەپگەراکان درۆشمیشیان بۆ ئەدا و جەماوەری زۆر گۆێڕایەڵی دروشمەکانی ئەو بوون، کاک دوکتور دژی وەستایەوە و رای گەیاند کە ئەحمەدی موفتیزادە خەباتی نەتەوەیی بۆ کورد ناکات بەڵکو زیاتر خەتی ئەخوان ئەلموسلیمین پەرە پێ ئەدات. هەروەها کاک دوکتور باسی ئەوەی ئەکرد بە هۆی ئەوە کە کورد نەتەوەیەکی زۆرینە موسڵمانە پێویستی بە پێشەوای ئاینی نییە بەڵکو دەبێ کورد وەک نەتەوە خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤایەتی خۆی بکات.

دیارە شەهید کردنی براکەی کاک دوکتور خەلیقی، بە ناوی شەهید عەلی خەلیقی، لە لایەن گروپە توندئاژۆکانەوە ئاکامی ئەو هەڵویستە جەسورانە، شۆڕشگێڕانە و زانستیانەی کاک دوکتور و بنەماڵەکەی بوو.

زەمان بە خێرا تێدەپەڕی و گوڕانکاری لە مروڤدا، لە ژیانا، لە کۆمەڵگا و لە هەموو لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە مروڤەوە پێک دێنێ. پاییزی ساڵی 1358 چومە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و بە رەسمی بومە پێشمەرگە. لەو سەردەمەدا ئیمکانات کەم بوو و دەبوو هەرکەس ئەبوا بە پێشمەرگە ئیمکاناتی چەک و تەقەمەنی خۆی دابینیی بکردایەت. ئەو رۆژەی من بوومە خاوەن چەک و تەقەمەنی خۆم ئێوارەکەی رویشتم بۆ ماڵی مەرحوم بابا مەردۆخی رۆحانی و لەوێدا بۆ یەکەمجار و لە نێزیکەوە کاک دوکتور حوسەین خەلیقیم بینی و بە دیداری شاد بوم. هەر خێرا بۆم دەرکەوت و تگەیشتم کە بەڕاستی ئەو قسانەی لەسەر ئەم کەسایەتیە بەڕیزە بیستبوم هەمووی راستە. کاک دوکتور کەسایەتیەکی سادە، دڵسوزانە و هێمنی هەبوو. لە قسەکردنا شارەزا و لە هەڵبژاردنی کاتی قسە کردن و جۆری دەربڕینا وەستا و زانا بو.

جێی ئاماژە پێدانە کە هەر ئەو رۆژە چەند چەکدارێکی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران بە هۆکارێکی بێ بنەما و تەنیا لەبەر ئەوەی منداڵەکانی مەرحوم بابا مەردوخ خۆشکەزای کاک ئەحمەدی موفتیزادە بوون پەلاماری بنەماڵەی بابا مەردوخی رۆحانی ئەدەن و ئیدیعا دەکەن کە بەڕیز ماجد رۆحانی کوڕی بابا مەردوخ هاوکاری کاک ئەحمەد موفتیزادەیە و بەو جورە بێڕیزی بە بنەماڵەی بابا مەردوخ ئەکەن و کاک ماجد و چەند کەسیتر لەگەڵ خۆیانا ئەبەن. ئەو کەسانەش هاوڕی و دوستی نیزیکی من بوون.
بابا مەردوخ تەلەفون بۆ کاک دوکتور خەلیقی ئەکا و روداوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، کاک دوکتور خەلیقیش خێرا ئەکەویتە هەوڵدان و ئەچێتە لای چریکەکان و کاک ماجد و هاوڕیکانی لەگەڵ خۆیا دێنیێتەوە و دێتە ماڵی بابا مەردوخ و هەوڵ ئەدا دڵی شکاوی بابا مەردوخ بداتەوە. هەر ئەو ڕۆژە بابا ماردوخ بە خەمباریەوە روی لە کاک دوکتوری کرد و وتی: ئیتر جێگەی من لەم شارەدا نەماوە و ئەچم و ناگەڕیمەوە ئەم شارە، زەمانی ساواک کتێبەکانی منیان ئەسوتان و ئیستاش ئەم گروپە هاتوون و هەر هەمان کاریان کرد و کتیبەکانمیان دڕاندوە. دیارە کاک دوکتور زۆر بە هێمنی و جوانی دڵنەوایی دایەوە.

ئەوەی سەرەنج راکێشە و ئەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە، لەو ماوەیەدا شاری سنە ناوەندی هەموو جۆرە چالاکیەکی هێزە سیاسیەکان بوو و هەر بەو جۆرە ببوە

ناوەندی کێشە فراوانەکانی هەر ئەو لایەنانە و دانویان پێکەوە نەدەکۆڵا، کاک دوکتور لەو بوارەدا شەوڕۆژ ماندو نەناسانە هەوڵی نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی ئەدا و تێدەکۆشا کە لایەنەکان یەکیتری تەحەمول بکەن و لە جیاتی شەڕی یەکتر و بەربەرەکانێ کردنی بێ ئامانج و ئەنجام، یەک بگرن و هەوڵی بە ئامانج گەیشتنی خاڵە سەرەکی و بنەڕەتیەکە بدەن کە ئەوەش وەدست خستنی مافی گەل و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی بوو هەروەها سەرەڕای هەموو ئەو چالاکیانە بەردەوام وەک ماموستا لە زانکۆی شاری سنەدا دەرسی بە خوێندکارەکانیش ئەوتەوە. هەروەها لەو ماوە کە خەڵکی شاری سنە لە پێش ئوستانداری شاری سنە مانیان ئەگرت کاک دوکتر بە بەردوامی چالاکانە لەو مانگرتنەدا بەشدار بوو.

سەرەتای ناسیاویم لەگەڵ کاک دوکتور خەلیقی لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا دەستی پێکرد و ئیتر هەتا ئیستا ئەم پێوەندیەمان بە هەموو ئاڵۆزیەکانی خۆیەوە بەردەوامە. وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا تێکلاوی دێرینە و دۆستایەتی بنەماڵەیی ئێمە دەگەڕیتەوە بۆ زیاتر لە 150 ساڵ و ئەو دۆستایەتی و تێکلاویەش بە بەردەوامەی لەسەر بنەمای زاننست و پەروەردە و کۆمەڵایەتی بووە.

ریژیمی تازە بەسەدڵات گەیشتوی ئیسلامی ئێران بە ڕیبەرایەتی خومەینی وەڵامی داواکاری ئاشتیانە و دیموکراسیخوازانەی گەلی کوردی بە چەک و سەرکوت و هێزی سەربازی دایەوە و شەڕ کەوتە شارەکان و شاری سنە یەکێک لەو شارانە بوو کە ببوە سەنگەری دیفاع لە ئازادی. ئێمەش لە ناوچەی کامیاران بەرەنگاری هێزە داگیرکەرەکانی ریژیم بوینەوە و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی سنەدا لە پێوەندی بەردەوامدا بووین. بە هۆی ئەوە کە کاک دوکتور کەسایەتییێکی سەربەخۆی شاری سنە بوو و ئێمە لە ناوچەی کامیاراندا بووین دەرفەتی چاوپێکەوتنمان زۆر نەبوو. لەو کاتەدا کە شاری سنە لە لایەن هێزەکانی ریژیمی ئێرانەوە داگیر کرا و پێشمەرگە رویان لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەری شار کرد، کاک دوکتور خەلیقی وەک کەسایەتی سەربەخۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانا تێکۆشانی خۆی درێژە پیدا. لەو ماوەیەدا کاک دوکتور بە رۆحێکی بەرزی بەرپرسیارانە ئەجولایەوە و فیز و تەکەبوری نەبوو و لەگەڵ خەڵکی گوندەکانا بە زمانی خۆیان ئەدوا و لەگەڵ منداڵا منداڵ، لەگەڵ گەروەدا گەورە، لەگەڵ زانادا زانا و لەهەموو بوارەکانا خاوەن تیگەیشتن و هەلۆیست و هەڵسوکەوتی بەرچاو و جوان و مروڤانە و زانستیانە بوو.

لەوکاتەدا کە شەڕی بەرەنگاری لە شاری سنەدا بەڕیوە ئەچو کاک دوکتور خەلیقی و و بەڕێز کاک بێهروز کوردئەحمەدی و چەند پێشمەرگەیێکی تر گوند بە گوند

ئەگەڕان و یارمەتییان بۆ بەرەکانی شەڕ و پێشمەرگە کۆ ئەکردەوە و ئەوەش یەکێک لە نیشانەکانی رۆحیەی شۆڕشگێرانەی کاک دوکتور بوو.
شوێنی کار و سیمینار و رۆشنگەری کاک دوکتور لە شارەوە گواسترایەوە بۆ گوندەکانی ناوچەی سنە و کامیاران و بەم جورە گوند بە گوند ئەگەڕا و قسەی بۆ خەڵک ئەکرد و روونی ئەکردنەوە لە ماف و ئازادیەکانیان و هەورەها سیاسەتە داگیرکارانە و نامرۆڤانەکانی رژیمی بۆ باس ئەکردن. جێگەی ئاماژەیە کە کاک دوکتور خەلیقی لە دروست کردنی فەرهەنگی پێکەوە ژیانا رۆلێکی بەرچاوی هەبوو و بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دا بوو، لەو سەردەمەدا نێزیک بە تەواوی حیزبەکان و بەتایبەت حیزبە چەپەکان بە شێوەیەکی زۆر دوور لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە لەگەڵ مەلاکان و بنەماڵە ناودارەکان و هەروەها کەسایەتیە خاوەن ریزەکانا ئەجوڵانەوە و ئەوەش کاریگەری زۆر خراپی بە دوای خۆیدا ئەهێنا و خەڵک لە شورش دوور ئەکەوتنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە کاک دوکتور هەوڵی ئەدا زۆر شارەزایانە و بە تەجروبەیەک کە لە کولتور و هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیبوو لەگەڵ مەلاکان و بنەماڵە و کەسایەتیە ئاینیەکاندا پێوەندی باشی دروست ئەکرد و ئەکەوتە باس و خواس کردن لەگەڵیانا و بە زمانی زانست و ئاینەوە داوای لێدەکردن کە خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکیان بکەن و کۆمەڵگا بەرەو ئازاد بوون بەرن و تێیدەگەیاندن کە ئەرکی خزمەت کردن بە نەتەوە و نیشتمان لەسەر شانی هەموومانە و ئەوەش کە خۆی لە زانکۆوە هاتبوو و هەروەها لە بنەماڵەیەی دیاری ئاینی بو کاریگەری بەرچاوی دەکردە سەر ئەو لایەنانە و ئەو هەڵویست و چاوپێکەوتن و قسە و باسانەی کاک دوکتور رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی زۆی  باش و بە کەڵکی بە دوای خۆیدا هێنا. بۆ نموونە کەسایەتی ئایینی  ئەو ناوچە شێخ حەبیبەڵای تاو و سەی هادی دۆڵاوی و چەند کەسایەتی دیکەی ئایینی تری ئەو ناوچەی بەرەو لای بەرەی شۆڕش و حیزبی دیموکراتی کوردستانی کێشا.

هەر لەو ماوەیەدا کاک دوکتور هەوڵی ئەدا کە کێشە کۆمەلایەتیە چەقبەستوەکان چارەسەر بکات و لەوبارەوە یارمەتی زۆر کەسی دا و گەلێک کێشەی وای چارەسەر کرد کە بە کەسمان چارەسەر نەدەکران، بەڵام کاک دوکتور هەم شارەزا بوو لە زانست و هەم لە ئاین و هەم لە کۆمەڵگاکەشی باش دەگەیشت بۆیە بە زمانێکی زور سادە و دڵنیاکەرەوە لەگەڵ لایەنەکاندا ئەدوا و رازی ئەکردن و ئاشتی لە گوندەکانا پێک ئەهێنا و ئەوە کارانە ئیستاش زمان بە زمان ئەگەڕین و لە ناو خەڵک دا باس ئەکرێن.

## چەند بیرەوەیەکی تایبەت لەگەڵ کاک دوکتور

ماوەیەک بوو کە دەفتەری سیاسی حیزب بانگهێشتی کاک دوکتوریان کردبوو کە پرۆژەیەک بۆ وەڵامدانەوەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خودموختاری ئیسلامی ئامادە بکات کە ئەو سەفەرەی چەند مانگی خایاند و دواجار کە کاک دوکتورم بینیەوە لە چۆمی پاڵنگان بوو کە وەفدێک بوون و پێک هاتبووبن لە کاک بابا عەلی مێهرپەروەر، نەمر کاک رەحیم بەغدادی و کاک کەماڵ بانەیێ. دوای ماوەیەک کاک دوکتور هاتە ناوچەی کامیاران و بەردەوام بوو لە گێڕانی سیمینارەکان بۆ وەشیار کردنەوەی خەڵک و لە لایەن کومیتەی کامیارانەوە من ئەرکدار کرام کە هاوڕیەتی کاک دوکتور بکەم و بەمجۆرە نێزیک بە مانگێک ئیمە بەو گوندانەدا خولاینەوە و کاک دوکتور قسەی بۆ خەڵکی گوندەکان لەسەر سیاسەتی داگیرکەران و مافی گەلی کوردی ئەکرد. قەت جارێک لە جاران ناوچاوانی تێک نەنا، یان لە پرسیارێک تورە نەبو یان ئەوەی کە سەرەڕای ماندویەتی زۆر و کاری بەرەدوام کەسێکی بێوەڵام نەدەهێشتەوە.

- لە گوندی چروسانە میوانی ماڵی حاجی سەید غەنی بوین کە دەکاتە خاڵی من. لە کاتی قسە کردنا جەنابی سەید غەنی هیندێ رەخنەی لە حیزبەکان گرت و وتی کە هەڵسوکەوتیان باش نییە و لە مزگەوتا بێڕیزی نیشان ئەدەن و هێندی بە خراپە باسی لینینی کرد. منیش لەوکاتەدا بە هەڵچونەوە وەڵامی خاڵمم دایەوە و وتم مافت نیە ئاوا قسە بەکەی، بەڵام کاک دکتور زۆر بە نەرمی و لەسەرەخۆی وەڵامی سەید غەنی دایەوە و پاشان بە منیشی وت کە نابێ ئاوا هەڵویست بگری و پێویستە لەگەڵ خەڵکا بە تەحەمول بم و وەڵامی رەخنەکان بە زمانێکی باش بدەمەوە.

- لە درێژەی جەولەکەمانا چوینە گوندێک بە ناوی زیویە، شورای گوند بانگەشە بۆ خەڵک ئەکات کە دوکتور خەلیقی هاتوە تکایە وەرن بۆ مزگەوت، خەڵکیش بە بێستنی ناوی دوکتور هەرچی نەخۆشیان هەبوو هێنابویان و لەبەر دەرگای ئەو ماڵەدا کە ئیمەی لێبوین ریزیان بەستبو، کاک دوکتور بە بینی ئەو دیمەنە زور نارەحەت بوو و نەیویست وا بەو خەڵکە نیشان بدات کە ئەوان نەزانن، بۆیە خێرا نامەیەکی نارد بۆ دوکتور ئەوڕەحمان کە ئەوکاتە تاقە دوکتوری ئێمە بو لە ناوچەکەدا و لە گوندی شایەنیدا دەنێشت کە بە ماشین نیو سەعات لێمانەوە دوور بو کە بێت بۆ ئەو گوندە و عیلاجی ئەو نەخۆشانە بکات کە بە بروای من ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی تێگەیشتن و گەورەیێ و هەست بە بەرپرسیارەتیکردنی کاک داکتور خەلیقی نیشان ئەدا.

- ماوەیەک بوو کە بە گوندەکانا ئەخولاینەوە و پێویستیمان بەوە هەبوو کە لە باری پاک و خاوێنیەوە لیباسەکانمان و خۆمان بشوین، بۆیە گەڕاینەوە گوندی کاشتەر و لە ماڵی ئێمەدا گێسکێمنان سەربڕی کە بتوانین هەم خۆمان بشوین و هەم

خواردنێکی باشیش بخۆین، لەوکاتەدا لەدەرگا درا، دیتمان کاک شاهۆ حوسەینی بەرپرسی هێزی شەریفزادەی ئەودەم و چەندین کەسی دیکەن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هاتون بۆ لای کاک دوکتور. ئەو کێشەیە کێشەی نێوان کچ و کورێک بوو کە یەکتریان خۆشدەویست و ماوەێکی زۆر بوو ڕێگریان لێدەکرا ببنە هاوژینی یەکتر. دیارە کاک دوکتور وەک هەمو جارەکانیتر خێرا چارەسەری بۆ کێشەکە دێتەوە و دوو دەڵداری بەیەک گەیاند و شایی خستە دڵیانەوە کە ئەو دوو کەسە ناویان فەرەج و ئیحتەرامی مەنبەری بوو و دواتر بوون بە دوو شوڕشگێڕی کورد و لە لایەن داگیرکەرانی ئیسلامی ئێرانەوە لە زیندانا دوای تەحەمەول کردنی ئازار و ئەشکەنجەیەکەی زور ئێعدام کران.

شتێکی خۆشی کاک دکتور لەوەدا بوو، لەو کاتەدا کە ماڵ پڕ بوو لە خەڵک و سفرە رازایەوە و خواردنەکە و گۆشتەکە بە حاڵ بەر خەڵک ئەکەوت، کاک دوکتور روی لە من کرد و وتی: ئاخر برهان خوا غەزەبت لیگرێ، سەروپێیەکت لێناوە و هەزار نەفەرت لی کۆ کردوەتەوە ئاخر ئەمە کارە.

- چوینە گوندی گڵیان کە ئەوکاتە مەقەڕی کۆمەڵەی لێبوو. بە خەڵکمان وت کۆبنەوە کە کاک دوکتور قسەیان بۆ بکات. لەو کاتەدا یەکێک لە بەرپرسانی کۆمەلە کە کاک دوکتوری باش ئەناسی و خەڵکی گوندێک و خزمی یەکتریش بوون بە ناوی کاک عارف مەولانایی هاتە بەردەم ئێمە و وتی نابێ دوکتور خەلیقی قسە بۆ خەڵکی ئەم گوندە بکات لەبەر ئەوەی دوکتور خەلیقی بەشێکە لە بورژوای و بورژوایش فەرقیان نییە چ جمهوری ئیسلامی بێت یان حیزبی دیموکرات و دکتور خەلیقیش حیزبیە بەڵام دەڵی من کەسایەتی سەربەخۆم.

ئەو هەڵۆیستە زور قورس و ناخۆش بوو، ئێمە دەمانویست بە توندی وەڵامی بدەینەوە بەڵام لە بەرانبەردا کاک دوکتور زور خۆێناسردانە و بە گەورەیەوە هەڵۆیستی گرت و هیچ خۆی تێک نەدا و روی لە خەڵک کرد و وتی، کاک عارف راست ئەکات، ئەو نوێنەری چینی کرێکارە و کەسێکی مارکسیستە، بەڵام تەحەمولی نییە گوێی لە ئێمە بگرێ بزانێ ئیمە باسی چی ئەکەین و بەر لەوەی ئێمە قسەیەکمان کردبێ ئەو بڕیاری خۆی داوە و ئەوەش نێشانەی نەبونی بڕوا بە ئازادی و دیموکراسیە. بەمجۆرە خەڵک لایەنگریان لە کاک دوکتور کرد و رایانگەیاند کە دەمانەوێ گوێ لە وتە بەنرخەکانی بگرین.

دیارە باسکردن لەسەر کەسایەتی کاک دوکتور بەم ئاسانییە کۆتایی نایەت و لایەنەکانی کەسایەتی کاک دوکتور زۆرن بەڵام لێرەدا من تەنیا چەند کورتەیەکم لێ گێرایەوە. لەو ماوەیەدا کە کاک دوکتور لە ناوچەی ئێمە بوو، کێشە و ئاڵۆزی و

تەنانەت شەڕی چەکداریش لە نێوان ئێمە و کۆمەڵەدا هاتە ئاراوە. کاک دوکتور بە بەردەوامی هەوڵی ئەدا کە ئەو ئاڵۆزی و لێکتینەگیشتنانە کەم بکاتەوە و نێوبژیوانی ئەو دوو لایەنەی ئەکرد و هانی ئەدان کە یەکتری تەحەمول بکەن و روی چەکانیان بکەنە داگیرکەران.

لە سەردانێکمان بۆ گوندی تاو و هەنێمن بۆ چارەسەری یەکێک لە کێشەکان تراکتوری هەڵگری کاک دوکتور و کاک شاپۆور فیروزی وەرگەڕا و بووە هۆکاری ئەوەی کە باڵی کاک دوکتور شکا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو باڵەشی شکا بوو و ئیمکانی دوکتور و دەرمان کەم بوو ئەو هەر لامانا ماوە و لە هەوڵەکانی خۆی دریغی نەکرد. دوو شت کە لە ناوچەی سنە و کامیاراندا جێگەی ئاماژەیە پێکهێنانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن بۆ قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، هەروەها لە ساڵی ٥٨ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو ناوچەدا یادی دووی رێبەندان لە لایەن بەرێز جەلیل گاردانی و دوکتور خەلیقی گێڕیا. ئەم یادکردنەوە کە لە شاری کامیاران بەڕێوە چوو رووداێکی مێژووی بوو لەم ناوچەدا. کاتێک بڕیار ئەدری کە کاک دوکتور بچێ بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ ئەرکی پێسپێردراوی لە بەشی رادیو و چاپەمەنی، بەو باڵە شکاوەیەوە لە هەر گوندێک کە لایانداوە هەر لە کامیارانەوە هەتا سەردەشت قسە و ئاخاوتن لەگەڵ جەماوەری ئەو ناوچانەدا ئەکات. مەبەستم ئەوەیە کە کاک دوکتور هەموو کات بە ورە و تێگەیشتو و زانا و شوڕشگێر بوو. تەحەمولی هەموو جۆرە رەخنەیەکی کردوە و لە رەخنەگرتن نەپرینگاوەتەوە، قسە لە رووە و دڵیکی پاکی هەیە و بڕوا ناکەم رقی لە کەس بێ و هەموو کات رێز بۆ مروڤەکان لە ئاستە جیاوازەکانا دادەنێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەک بەوە بدەم کە ماڵی کاک دوکتور بەڕووی هەموو کەسێکا کراوە بوو و ئێمە میوانی بەردەوامی بووین. کاک دوکتور وەک برایەکی گەورە و وەک ماموستایەکی دلسۆز و وەک هاوسەنگەرێکی بە ئەمەگ لە پەروەردە کردنی من و رەشاددا دریغی نەدەکرد و کاک دوکتور لەگەڵ رەشاددابیوون بە دوو هاوڕیی گیانی بە گیانی. دیارە کاک دوکتور خەلیقی گەلێک قوتابی وەک کاک رەشادی هەبووە و هەتا ئیستا بە شانازیەوە باسی ئەکەن.

سپاس و رێز
بورهان روحانی
2014-12-20

..............................

پەیامی لایەنەکان:

پەیامی کومیتەی زمان و پەروەردەی کۆما جڤاکێن دیموکڕاتیک ( قەندیل ):

بۆ مەراسیمی رێزلێنان لە کار و تێکۆشانی بەرێز دوکتور حوسەینی خەلیقی

سەرەتا سڵاو و رێزی خۆمان ئاراستەی کومیتەی بەرێوەبەری رێزلێنان لە بەڕێز دوکتور حوسەینی خەلیقی و بەشداربووانی مەراسیمیکە دەکەین .

بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە لە هەر بوارێکدا خزمەتی گەل و کۆمەڵگا دەکەن شایانی رێزلێنانن. بەڕێز دوکتور حوسەینی خەلیقی یەکێک لەو کەسایەتیانەیە کە بە چالاکیەکانی خۆی و ئەو خزمەتانەی، بەتایبەت لەبواری زمان و مێژووی کوردییەوە بە گەلی کوردی کردووە، مافی خۆیەتی رێزی لێبگیردرێت. ئێمە ئاگاداری ئەوین کە بەڕێز دوکتور حوسەینی خەلیقی لەسەردەمی داگیرکەری سیستەمی پاشایەتی پەهلەوی بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک کەسایەتیەکی روناکبیر و ئاکادیمیک رۆڵی بووە لە تێکۆشانی نەتەوەیی و زیندوو ڕاگرتنی زمان و ئەدەبی کوردی. هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و زەوتکردنی مافی گەلەکەمان لەلایەن کۆماریئیسلامی ئێران و هێرشکردنی رژیمی ئێرانی داگیرکەر لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان بەریز دوکتور حوسەینی خەلیقی وەک کەسایەتیەکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەشداری شۆڕشی گەلی کورد کردووە و لە بوارە جیاجیاکاندا بەردەوام بووە لە کارو تێکۆشانی گەلی کوردا. لەوکاتەشەوە کە بەڕێزیان لە هەندەراندا حەواوەتەوە، کۆڵینەداوە و ئاستەنگیەکانی ژیانی هەندەران لە تێکۆشانی نەتەوەیی راینەوەستاندووە. بە چالاکی و کۆڕوکۆبوونەوەی جۆراوجۆر بەردەوامی بەخشیوە بە ئەرکە نیشتمانیەکانی خۆی و رۆڵێکی بەرچاو و سەرەکی بووە لە ئەنستیتوی کورد دا، بەریزیان بە دەیان بەرهەمی ئەدەبی و فیکری خولقاندوە. ئەو پەرتوکانەی کە بەرهەمی پێنووسی بەڕێزیانن جێگەیەکی دیاریان لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە و جێگەی دەستخۆشییە.

لەکۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی و پێشکەشکردنی رێز و حورمەتی خۆمان بە بەڕیز دوکتور حوسەینی خەلیقی بۆ ئەو خزمەتەی بە گەلی کورد لە بووارە جۆراوجۆرەکاند بەتایبەت لەبواری زمان و پەروەردەی کوردیدا کردوویەتی. هاوکات چاوەڕوانی بەردەوامی کاروخەباتی نەتەوییمان لێ هەیە و دڵناشین جەنابیان هەرچۆن تا ئیستا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە لەمەوبەدواش،دریغی لێناکات..

هەروەها دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەین کە هەستاون بەرێکخستنی ئەم ریزلێنانە لە بەرتز دوکتور حوسەین خەلیقی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین .

KCKکۆمیتەی زمان و پەروەردەی کۆما جڤاکێن کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی گشتی حدکا ـ نوروێژ

بەڕێزان بەشدارانی ئازیزی کۆڕی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کاک دوکتور حسێن خەلیقی

کاک دوکتوری خۆشەویست

سڵاو و رێزی ئێمەتان لێ بێ

وەک هەموو لایەک دەزانن، کاک دوکتۆر خەلیقی خاوەن کەسایەتییەکی ناسروای کۆمەڵگای کوردەوارییە کە رەنگە ئەوەندە پێویست بەوە نەکات ئێمە لێرە دا هەوڵ بدەین بیناسێنین. بۆیە بە کورتی پێمان خۆشە وەک کومیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند رستەیەکدا باس لە کەسایەتی و کارو تێکۆشانی کاک دوکتور خەلیقی بکەین .

کاک دوکتور خەلیقی لە بنەماڵەیەکی ناسرواو و خاوەن پێگەی کۆمەلایەتی لە پارێزگای کوردستان پەروەردە بوە و ئەمەش کاریگەری لە سەر ژیان و تواناکانی ناوبراو داناوە. بە دەستهێنانی بڕوانامەی دوکتورا لەو سەردەمە دا ناتوانێ لەم کاریگەرییە بێ بەش بێ .

خزمەتەکانی کاک دوکتور چ وەک کۆمەڵناسێک و چ وەک مامۆستای زانکۆ تا پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ خەڵکی ناوچەکە شاراوە نییە و جێگای رێزلێگرتنە. لەو سەردەمە دا کەمتر کەسانێک هەبوون کە خاوەنی بڕوانامەی دوکتورا بن لەو ناوچەیەی کە دوکتوری خۆشەویست لێی دەژیا. ئەمەش دەتوانی گرینگییەکی تایبەتی بدات بەو خزمەتانەی کاک دوکتور لەو سەردەمە دا بە کۆمەڵگای کردوە .

بەڵام بە لای ئێمەوە ئەوەی لە هەموو ئەمانەش گرینگترە بۆ ناسینی گەورەیی کاک دوکتۆر ئەوەیە کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەم کەسایەتییە وازی لە ژیانی مامۆستاییەتی زانکۆ هێنا و بۆ رزگاری گەلەکەی چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و بوو بە پێشمەرگەی حدکا. ئەم هەڵوێستە نیشانەی ئەوپەڕی نیشتمانپەروەرییە کە جێگای ستاییشە و هەڵویستێکی ئاوا تەنیا ڕەنگە لە کاک دوکتور خەلیقی و دوکتۆرەکانی دیکەی هاوسەنگەری بوەشێتەوە .

کاک دوکتور لە کاتی خزمەتکردنی لە نێو ڕیزەکانی حدکا بۆ چەندین دەورە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان بووەو ئەرکی قورسی لە سەر شان بووە.

دوکتوری خۆشەویست پاش پەڕیوە و نیشتەجێبوونی لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی وازی لە خزمەت کردن نەهێناوەو هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک داکۆکی لە مافەکانی گەلە بندەستەکەی کردووە لە ڕیگای گرتنی کۆڕو کۆبوونەوە و سمینارەوە. پاشانیش لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دا بەردەوام

بوە لە خزمەت کردن و هەمیشە وەک کسایەتییەکی خەڵکی هەڵس و کەوتی کردوە و لە پاڵ ئەوەشدا چەندین بەرهەمەم و پەرتوکی چاپ و ڵاو کردۆتەوە.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێین کاک دوکتور خەلیقی ژیانی شەخسی خۆی بە تێکۆشان بۆ رزگارکردنی گەلەکەی گۆڕییەوە، کە ئەمەش بە هەموو کەس ناکرێت و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەوە تایبەتمەندی هەرە بەنرخی کاک دوکتور و دوکتورەکانی دیکەی نێو ڕیزەکانی حدکا.

هیوای تەندروستیت بۆ دەخوازین کاک دوکتوری خۆشەویست

کومیتەی گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، نورویژ

٢٠,١٢,٢٠١٤

........................

ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان

هاوڕێیانی کۆمیتەی ڕێزلێنان لە دکتۆڕ حوسێن خەلیقی و ئامادەبووانی خۆشەویست، کوردستانیانی خۆشەویست

سەرەتا خۆشحاڵی خۆمان بۆ بەشداریکردن لە ئەم کۆڕی ڕێزلێنانە دەردەبڕین و دەستخۆشی لە ئەندامانی کۆمیتەکە و هاوکارانیان دەکەین ، کارێکی شایستەیە و لای خۆمانەوە نرخی زۆری بۆ دادەنێین

ڕێزلێنان لە یەکێک لە ڕوناکبیر و خەباتگێرەکانی میللەتەکەمان دکتۆر حوسێنی خەلیقی ، ڕێزلێنانە لە خزمەتەکانی لە بواری فیکر و نوسین و فێرکاری و زمانەوانی و پەروەردە و پێشمەرگایەتیدا

ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نەرویژ ، بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانینە خزمەتەکانی و هیوای تەندروستی باش و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین

ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نەرویژ

20.12.2014

.................

**پیرۆزبایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ بەرێز دوکتۆر حسێن خەلیقی.**

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، پڕ بە دڵ ئەو رێزلێنانەی کە لە بەرێزتان دەنرێت پیرۆزدەکەین . کەسایەتی بەرێزتان لە بوارەکانی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن، و هەروەها نووسینی دەیان پەرتووکی کوردی، لە هەموو قوژبنێکی ئەم کوردستانە دیارو بەرچاوە، مێژووش ناتوانێت نکۆڵی لێبکات. کەسایەتی وەک بەرێزتان شایانی ئەوەیە کە لە پەرتووکە مێژوویەکان بۆ نەوەی داهاتوو ئاماژەی پێبکرێت . هەربۆیەش پارتی سەربەستیی کوردستان هەمیشە ڕێز و قەدرزانی بەرامبەر کەسایەتی بەرێزتان و هاوشێوەکانی بەرێزتان هەبووەو هەیە .

جارێکی دیکە پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆمان دەردەبرین.

بەرێزەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

نۆێنەری ڕاسپێردراو بۆ بەشداری لەو کۆرە ڕێز لێنانە کاروخ باوەجانی

......................

**بەرێز کۆمیتەی ڕێزلێنان لە دوکتۆر حسێن خەلیقی**

**سلاو و رێز.**

وەک ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، سوپاسی بانگهێشتنتان دەکەین، و هاوکات دەستخۆشانەتان ئاراستە دەکەین بۆ بەسەرکردنەوەی کەسایەتییەکی ناوداری گەلەکەمان وەک بەرێز دوکتۆر حسێنی خەلیقی. نموونەتان زۆربێت و کاری لەو جۆرەتان بەردەوام بێت .

بەرێز و پێزانینەوە

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

2014-12-20

................

www.peshmergekan.com

**پەیامی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان:**

**بۆ کاک دوکتۆری مامۆستامان**

پتر لە ۳۰ ساڵ لەمەوبەر ، ئەوکاتەی کە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەرمەی خۆیدابوو. کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان کەمترین خوێندەواری زانکۆی هەبوو. بەتایبەتی مامۆستای زانکۆ ڕەنگ بێ بە ئەندازەی پەنجەکانی دەست بوایە لە کوردستان و ئێران کە کورد و باوەڕمەند بە کوردایەتی بوون. هەبوون مامۆستایینی بە ڕەگەز کورد، بەڵام یان لە ژێر کاریگەریی بیری باوی ئەوکاتی مارکسیستی یەوە لە کورد بوونی خۆیان بە گومان بوون، یان لە ژێر کاریگەریی ئائین دا بە هەمان شێوە گومانیان لە بوونی پرسێکی گرینگی نەتەوایەتی بە ناوی پرسی کورد و بگرە بوونی کوردستان وەک بەشێکی بە زۆر لکێندراو بەو وڵاتەوە هەبوو .

لەو ڕۆژگارە دا بوو کە کوردێکی بە تەمەن گەنج لە زانکۆی تەورێزەوە بە پلەی خوێندەواری دوکتۆرا و مامۆستای زانکۆ ماڵئاوایی کردووە لە قوتابیە خوێندکارەکانی. ئەو پلەی مامۆستایەتی و شارێکی گەورەی وەک تەورێز، زانکۆی مەکۆی پەروەردە کردنی جیلی داهاتوو و بگرە ماڵ و سەروەت و سامانی خۆی جێ هێشتووە و ڕووی کردۆتەوە شاخەکانی کوردستان بۆ خەبات لە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران. ئەو کاتە کۆمەڵێک کوڕ و کچی گەنج کە دەتوانین بڵێین کەمترینیان خوێندکار، یان تەنانەت خوێندەوار بوون و کەسی وابوو بە دوکتۆر "خالقی "ناوی دەهێنا و پێیوابوو هەرچی لە شاری سنە را هات دەبێ پاش ناوی خالقی بێ. ساڵ هاتن و دەرباس بوون جا هەموو قوتابیەکان گوتیان دوکتۆر خەلیقی. ئەوساڵانێکی سەختی خەبات و لە قەندیلی سپی مەندیل بەرپرسی فێرگەی حیزبی دێمۆکڕات بوو کە زۆرترین کادر و پێشمەرگە لەوکاتی دا پەروەردە کران بۆ درێژە دانی خەبات و بەشێک لەوان ئیستا لە لووتکەی هەرە سەرووی ڕێبەریی حیزبدان.

ئەو جار دوکتۆری مامۆستای زانکۆ بە لیباسێکی کوردیی پێشمەرگانە دەبێتەوە مامۆستای حەشیمەتێک قوتابی کە زانکۆیەکیان هەڵبژارد بوو تا لەو زانکۆیە دا دەرسی ژیان و خەبات فێر بن و فێرکەن، ئەویش زانکۆی شۆڕش بوو. ئەو زانکۆیەش مامۆستایەکی هەبوو کە لە سۆربۆنەوە هاتبوو و یاریدەدەرکەشی زانکۆی تارانی بەجێ هێشتبوو.

هەموومان دڵمان خۆش بوو، شانازیمان دەکرد کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە قوتابیی سەرەتائین، بەڵام مامۆستاکانمان مامۆستای شاری چەندین میلیۆنیی وەک تاران، تەورێز و پاریس ڕا هاتبوونە خوێندگاکەمان. لە خوێندنگاکە دا هەر جارەی پۆلێک قوتابی شەهادەیان وەردەگرت و دەبوون بە گیان فیدای گەل و نیشتیمان و خوێنی سووریان دەبوو بە مورەکەبی پێنووسەکانمان و بەشێکیشیان سەنگەریان دەگرت و بەرگریان لە قوتابخانەکە دەکرد.

ئەو مامۆستایە بەرەبەرە بۆ هەموومان بوو بە هاوڕێ، ڕێنوێن، ڕێبەر و جێی هیوا و هومێد، دەمانتوانی بەڕاحەتی سوفرەی دڵمان لە خزمەتی دا بکەینەوە، نەسیحەتی لێ وەربگرین ، لێی فێر بین.

ئەو گەورە مامۆستایەی کە باسی دەکەین هاوڕێ و مامۆستای خۆشەویستمان کاک دوکتۆر حوسێن خەلیقی یە و ئەمڕۆ ڕێز لە ژیان و خەباتی دەگرین.

هەر ئەوندەمان هەیە ڕوو بکەینە مامۆستای خۆشەویستمان کاک دوکتۆر بڵێین: شانازیت پێوەدەکەین، ڕەمزی زانست و نیشتیمان پەروەریت ، یادگاری ڕێبەرانی لەدەستچوومانی.

ئێمە وەک بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان لە هەمبەر گەورەیی تۆ دا سەرمان دادەنوێنین مامۆستای هێژا

بەرپیوەبەرانی ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ١٩ی دیسامبری ٢٠١٤

**یەکیەتی بنەماڵە کوردەکان**

**بەشدارانی بەڕێزی کۆڕی ڕێزگرتن لە هێژا کاک دوکتور حوسەین خەلیقی سڵاو و ڕێز !**

وێڕای بەخێرهاتنی هەموو بەشداران، دەستخۆشی دەکەم لەو بەڕێزانەی کە ئەم کۆڕەیان بۆ ڕێزگرتن لە بەڕیز کاک دوکتور خەلیقی پێکهێناوە و هیوادارم نموونەیان زۆر بێت .من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە وەک نوێنەری یەکیەتیی بنەماڵە کوردەکان ـ نورویژ لەم کۆڕەدا بەشدار دەبم و سوپاسی بانگهێشتنتان دەکەم . دوای ئەوەی ئێمە لە گرتنی ئەم کۆڕە ئاگادار کراینەوە ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ هەر ئەرکێک کە بکەوێتە سەرشانمان، بەڵام بەڕێزانی ئامادەکاری کۆڕەکە ئەرکەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو و ئەرکێکی تابیەتی بۆ ئێمە نەمابوو .

دا وەک نوێنەری 1988 و 1989 کاک دوکتور خەلیقی دوای ڕاگرتنی شەڕی ئێران و عێراق دووجار لە ساڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی ئوردووگای ڕومادی کرد .بەڕێزیان لە ماوەی مانەوەیدا لە ڕێگەی دەیان کۆبوونەوەی گشتی و تایبەتی و بە تیشک خستنە سەر زۆر پرس و گیروگرفتی کورد زۆر خزمەتی گەورەی بە ئێمە کوردانی ڕۆژهەڵات ئاوارە لە کەمپی ئەلتاش کرد .من کۆپی دەیان شریتی دەنگیی کۆبوونەوەکانی ئەوکاتی کاک دوکتورم لایە کە کردوونم بە فایلی دەنگی و دەمەوێ لەسەر ئیزنی خۆی بیانخەمە سەر تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بۆ ئەوەی کەڵکی زیاتری لێ وەرگیرێت .کاک دوکتور لە ڕێگەی ، کۆبوونەوەکانیەوە جیا لە مەرج و چۆنیەتی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئێران و شیکردنەوەی سیاسەتی حیزب لەسەر زۆربەی بوارە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و ئابوورییەکان قسەی بۆ خەڵک کرد و هەوڵی پتەوکردنی یەکریزی خەڵکی دا .ئەو پەیوەندییانەی ئەو کات دواتر لە دەرەوەی وڵاتیش بەردەوام بوو و کاک دوکتور ئێستەش بەردەوام لە وڵاتانی ئورووپی و کانادا سەردانی ئەو خەڵکە دەکا کە لە ئوردووگای ڕومادی پەیوەندی لەگەڵیان دامەزراند .

، کاک دوکتور خەلیقی جیا لە خزمەتەکانی لەڕێگەی نووسین و گرتنی کۆڕ و سمینار، وەک مرۆڤێکی زۆر زانا لەڕێگەی بەسەرکردنەوەی ئەو بنەمالانەوە بەردەوام ، لێزان و بەتوانا و لە

هەمان کاتدا زۆر خەڵکی و سادە بووە لە ڕێنوێنی کردن و گەیاندنی زانیاری و تەنانەت چارەسەر کردنی بڕێک گیروگرفتی بنەماڵەکان کە زیاتر تایبەتی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەن .لەلایەنەکەی ترەوە بنەماڵەکان ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتیان بۆ کاک دوکتور بووە و بەباشی قەدری زانیاری و ڕێنوێنییەکانیان زانیوە .من پێم وایە پەیوەندی کاک دوکتور و ئەم بنەماڵانە نموونەی پەیوەندییەکی زۆر باش و بەرهەمدار بووە و هیوادارم ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی زانا و پسپۆڕی گەلەکەمان بتوانن لەم تایبەتمەدییە جوانەی کاک دوکتور فێر بن و لەناو دڵی خەڵکدا جێگەی خۆیان بکەنەوە .

سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێز کاک دوکتور خەلیقی و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و وشیارییەوە خزمەتی گەلی خۆیان بکەن .زۆر سوپاس بۆ کومیتەی ئامادەکاری ئەم کۆڕی ڕێزلێنانە و سوپاس بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەتان دا. لەبەر ئەو پەیوەندییە تایبەتی و پڕبەرهەمەی کاک ەوە لە کەمپی ئەلتاش لە 1988 دوکتور خەلیقی لەگەڵ ئەندامانی یەکیەتیی بنەماڵەکاندا لە ساڵی ڕومادی دەستی پێکردووە و ئێستەش بەردەوامە، زۆربەی ئێمە خۆمان بە قەرزداری کاک دوکتور دەزانین . جێگەی خۆیەتی لێرەدا بەنیشانەی وەفا و بۆ ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشان و خزمەتە گرنگەکانی کاک دوکتور دیارییەکی بچووکی پێشکەش بکەین و هیوای تەمەندرێژی و لەشساقی بۆ بە ئاوات بخوازین.

بە سوپاسەوە،

فەرامەرز ئەڵماسی بە نوێنەرایەتی یەکیەتی بنەماڵە کوردەکان، نۆروێژ

............................

**پەیامی بەشی کۆتایی کۆڕی ڕێزلێنانی دوکتور حسەێن خەلیقی**

**هوشەنگ یونسی**

•ئامادەبووانی هێژا جارێکتر لە لاێن خۆم و کومیتەێ ڕێزلێنانی دوکتور حسەێن خەلیقی سپاس و بەخێرهاتنتان ئەکەم.

•ڕێزلێگرتن لە کەسایەتیەکانی کۆمەڵگا یەکێک لە نیشانەکانی هەرە گرنگی شەهرستانیەتی نەتەوەکانە

•بیرۆکەێ درستبوونی کومیتەێک بە هەمان مەبەست بۆ ئەم کۆڕە سەرەتا لە لەسەر پێشنیار یەکێک لە ئەندامانی ئەم کومیتەیە بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیەکانی کورد بە شێوەێکی نوێ و شایستە خرایە بەردەست کە دوایی بە دەعوەت و ڕووهاورنی ئەندامەکانیتری بۆ بەشداری لەم

کاره دوایی ڕای و تەوافوق بڕیاری پێویستی بۆ درا. ڕێزگرتن لە کەسایەتی عیلمی و سیاسی و ئەدەبی گەلی کورد و هەر نەتەوەیکیتر ئەتوانێت نیشانەی شەهرستانیەتی ئەو نەتەوە بێت.

•دوو خاڵی بەرچاو لە بیرۆکە و کاری ئەم کومیتەیە بریتیە لە ، یەکم ، گۆواستنەوەی ئەو پەیامە بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان کە بۆ ڕێز گرتن لە سەروەت و سامانی عیلمی و ئەدەبی خۆمان ، باشتر وایە کە لە حاڵی حەیاتی ئەو کەسایەتیانە ڕێز و حورمەت لە خزمەت و ماندووبوونیان بگیردرێت ... و دووهەم بە کلتورکردنی ئەم بیرۆکەیە کە کورد وەکوو هەر نەتەوێکی خاون شەهرستانیەت پێویستە شایستەتر و زۆرتر ئەرزش و بەها بە کەسایەتیەکانی نەتەوەکەی بدات.

•زانایان و کەسایەتی کورد ئەیانتوانی بە جێگای دەیان ساڵ خزمەت و خەبات و تێکۆشان ، ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران هەڵبژێرن ، بەڵام پشتکردن لە دەرفەتەکانی پارە و پوست و ڕووهاوردن لە خەبات و تێکۆشان بۆ خزمەت لە بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لە بەهێزترین خاڵەکانی بەهادان بەو کەسایەتیانێە کە ئەم کومیتەیە ئەیەوێت لە ڕێگای ئەم کۆڕە باشتر بە گەلەکەی خۆی بیانناسێنێت و بە شێوەیکی دروست و شایستەتر ڕێزیان لێ بگرێت.

•هەروها حزوور و بەشداری میوانان و کەسایەتی بەرجستەی ئەمڕۆ خاڵێکیتری بەهێزی ئەم کۆڕەیە بۆ مەشرووعیەت بە شێوەی نوێ ڕێزلێنان لە کەسایەتیەکانی کورد.

•ئەگەر چی ڕێزگرتن لە کەسایەتی بەرزی کورد وەکوو جناب دوکتوور حسەێن خەلیقی ئەێتوانی حزووری چەند هزارکەس لە خۆی بگرێت بەڵام بە داخەوە ئەم کومیتەیە بە پێی ئیمکاناتی خۆی دەرەتانی زیاتر لەوەی نەبوو.

•لێرە جارێکیتر لە لاێن کومیتەی ئەم کۆڕە لە جنابی دوکتور حسەێن خەلیقی بە هۆی دەیان ساڵ کار و چالاکی و خەباتی بێوچانی عیلمی و ئەدەبی و سیاسی و هەروەها دەیان بەرهەمی بەرێزیان کە پێشکەش بە گەلی کورد کراوە ، پەیامی ڕێز و حورمەت و پێزانینی خۆمان و گەلەکەمان بە بەڕێزیان ڕادەگەێنین و هیوا و ئاوەتەخوازی سەرکەوتن و سڵامەتی و تەمەن درێژیمان بۆیان هەس

•... ئامادەبووانی بەڕێز لە لاێن خۆم و کومیتەی ئەم کۆڕە جارێکیتر بە خێرهاتن و سپاسی ئامادەبوونتان ئەکەم و کات و ساتێکی خۆش و ئارام بۆ هەموو ئامادەبووانی هێژا بە ئاوات ئەخوازم

کومیتەی بەڕێوبەری کۆڕی ڕێزلێنانی دوکتور حوسێن خەلیقی

ئۆسلۆ 2014-12-20

.......................................

بەشێک لە وێنەکان





یادی دوکتۆر خەلیقی 2014/12/20 ، پێشمەرگەکان


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە




د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە




د. حوسێن خەلیقی
خۆری رۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پزشکداری




د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە






د. حوسێن خەلیقی
خۆری رۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە




د. حوسێن خەلیقی
خۆری رۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری


د. حوسێن خەلیقی
خۆری رۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی کوردیە







دوکتۆر خەلیقی و خوشکە شانازی هاوژیانی، لە یادی دوکتۆر خەلیقی دا 2014/12/20 ، پێشمەرگەکان



















یادی دوکتۆر خەلیقی 2014/12/20 ، پێشمەرگەکان


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری
کتێبخانەی


د. حوسێن خەلیقی
خۆری ڕۆشنبیری و
ئەستێرەیەکی پرشنگداری

**حوسەین خەلیقی:**

**سوپاسنامە**

هەر وەک هەمو لایەک ئاگادارن ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠ی دیسامبێری مانگی ڕابردوو کۆمەڵێک دۆستی بە ئەمەگی دانیشتووی وڵاتی نوروێژ ـ کە بە پێویستی نازانم ناویان بێنم ئێوارە کۆڕێکی ڕێزگرتنیان بۆ من پێک هێنا و بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی بەرچاو دۆستی کۆن و نوێ، هاوڕێی سەردەمی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسی، هاوشاری و نوێنەری بەشێک لە حیزبەکان بۆ بەشداری لە کۆڕەکە دەعوەت کرابوون. بەشێک لەو ئازیزانە لە وڵاتی سویدەوە هاتبون و ڕێگایەکی دوریان بڕی بوو. زۆر کەس قسەیان کرد و ڕوانینی خۆیان لە سەر من دەربڕی. هەروەها زۆر دۆست و ئازیزی دیکە بە ناردنی پەیام و بیرەوەی بە نرخ، جگە لە دەربڕینی هەستی دۆستانەیان نیسبەت بە من، ئاماژەیان بە زۆر لایەنی مێژوویی سەرنج ڕاکێش کرد کە دەکرێ وەک وانەی کوردی بیانخوێنینەوە و لێیان فێر ببین تا لە بیر نەکەین گەلەکەمان چ مێژوویەکی پڕ ئازاری تێپەڕاندوە. لە پەیامی ئەو دۆستانەدا ئاوڕ لە کۆمەڵێک ڕووداوی سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران درابوەوە کە من خۆم شاهیدیان بوم و یا خۆم ڕۆڵم گێڕاوە، کە ئەویش وانەیەکی دیکەی تیا بوو کە کردەوەی چاک یا خراپی هیچ کەس لە بەر چاوی کۆمەڵگا ون نابێت.

دڵنیام کە لوتفی دۆستانی بە ئەمەگم بۆ ڕێخستنی ئەو کۆڕە شایستە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە من خزمەتم بە نەتەوەکەم کردوە و لە پێناو نەتەوەکەم بەردێکم خستوەتە سەر بەردێک، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە خزمەت بە گەل و نەتەوە ئەرک بە حساب دێت و پێویستی بە دەستخۆشی نیە. لە هەمان کاتدا ئەودیوی ڕوانینی ئەو دۆستانە ئەوە ئەگەیەنێ کە لە بازنەی میللەتدا قەرار گرتن بەرزتر لە هەر پلەو پایەیەکی حیزبی و حکومەتییە. بەو پێیە زەحمەتی ئەو دۆستانە ئەو وزەی بە من بەخشیەوە کە لە خزمەت بە نەتەوەکەم غافڵ نەبم و جیددی تر بم .

وەک کۆتایی لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەمو ئەو دۆستانە ئەکەم کە منیان بە شیاوی ڕێزلێنان زانی. هەروەها دۆستانی دیکەش کە بە شێوازی جۆراوجۆر یارمەتیدەری ئەوان بوون، بە تایبەت ئەو ماڵپەڕانەی کە ماندوبوونێکی زۆریان کێشابوو تا ئەو هەمو وتار و پەیامانە بڵاو بکەنەوە.

لە گەڵ ڕێزمدا

حوسەین خەلیقی

2015/01/03

**بڵاو کردنەوەی سەرجەم بابەت و پەیامەکان لە ماڵپەڕی پێشمەرگەکان**
**www.peshmergekan.com**